# خاکەرۆیەک لە خەرمانی شاعیران

مەنسوور ساڵەیی

کەرکوک – ٢٠١٣


ناوی کتێب: خاکەرۆیەک لە خەرمانی شاعیران

بابەت: ژیاننامە شاعیران

ئامادەکردنی: مەنسوور ساڵەیی

پیتچنین: هاوتا فازڵ

زنجیرە (١٥٢) لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک

سەرپەرشتی چاپ: نەوزاد عەلی شێخانی

دەرهێنانی هونەریی: ئەنجام سەعید بابان

چاپخانە: کارۆ

تیراژ: (٥٠٠)دانە

چاپ: چاپی یەکەم

ساڵی چاپ: ٢٠١٣ – کەرکوک

## پێشەکی:

کورد یەکێکە لەو میللەتانەی کە دەستێکی باڵای هەیە لە ئەدەبداو بەرهەمی شاعیرەکانی پێگەیەکی گرنگیان لە خانەی پێشکەوتنەکانی جیهاندا داگیرکردووەو دوورونزیک جێپەنجەی دیارە بەسەر رەوتی پێشکەوتنی ئەدەب لە جیهاندا.

ئەدەب بە هەموو بەشەکانییەوە لە کوردستاندا گەلێك کەڵەشاعیرو نووسەری پێگەیاندووەو بوونەتە هێمایەکی گرنگ لە مۆرکی نەتەوایەتی میللەتەکەمانو تواناکانی سوارچاکییان لە بواری رەونبێژیو زمانو جیناسو واتاو داتاکانی تری جوانکاری.

توانیویانە ئەو ئاستە گرنگە بەدەست بهێنن کە ببێتە جێگەی شانازی نەوەی نوێ. کۆکردنەوەی ئەدەبو هەوڵدان بۆ لێکۆڵینەوە لە شیعری لە شاعیران، بەتایبەتی شاعیرانی سەردەمی کلاسیکی، هەڵگری کۆمەڵێك بنەمایەو پێویستمان بە سەرچاوەو لێکۆڵینەوەو دەستنووسی زیاترە بۆ گەیشتن بە بابەتێکی پوختو بەپێز.



نووسینەکانی مامۆستا (مەنسوور ساڵەیی) لەمەڕ شاعیرانی کلاسیکی تنۆکێکی مرواریيە لە دەریای ئەدەبی کوردو هەنگاوێکە بۆ هەموو ئەوانەی دەیانەوێت خزمەت بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بکەن.

هیوادارم ئەم کتێبە جێگەیەك لە خانەی رۆنشبیری کوردی پڕ بکاتەوە .

سمکۆ بەهرۆز

"ئەژی"

## ئەوەی پێویستە بوترێت

ئەم کتێبۆکەیە گوڵمێکە لە جێزی خەرمانی بە پیتو بەرەکەتی شیعری کوردی، ئەیخەمە بەردیدی ئەدەب دۆستانو رۆشنبیرانو بە ئومێدم سوودێك -هەرچەند کەمیش بێت- ببەخشێتو لە کەموکووڕیش -کە بێگومان خاڵی نییە- ببوورن. هەرئەمەندەم بۆ لوا، هەڵبەتە هەرکەس چی هەبێ لەوە ئەبەخشێت، هەریەکەو بەپێی توانای، دیارە دیاریی پەڕەسێلکەش هەر لاقە کولەیەکە.

لە مێژووی لە دایکبوونی زۆربەی شاعیرەکان، تەنانەت لە مردنیشیاندا جیاوازی هەیە لەو سەرچاوانەی کە لای منن‌و لێم وەرگرتوون. جا ئەگەر هەر هەڵەیەك هەبێت ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوەیەی کە لێییم وەرگرتووە. لە سەرچاوەکان ئەگەر چەند رایەك هەبووبێت، یەکێکم لێیان هەڵبژاردووەو کە ئاماژەم بە جیاوازییەکانی نەکردووە، ئەوە لەبەرئەوەیە کە ئەم کتێبە بابەتی لێکۆڵینەوە نییە.

هەرگیز مێژوویەکم نەنووسیوە بەبێ سەرچاوەیەك، بەڵام بوونی هەڵە لەبەراوردکردنی ساڵنامەکان -زایینی‌و کۆچی- ئەوە ئۆباڵەکەی بەگەردنی خۆمە کە بە ئەمانەتەوە لە (التقويمان الهجری والميلادی من سنه ٦٢٢ ميلاديه الى سنه ٢٠٠٠ ميلاديه. (١) هجريه الى سنه ١٤٢٧ هجريه)ی نووسینی "فريمان جرنفيل" وەرمگرتووە. دڵنیاشم کە هەڵەی تێدانییە، ئەگەر هەشبێت لە پەنجەی یەك دەست تێناپەڕێت.





**ئەخۆڵ**: (١٩١١ز- ١٣٣٠ك) (١٩٨٨/٦/٢٩ز- ١٤٠٩ك).

ئەحمەدی کوڕی دەروێشی کوڕی عەبدوڵلایە.

ڕۆشنبیرو رۆژنامەنووس‌و ئەدیب‌و شاعیرە.

سەرەتای خوێندنی لە حوجرەی مزگەوت بووە لە سلێمانی دوایی لە قوتابخانەی (نموونەی سەعادەت) پۆلی یەکی تەواوکردووەو لە قوتابخانەی (قادری) تا پۆلی سێی خوێندووە. کە ئەو قوتابخانەیە داخرا بەهۆی بۆمبارانی سلێمانییەوە ماوەیەك لە خوێندن دابڕاوە. کە قوتابخانەکە جارێکیتر کراوەتەوە تا پۆلی پێنجەمی تێدا خوێندووە. لەوە بە دواوە بۆ یەکجارەکی وازی لە خوێندن هێناوەو کەوتووەتە ناو جیهانی ئیشکردنەوە. سەرەتا لە چاپخانەی شارەوانی سلێمانی دامەزراوە، کە

ئەو کاتە رۆژنامەی (ژین) دواییش رۆژنامەی (ژیانی) ی دەرئەکرد. کە لە ساڵی (١٩٣٤) چاپخانەکە داخرا، کراوە بە کاتب لە دادگا هەر لە سلێمانی. لە ساڵی (١٩٧٠) خانەنشین کراوە. هەر لە هەمان ساڵدا دیوانی (پەیمانو شیوەن)ی بڵاوکردوەتەوە.

ئەخۆڵ بە حوکمی کارکردنی لە چاپخانەکە سوودی زۆری لەو هۆنراوەو نووسراوانە وەرگرتووە کە بۆ چاپخانەکە ئەنێردران. هاوکات پەیوەندی لەگەڵ بنەماڵەی شێخانی بیارەو مامۆستا محمد عەلی (مەدهۆش)و کامەران موکری کە برایەتی و مەلا سەعدی کە خاڵی خۆیەتی هاندەر بووە بۆی بۆ چوونە ناو دەریای ئەدەبو شیعرەوە، ئەمە جگە لە هەڵسوکەوتی بەتینی لەگەڵ زۆرێك لە رۆشنبیرو ئەدیبو شاعیری تر لەوانە نووری شێخ ساڵح، گۆران، برایم ئەحمەد، بێکەس، شێخ سەلام، رەمزی قەزاز هتد ..



بەشداری کردووە لە رۆژنامەی ژینو ژیانو گۆڤاری گەلاوێژو ڕۆژی نوێ.

لە سلێمانی لە دایکبووەو هەر لەوێش مردووە.

نموونەیەك لە شیعرەکانی:

## پەیمان و شیوەن

شەرتە تا ڕۆژی حەشر خولیایی من بێ چاوی یار
وێڵی صەحرابم هەمیشە تەرك ئەکەم خوێشو دیار
شەرتە یا خوێنم بە گریان ئەڕژێنمە صەفحەی عەدەم
یا بە شمشێری رەقیبانا ئەبێ بتکێتە خوار
شەرتە وەك مەجنوونی بێکەس دەشتو کێو بێ مەسکەنم
تا بە داخی لەیلەوە دەمنێنە قەبری تەنگو تار
شەرتە وەك فەرهاد قوڵنگی یادی شیرین هەڵگرم
تا لە پای کێوی فیراقا جێ دەهێلم یادگار
شەرتە وەك یەعقوب لە دووری یوسفی گوم گەشتەکەم
سینە پڕ غەم، دیدە پڕ نەم، تا ئەبەد نەگرم قەرار
شەرتە وەك ئازیز مردە سەر لە ئەژنۆ بەرنەدەم
بۆ دڵەی وێڵو غەریبم دائیما بگریم بەزار
شەرتە وەك بولبول بە شیوەن قەت لقو چڵ بەر نەدەم
تا دەمی خونچەی ئەمەل ئەکرێتەوە صوبحی بەهار

شەرتە وەك دێوانە كەشكۆڵو عەصایەك هەڵگرم
بیخەمە لاوە بە جارێ عیززەتی نەفسو ویقار
شەرتە بمبێ تاجی (خەسرەو) گەنجی (قارون) تەختی (كەی)
هەر لە دەرگایی ئەوا بمرم كەساسو خاكسار
شەرتە رەنگێن كەم لە داخی تۆ بە ئەشكی دیدەكەم
عەردو بەردو شاخو داخو لالەزارو جوێبار
شەرتە یا حەسرەت لەگەڵ خۆما ئەنێمە قەبرەوە
یا ئەبێ بمژم لە خونچەی نەو شكۆفەی لێوی یار





ا- ب **هەوری**: (١٩١٥ز- ١٣٣٤ك) (١٩٧٩/٤/٨ز- ١٣٩٩ك).
ئەبوبەكری شێخ جەلالی كوڕی شێخ تەهای كوڕی شێخ سەلامی
كوڕی شێخ فازڵی كوڕی شێخ نیزامەدینە.
مامۆستاو ئەدیبو چیرۆكنووسو شاعیرە..

قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووەو خانەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواو کردووە. مامۆستا بووە لە هەڵەبجەو پێنجوێن، لە دواییشدا لە سلێمانی تا خانەنشین کراوە.

لەسەر هەڵوێستی نیشتیمان پەروەری چەند جار زیندانی کراوە. دیوانێکی شیعری هەیە بە سێ بەرگ.

جگە لە دیوانە شیعریەکەی چەند بەرهەمێکی تری بڵاوکردووەتەوە کە ئەمانە هەندێکیانن.

١- دڵداری و پەیمان (شانۆگەرییە)

٢- ئازارو ئاوات (شیعرە)

٣- سەلاحەدین و فێڵی بەنگ کێشەکان، نووسینی جورجی زێدان (گۆڕین لە عەرەبییەوە بۆ کوردی).

٤- بیری ئازادی (شانۆگەرییە)

٥- بەرهەمی خەبات (شیعرە)

٦- بووکی ژێر دەواری ڕەش (چیرۆکە).

٧- صلاح الدين اسد القارتين (بە زمانی عەرەبییە).

٨- دەستووری نووسینی زمانی کوردی بە پیتی عەرەبی.

٩- مەولەوی شای شاعیرانی لاهووت و زاناو خۆشەویستی کورد.

١٠- شیعری کۆن و نوێ (بەراوردە).

١١- منیش هەژار بووم (چیرۆکە)

١٢- قارەمانی ئافرەتێکی کوردو چەندین بەرهەمی تر. وە چەندەها نووسراوی بڵاوکردووەتەوە لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکان.



ا – ب هەوری لە گوندی (سیتەك) ی ناوچەی شاربازێڕ لە دایکبووەو لە سلێمانی مردووە.

نموونەیەك لە شیعرەکانی:

### نووسەرێك

نووسەرێ نووسینی داو بۆ هەژار بێ
دەسخەڕۆکەری لادێ و شار بێ
بۆ دەستی دوژمن کوتەك و داربێ
دەك ئەو نووسەرە لای بە دەوار بێ
سوودی بەرهەمی بۆی ژەهری مار بێ
نووسەر نووسینی بۆ خۆ لەوەڕ بێ
هەموو ژیانی شەیتانی کەڕ بێ
شایی لەگەڵ گورگ شین لە تەك مەڕبێ
دەك ئەو سەرە لای بە دەوار بێ
سوودی بەرهەمی بۆی ژەهری مار بێ
نووسەرێك لەگەڵ هەژار نە ناڵێ
بە نووسین چقڵی ژێر پێی نەماڵێ
خڕکی ڕێی ژینی نەکاتە چاڵێ
دەك ئەو نووسەرە لای بە دەوار بێ
سوودی بەرهەمی بۆی ژەهری مار بێ
نووسەرێك وەك شێر بەرەو ڕووی ناحەق

تووڕه نه‌وه‌ستێ و چاوی نه‌کا زه‌ق
هه‌ر بۆ وه‌رگرتن سه‌ر کز بێ و گوێ له‌ق
ده‌ك ئه‌و نووسه‌ره لای به ده‌وار بێ
سوودی به‌رهه‌می بۆی ژه‌هری مار بێ
نووسینێك زۆر دار شه‌و نه‌کات له خه‌و
به بازاڕی حه‌ق قه‌ت نه‌دا بره‌و
هه‌ر کۆن و نوێی بێ نه‌به‌م بێ و نه‌به‌و
ده‌ك ئه‌و نووسه‌ره لای به ده‌وار بێ
سوودی به‌رهه‌می بۆی ژه‌هری مار بێ
نووسینێ که سوود نه‌به‌خشێ به گه‌ل
ڕێنوێن نه‌بێت وه‌ك ترووکه‌ی که‌ل
ناکۆکی ده‌ربێ، کۆمه‌ڵ کاپه‌ل په‌ل
ده‌ك ئه‌و نووسه‌ره لای به ده‌وار بێ
سوودی به‌رهه‌می بۆی ژه‌هری مار بێ
گه‌رمی نووسینێك وه‌کو کڵپه‌ی کڵ
سوور نه‌کاته‌وه جه‌رگ و سی و سپڵ
جۆششێك نه‌دات به مێشك و به دڵ
ده‌ك ئه‌و نووسه‌ره لای به ده‌وار بێ
سوودی به‌رهه‌می بۆی ژه‌هری مار بێ..





**ئه‌حمه‌دی خانی**: (١٦٥٠ز- ١٠٦٠ك) (١٧٠٦ز- ١١١٨ك).
ئه‌حمه‌دی کوڕی ئیلیاسه، له عه‌شیره‌تی (خانیان) ی وڵاتی بایه‌زیدو بۆتانه. ڕۆشنبیرو مێژووناس و ئه‌دیب و شاعیرو نیشتیمان په‌روه‌ر بووه.

خوێندنی ئایینی و عیلمی لە حوجرەی مزگەوت تەواو کردووەو، بۆ خوێندن و وەدەستهێنانی زانیاری ئەم شوێنانە گەڕاوە: (بایەزید)، (ئۆرفە)، (ئەخلات)، (بەتلیس)و چەند شوێنی تریش، دوای وەرگرتنی ئیجازەی عیلمی گەڕاوەتەوە بۆ بایەزیدی زێدی خۆی و دەستی کردووە بە دەرس وتنەوە بە فەقێیان.

شیعرەکانی (شیخ ئەحمەدی جزیری)، (مەلا باتی) ،(عەلی حەریری)، بە تایبەتی جزیری کاریان کردووەتە سەر شاعیرییەتی.

جەورو ستەمی رۆمو عەجەمیش ئیلهامی شیعرە نیشتیمانی و کۆمەڵایەتیەکانیان پێ بەخشیوە، وەکو خۆی لە شیعرەکانیدا ئەمەی بە ئاشکرا دەربڕیوە کە رۆمو عەجەمی بەهەرە دوژمنی سەرسەختی کورد ناوزەد کردووە.

خانی یەکەمین کەسە لەو دەورەو زەمانەدا شیعری نیشتیمانی هۆنیوەتەوە. حاجی قادری کۆیی و ئەسیری بە قوتابی ئەو دەژمێردرێن لەم بارەوە.

دانەری داستانی (مەمو زین)ە، کە چیرۆکێکی مێژوویی و نیشتیمانی و کۆمەڵایەتییەو سەرچاوەیەکی رەسەنە بۆ مێژوو نووسان و لێکۆڵەرەوان لە بارەی نەتەوەی کوردەوە لە زۆر بواردا خانی چیرۆکی (مەموزین)ی لە ساڵی (١٥٩١)ی ز نووسیوە جگە لەوە (نەو بەهار) کە فەرهەنگێکی کوردی – عەرەبییەو (عقیدە الایمان) کە شیعرە لە دانانی ئەون.



زۆر لە مێژوو نووسە خۆ ولاتی و بیانی سوودیان لێ وەرگرتووەو وەرئەگرن لە نوسینەکانداو، زۆریش لێکۆڵینەوە لەسەری کراوەو، لەسەر ئاستی جیهانیش گرنگییەکی یەکجار زۆری پێدراوە بە تایبەتی لە لایەن کوردناس و رۆژهەڵاتناسانی بیانییەوەو چەندین جار چاپکراوەو، لە کوردستان و لە دەرەوەش بۆ سەر زۆر زمانیش گۆڕدراوە.

لە شاری بایەزیدی باکووری کوردستان لە دایکبووەو لەوێش مردووە.

## نموونەیەك لە شیعرەکانی

ساقی توژ بۆ خودێ کەرەمکە:یەك جورعەی مەی دجام جەمکە
داجام بەمەی جیهان نمابت :هەرچەند ئیرادە بەخوو یابت
قەت مومکینە ئەڤ ژ چەرخ لەولەب :تالع ببتن ژ بۆ مەکەوکەب
بەختی مە ژ بۆ مەڕا ببت یار :جارەك ببتن ژ خواب هوشیار
ڕابت ژ مە ژی جیهان پەناهەك :پەیدابیتن مەپادشاهەك
گەردی هەبوامە سەرفرازەك:ساحیب کەرەمەك سوخەن نەوازەك
نەقدی مەدە بوو بەسکە مەسکوك :نەدماوە هەبی ڕەواج و مەشکووك
گەردی هەبوامە پادشاهەك :لایق بدیا خودێ کولاهەك
غالب نەدبوو لەسەرمە ئەڤ ڕووم:نەدبوو نەخرابەی د دەست بووم
ئەما ژ ئەزەل خودێ و ساکر :ئەڤ ڕووم عەجەم لەسەر مەڕاگر

نامووسه له حاکم و ئەمیران :تاوان چیه شاعیرو فەقیران

ئەز مامە دەحیکمەتی خودیدا :کرمانج د دەولەتا دنیدا

ئایا بەچ وەجه بوو نەمەحرووم :بیاجوملە ژ بۆ چ بوو نەمەحکووم

ئەم ڕووم و عەجەم بۆ وان حەسارن :کرمانج هەمی لچار کەنارن

هەردوو تەرەفا قەبیلی کرمانج :بۆ تیرو قەزا کرینە ئامانج

گوویاکو لسەر حەدان کلیدن :هەرتائیفە سەد دیکن سەدیدن

ئـەڤ قـولزوم ڕووم و بـەحر تاجیـك :هەنـدی کـۆ بکـەن فـرووج و تەحریك

کرمانج دەبن بەخوون مولەتتەخ:وان ژیك ڤەدەکەن میسال بەرزەخ

جوامێری و هیممەت و سەخاوەت :میرینی و غیرەت و جەلادەت

ئە و خەتمە ژ بوو قەبیل ئەکراد :وان دانە بەشیر هیممەت و داد

هەندیێ ژ شەجاعەتی غیوورن :ئەو چەند ژمیننەتی نفوورن

ئەڤ غیرەت و ئەڤ علوهیممەت :بۆ مانیعی حەمل بار میننەت

لۆ پێکڤە هەمیشە بیێ تفاقن :دایم بەتەمەڕود و شیقاقن

گەردی هەبوامە ئیتتیفاقەك :ڤێکڕا بکرامە ئینقییادەك

ڕووم و عەرەب و عەجەم تەمامی :هەمیان ژ مەڕا دکر غولامی

تەکمیلی دکر مەدین و دەولەت :تەحصیلی دکر مەعیلم و حیکمەت

تەمییز دبوون ژ هەڤ مەقالات :مومتاز دبوون خودان کەمالات





**ئەحمەد موختار جاف**: (١٨٩٨ز- ١٣١٦ك) (١٩٣٥/٢/٦ز- ١٣٦٢ك).

ئەحمەد موختاری کوڕی وەسمان پاشای کوڕی محەمەد پاشای کوڕی کەیخوسرەو بەگی کوڕی تاهیر بەگی جافە.

لای مامۆستای تایبەت خوێندوویەتی، سەرەتا لای شێخ محێدین دەستی بە خوێندن کردووەو فارسیشی لای سلێمان بەگی باوکی گۆران خوێندووە. ڕۆشنبیرو ئەدیبو نیشتیمان پەروەرو شاعیر بووە.

شیعرەکانی بریتین لە غەزەلو کۆمەڵایەتیو تەسەوفو هاندانی میللەت بۆ خوێندنو فێربوونو دوورکەوتنەوە لە دوا کەوتویو نەزانین. زمانی عەرەبیو فارسیو تورکیو کەمێکیش ئینگلیزی زانیوە جگە لە کوردیی زگماکی خۆی. شیعری بە کوردیو فارسیو وتووە. لە زۆربەی هەرە زۆری شاعیرەکان زیاتر وشەی (رەقیب) ی بەکارهێناوە لە شیعرەکانیدا. چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان) لە نووسینی ئەوە، سۆلی پرۆدۆمی گۆڕدراو (مەحموود جەودەتی) کردووە بە شیعر. لەساڵی (١٩١٩ بۆ ١٩٢٤) قایمقامی هەڵەبجە بووە، ماوەیەکیش نائیب بووە.

ئەحمەد موختار جاف هەر چەندە لە چینی سەرەوەی کۆمەڵ بووە – کوڕی سەرۆك عەشیرەتی جاف بووە– کە عادەت وایە ئەو کەسانە پشت لە جەماوەری رەشو رووت بنو، خولیای نیشتیمان پەروەریو بە تەنگەوە بوونی میللەت لە سەریاندا نەبێت، بەڵام ئەو بە پێچەوانەوە، لەگەڵ خواستی رەشە خەڵکە هەرژارەکەدا بووە.

ئەگەر چی شێخ مەحموودی نەمر بە دەسیسەی ناحەزان ماوەیەك بەندی کرد، بەڵام لە دواییدا دڵسۆزی بۆ دەرکەوت، ئیتر زۆر بە رێزەوە لێی ئەڕوانیو رەفتاری لە تەکدا ئەکرد. زۆرێك لە ئەدیبو شاعیران لاواندوویانەتەوە.



لە هەڵەبجە لە دایکبووەو لەدەم رووباری سیروان لەباروودۆخێکی نەزانراو کوژراوەو لە گۆڕستانی عەبا بەیلێ بە تەنیشت تاهیر بەگی جافی برایەوە نێژراوە..

### نموونەیەك لە شیعرەکانی

دێتە گوێم دەنگێ بە سۆزو شیوەنو گریانەوە
ناڵەیی دڵمە لە حەسرەتو خاکی کوردستانەوە
لانەوازو بێکەسو مەزلوومن ئێستە قەومی کورد
گا بە دەستی تورکەکانو گا بە دەست ئێرانەوە
ئیسمیو ویجدانو عەدالەت بێ موسەممایەو درۆ
بۆ سیاسەت ئەم قسە کەوتۆتە سەر لێوانەوە
راستە گەر ئیسمی عەدالەت بۆچی منداڵانی کورد
وێڵو سەرگەردان بسوورێن و بەسەر کێوانەوە
هێندە حیزە بەختی کورد بۆ کوشتنو تاڵانیان
کۆمەڵێ هاتوون بەسواریی حوشتر لە بیابانەوە
حاڵی کورد ئێستا لە بەینی تورکو ئێرانو عێراق
بێچووە تەیرە کەوتووەتە داوی منداڵانەوە
ئەم قەراری عوسبە وا خەڵقی ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ
هەر قسەی رووتەو قسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە
ئەمڕۆ با وابێ بەڵام ڕۆژێ ئەبێ ئەولادی کورد
دێنەوە مەیدان بە عیلمو سەنعەتو عیرفانەوە
نەو جوانانی وەتەن تەوحید ئەکەن ئەم میللەتە

هەر لە کرماشان هەتا ورمێو سنەو بۆکانەوە
رێکئەخەن وەزعییەتی وانو جزیرەو باشقەلا
عەقرەوو زاخۆ دەبەستن رێك بە قەد بۆتانەوە
خانەقینو مەندەلی، خاکی لوڕستان یەك بە یەك
وەك وەسا ئەدروون بە باڵای مەنتیقەی بابانەوە
لەشکرێکی مونتەزەم بۆ سەندنی حەق رێکئەخەن
جوانو رازاوە بە تۆپی لاکەلی ئەڵمانەوە
بەچکە شێرانی عەشایر بۆ قڕانی دوشمنان
هەر وەکو رۆستەم ئەکەونە هاتوچۆوو جەولانەوە
پاش فڕانی موددەعی دەس پێئەکەن تەعمیری موڵك
رێگەیی ئاسن ئەچێتە شاخی هەورامانەوە
کێوو کەژ گشتی ئەبێتە باغو جادەو قەیسەری
بۆ تەماشای دەستە دەستە دێن لە ئینگلستانەوە
لادە (ئەحمەد) تۆ لە باسی میللەتو ساپێی بڵێ
تاکو ساقی زووبدا بادە بەدەم مەستانەوە
پێی بڵێ بەو ساقییە بەو حوسنو نازو دولبەری
داغی خۆی ناوە بە جەرگی یوسفی کەنعانەوە
بێتە جیلوە تا بە یادی پاشەڕۆژی قەومی کورد
زەمزەمەو شادی بخاتە مەجلیسی رەندانەوە
ئەم دڵی زامارمە تاوێ لە غەم فاریغ ببێ
بسرەوێ یەك دەم لە ناڵەو شینو قوڕپێوانەوە





(ئەدەب ١٨٥٩-١٩١٢)ی شاعیر
لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەدین سەجادی
چاپی دووەم ١٩٧١

**ئەدەب** (**مصباح الديوان**): (١٨٥٩، ١٨٦٢ز- ١٢٧٩،١٢٧٦ك)
(١٩١٦،١٩/٥/٢٢/جماده الاخره ١٣٣٤ك)
عەبدوڵلا بەگی کوڕی ئەحمەد بەگی کوڕی برایم بەگی کوڕی رۆستەم بەگی کوڕی سەیفەدینە.

له خێزانێکی خوێندەوارو زانست پەروەرو دەسرۆو ناودار چاوی هەڵهێناوە. خانەوادەکەیان خزمەتێکی زۆری زانستو ئایینو ئەدەبیان کردووە بە دامەزراندنی قوتابخانەو دابینکردنی مامۆستا بۆیان لەسەر کیسەی خۆیان. سەرەتای خوێندنی لە گوندەکەی خۆیان (ئەرمەنی بلاغ) دەستپێکردووە مامۆستای تایبەتی بۆ گیراوە. دواییش لە قوتابخانە ئاینییەکانی کوردستان خوێندوویەتی.

زانای ئایینیو رۆشنبیرو ئەدەب پەروەرو شاعیر بووە وا ئەگێڕنەوە کە پزیشکیو وێنەگەریو رەنگ رشتنو مەزیکی بەباشی زانیوە.

له لایەن (وەلی عەهدی قاجارییەوە) نازناوی (مصباح الدیوان) ی پێبەخشراوە.

له گوندی (ئەرمەنی بلاغ) ی سەر بە سێگۆشەی بۆکان میاندواو – سایین قەلا لە دایك بووەو لە گوندی (باخچە) بە ئیفلیجی مردووەو لە گۆڕستانی (مەرقەد) نێژراوە.



**نموونەیەك لە شیعرەکانی**

ئەمڕۆ کە بە بادەی مەیەوە هاتی لەسەردا
هێناتەوە بەر جانی سەفەر کەردە لەبەردا
لەو خستنە سەر روو بە جەفا دەستەیی گێسوو
وەعدەی وەتەنێکت بە غەریبانی سەفەردا
بەم تەرزە کە جان پەروەرە نوتفی شەکەرینت
ئەنفاسی مەسیحێکە لە ناو دورجی گەوهەردا
ئەو تەلعەتی حوورانیو لوتفی مەلەك ئاسات
حاشا کە کەسێك دیویە لە تەرکیبی بەشەردا
یەك حەلقەو سەد سیحرە بەری پەرچەمت ئیمڕۆ
دیسانەوە ئاخۆ چ خەیاڵاتی لەسەردا
زولفو ئەسەری کوڵمەت بنوێنە بە مونەججیم
حوکمی چیە عەقرەب لە موحازاتی قەمەردا
قەدری چیە خورشید لە کن پرتەوی حوسنت
جیلوەی چ دەکا قەترە لە دەریایی خەزەردا
لەو صوورەتی زیباتە کە رۆحێکە موجەسسەم
وەك صورەتی دیوارە ئەوی رۆحی لەبەردا
لەو رۆژەوە جانە نەزەرت لێمە کلاکلاد
چوونی سەرو ماڵم بەخودا هەر لە نەزەردا

سینەم سوپەری ناوەکی دڵدۆزی موژەت بوو
نەمزانی کە ناوێستی خەدەنگت لە سوپەردا
ئەو ماچی شەوی دی بە منتدا بە دووسەد ناز
وا ئێستە بە کامی (ئەدەب) ی گەعمی شەکەر دا.





**ئەسیری**: (١٨٩٠ز-١٣٠٨ك) بە پێی ناسنامەکەی پێشووی
دوای گۆڕینی (١٨٩٩ز-١٣١٧ك) (١٩٦٢/٦/١٨ز-١٣٨٢ك)
عەبدولخالقی کوڕی شێخ حوسێنی نەقشبەندیی کوڕی سەید عەبدی
کوڕی سەید قەرەنییە.

زانـای ئـایینی و ڕۆشـنبیری و نیـشتیمان پـەروەرو شـاعیری نیــشتیمانی و کۆمەڵایــەتی بــووە. خوێنــدنی لــە حــوجرەی مزگەوتــەکانی شــارو دێهاتــەکانی کوردســتان تــەواو کــردوەو ئیجازەی عیلمی لای مەلا عەلی حیکمەت وەرگرتووە. باش کاتبی دایرەی (اموال قاصرین) بووە لە کەرکووک. ژنی نەهێناوەو هەر بە ڕەبەنی ژیاوە.

هەر بە چەشنی حاجی قادری کۆیی کە چوونە ئەستەنبوڵ و چاوی بە بەدرخانییەکان کەوتووەو عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری ناسیوە لە سیاسەت حاڵی بووەو شیعرەکانی ئەحمەدی خانی خوێندووەتەوە وازی لە شیعری غەزەل و دڵداری هێناوەو کەوتووەتە سەردانانی شیعری نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی و هاندانی میللەت بۆ خوێندن و فێربوون. وە کە گەڕاوەتەوە بۆ کەرکووک هەموو شیعرە دڵدارییەکانی سووتاندوە لەناوی بردوون و داوای لە شاعیران و ڕۆشنبیران و زانایان کردووە کە لە شیعرو نووسینەکانیاندا بۆ خزمەتی دۆزی میللەتی کورد تەرخان بکەن.

ئەسیری ئاگاداری هەبووە لە بارو وەزعی جیهان و خەمخۆری کوردستانی داگیرکراو بووەو کەرکووک و کفری خۆمانی چوواندووە بە (ئەلزاس و لۆرەن) کە دووشاری (ئەڵمان) ین و لە



دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە خراونەتە سەر (فەرەنسە) ئەوەتە لە بەیتە شیعرێکدا ئەڵێ:

(کەرکووک ئەلزاسە کفری لۆرەنە)

(دڵسوتاویانە هەرچی کورد هەنە)

ئەسیری زۆر لە شیعرەکانی لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ئەوسا بڵاوکردوەتەوە لەوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، گۆڤاری پێشکەوتن، گۆڤاری پەیژە، ڕۆژنامەی ژیان، ڕۆژنامەی ژیانەوەو زۆری تریش و زۆریش دەنگیان داوەتەوە لە لای زانایان و ڕۆشنبیران و مێژوو ناسان و ئەدیبان و شاعیران. زیاتر لە بیست کەس نووسین و لێکۆڵینەوەیان لەسەر شیعرەکانی کردووە لەوانە: دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، دکتۆر عەزیز گەردی، دکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، دکتۆر کامیل حەسەن بەسیر، دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، عەلی کەمال باپیر ئاغا، ڕەفیق حیلمی، سمکۆ بەهرۆز. دکتۆر مارف خەزنەدارو هیتریش..

لە کەرکووک لە دایکبووەو هەر لەوێش مردووەو بە نەخۆشی شێرپەنجەو لە گۆڕستانی شێخ محێدین نێژراوە..

**نموونەیەك لە شیعرەکانی**

بێرە کوردستان عەزیزم گەر تۆ سەیرانت دەوێ
بتبەمە قەندیل ئەگەر گوڵزاری کوێستانت دەوێ
سەیری ئەو خێڵانە، کەنیشتوونە داوێنی چیا
با بچین بۆ ماڵی کوردێ گەر تۆ خوێشیانت دەوێ
بتبەمە سەر پیرە مەگروون و کاژاوو شەرا
بێ رەسەد سەیری مەهو پەروین و کەیوانت دەوێ
بتبەمە پای تاقی لای سەرپیل و سەرمیل و کرەند
پێت نیشاندەم سەد هەزار ئاساری ساسانت دەوێ
ئاوی ساف و رۆشنی داوێنی چەشمانی چیا
لێی بنۆشە دەم بە دەم گەر ئاوی حەیوانت دەوێ
لاوی کوردی من لەبەرکە شاڵی زاخۆو ئامێدی
گەر تۆ سەد چاتر لە رەنگی شاڵی کرمانت دەوێ
هەڵسە گەشتی چیمەن و گوڵزاری کوردستان بکە
گەر لە بۆ دەردی دەروونت داوو دەرمانت دەوێ
رۆح و ماڵت سەرفی ڕێگەی میللەتت کە رۆحەکەم
گەر لە خوا لوتفی عەمیم و جوودو ئیحسانت دەوێ
ئەی (ئەسیری) هێندە عەشقی میللەتی کوردت هەیە
بشمری لام وایە قەبری گردی سەیوانت دەوێ





**بێکەس:** (١٩٠٥ز-١٣٢٣ك) (١٨/١٢/١٩٤٨ز-١٣٦٨ك)

فایەقی کوڕی عەبدوڵڵا بەگی کوڕی کاکە حەمەی ئەلیاسی قۆجەیە.

مامۆستا و نیشتیمان پەروەرو شاعیری شۆڕشگێڕە. سەرەتا لە حوجرەی مزگەوتو دوایی لە قوتابخانە خوێندوویەتی. لە خوێندنگەی (علمیە) لە کەرکووکو (دار العلوم) لە بەغدا وەر ئەگیرێ بەڵام لەبەردەم بزێوی هیچێك لەم دوانە تەواو ناکات. شیعرەکانی کۆمەڵایەتیو نیشتیمانیو شۆڕشگێڕینە لەگەڵ هاندان بۆ یەکسانی نێرو مێو سروودی نیشتیمانیو سروود بۆ قوتابییان، کەمێکیش شیعری عاتیفی .. هتد.

لەسەر هەڵوێستی نیشتیمان پەروەری چەند جار بەندکراوەو دوورخراوەتەوە. لە دوای مردنیشی بە چەند رۆژێك فەرمانی دەرکردنو دەسگیرکردنی دەرچووە لەلایەن حکوومەتی ئەوسای عێراقەوە.

بێکەس بە منداڵی زۆر نەهامەتی کێشاوە، چونکە هەر منال بووە باوکی بە ئیشی میری چووە بۆ تورکیاو لەوێ ئیتر نەگەڕاوەتەوە. هەر لەو ماوەیەدا برا گەورەکەی لە رووباری دیجلە خنکاوەو ئەوەندەی نەبردووە دایکیشی مردووەو خاڵی ئەوو برا بچووکەکەی گرتۆتە خۆی، بەڵام دوای چەند مانگێك ئەویش مردووە. لەوە بە دواوە ژنێك بەناو (حەبەخان) سەرپەرشتیانی کردووە تا ساڵی ١٩١٨ ئەمجا داویانیەتەوە دەستی مامیان. دژایەتی شێخو سۆفی مشەخۆرو مەلای دواکەوتووو بێ کەڵکو سیستەمی فەقێیەتی بەڕاتوەو دەقنەکردووە، بەشداری کردووە لە



راپەڕینەکەی شەشی ئەیلوولی (١٩٣٠) شەڕی بەر دەرکی سەرا، کە بریندار بووەو زیندانی کراوەو لە فرمانەکەشی دەرکراوە. لەو زیندانە هۆنراوەی (ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم) ی هۆنیوەتەوە. لە ساڵی (١٩٣٧) دوورخراوەتەوە بۆ (حیللە). پاش ماوەیەك لەوێوە بۆ عیمارە، بەڵام نەچووەو گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی.

بێکەس کرێکاری ئیشغالو مامۆستایی زانستو مامۆستایی تایبەتو مامۆستایی حکوومی کردووەو لەم شوێنانە مامۆستا بووە: بازیان، تەوێڵە، قەرەداغ، سوورداش، هەڵەبجە.

ساڵی (١٩٤٦) لە بەرانبەر (ئیمۆندز) ی راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیادا بوێرانە پارچە هەڵبەستی (بیستو حەوت ساڵە من رەنجبەری تۆم) ی خوێندەوە کە هێرشە بۆ سەر سیاسەتی بەریتانیا بەرانبەر بە خواستی کورد.

لە گوندی سیتەك لە ناوچەی شارباژێڕ لە دایکبووەو لە هەڵەبجە مردووەو لە گردی سەیوان نێژراوە..

## نموونەیەك لە شیعرەكانی

### سەدەی بیستەمە

سەدەی بیستەمە كوردە غیرەتێ
لە خەو راپەڕە، هەوڵێ، هیممەتێ
بەسیە نەزانی، عیلمو سەنعەتێ
سووكی هەتا كەی؟ ناوێ، حورمەتێ
هۆشو بیرت بێ، پیاوی ژیرت بێ
لە جێی سەربەستی بۆ چ زنجیرت بێ
نەما ئەو رۆژەی تۆ بە ئاسانی
بتوانی بژی بە شادمانی
تۆ كە قەومێكی بێ پشتیوانی
گەر تێنەكۆشی زۆر پەریشانی
هۆشو بیرت بێ، پیاوی ژیرت بێ
لە جێی سەربەستی بۆ چ زنجیرت بێ
رۆژی كارەباو رادیۆو بوخارە
هەر قووەتو فەن ئەمڕۆ بەكارە
گەلی دواكەوتوو بەشی جەخارە
قوڕ بەسەر ئەوەی پەستو هەژارە
هۆشو بیرت بێ، پیاوی ژیرت بێ
لە جێی سەربەستی بۆ چ زنجیرت بێ



لە رووی زەمینا نیە وەكو تۆ
قەومێكی دوو دڵ، دیلو رەنجەڕۆ
كەڵكی چی ئەگرێ گریانو رۆڕۆ
درەنگە هەستە، بوو بە نیوەڕۆ
هۆشو بیرت بێ، پیاوی ژیرت بێ
لە جێی سەربەستی بۆ چ زنجیرت بێ
سەیری عالەم كە بۆ بەرزیو ژیان
خۆی هەڵكردووە هاتۆتە مەیدان
لە رێی نیشتیمان ئەبێتە قوربان
بۆ سەركەوتنو بۆ ناوو نیشان
هۆشو بیرت بێ، پیاوی ژیرت بێ
لە جێی سەربەستی بۆ چ زنجیرت بێ
سبەینێ كە جەنگ دامركایەوە
ئاگری هەراو شەڕ كوژایەوە
هەر كەس حەقی خۆی پێ درایەوە
تۆ بە چ روویەك دێیتە كایەوە
هۆشو بیرت بێ، پیاوی ژیرت بێ
لە جێی سەربەستی بۆ چ زنجیرت بێ
پێم بڵێ كوانێ وەتەن پەروەرت
كوا لاوی داناو كوا مونەوورت

کوانێ دڵسۆزو، کوانێ ڕەهبەرت
ناوی خۆت نەبەی ئەی خاك بەسەرت
هۆش و بیرت بێ، پیاوی ژیرت بێ
لە جێی سەربەستی بۆ چ زنجیرت بێ
دەرمانی دەردی ئێمە خوێ،دنە
ڕەوشتی پاك و خزمەت کردنە
تۆوی ناکۆکی زوو لابردنە
ئەگینا بەشمان شەق و مردنە
هۆش و بیرت بێ، پیاوی ژیرت بێ
لە جێی سەربەستی بۆ چ زنجیرت بێ



**بەبە**: (١٨٨٠ز-١٢٩٨ك) (١٩٧٦ز-١٣٨٧ك)

عەبدولڕەحمان بەگی کوڕی ئەحمەد بەگی کوڕی خالید بەگی کوڕی سلێمان پاشای کوڕی ئیبراهیم پاشای بابانە، زانای ئایینی و کەسایەتییەکی نیشتیمان پەروەرو مێژوو ناس و شۆڕشگێرو شاعیرە.

بە منداڵی لە حوجرەی تایبەت نراوەتە بەر خوێندنەوە. دوای خەتم کردنی قورئانی پیرۆز هەر وەکو فەقێکان چەند وردە کتێبێکی سەرەتایی و هەندێ کتێبی فارسی وەکو گوڵستان و بوستانی سەعدی و شیرازی و دیوانی خواجەحافزی شیرازی و چەند کتێبی تری فارسی خوێندووە. ئەمجا چووەتە قوتابخانەی (روشدیە) ی سەربازی کە زمانی تورکیی تیا خوێندووە. لە دواییدا لە حوجرەی مزگەوت پرۆگرامی ئایینی و عەرەبی باوی ئەو زەمانەی تەواو کردووە.

عەبـدولڕەحمان بـەگ ئەگـەر چـی زانـای ئـایینی بـووە، بـەڵام مەلایەتی نەکردووە، بەڵکو لە دایرەی (الاحصا و والنفوس) بە فەرمی دامەزراوە. کە لە ساڵی (١٩١٨) ئەو دایرەیە (  ) کراوە ئـەو کـراوە بە کاتبی (تمتعی کسابت) بەڵام لەبەر ئەوەی لەگەڵ جەوی ئـەو دایرەیـە نەگونجاوە، چونکە چڵکاو خۆری پێنەکراوە دەسبەرداری فرمانەکەی بووە. هاوکات لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشەکەی شێخ مەحموود نـەمردا لە ٢٠/ ٥/ ١٩١٩ چووەتە ناو شۆڕش‌و ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە تێیدا، بـە نوێنەرایـەتی شـێخی نـەمر چـووەتە (مـەهاباد)و (تـەورێز) بـۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ باڵوێزانی ئەمریکا و فەڕەنسا و ئیتاڵیا بـە نیـازی پشتگیریکردنی گەلی کورد.

ماوەیەکی زۆر لەژێر چاودێری یاساوڵ‌و سیخوڕەکانی حکوومەتی دا داگیرکـەری ئینگلیـز بـووەو ماوەیـەکیش زینـدانی کـراوە. لـە ١٩٢٣/٥/١٦ جارێکیتر لـە لایـەن سوپای ئینگلیـزەوە گیراوەو هـەموو زەخیرەو ماڵ‌و حاڵ‌و کتێبخانەکەی تالان کراوەو زۆر لـە شیعرەکانی فـەوتاون، خۆشـی ڕەوانـەی بەندیخانـەی کـەرکووک کـراوە، لـەوێوە نێردراوە بۆ مووسڵ‌و دوو ساڵ زیندانی‌و شەش مانگ دەسبەسـەری لـەوێ بەسـەر بردووە. دوای تـەواوکردنی ماوەکـە ئازاد کراوەو ئیتر خەریکی ئیشی کشتوکاڵ بووە. لە ساڵی (١٩٣٠) گەڕاوەتـەوە سـەر فرمـانی مـیری‌و کـراوە بـە مـەئموور نفووسـی سلێمانی‌و لـە سـاڵی (١٩٤٠) خانەنـشین کـراوە. کتێبێکـی گـەورەی لـەبارەی مێـژووی



کـوردەوە نووسـیوە، بـەڵام ئـەویش لـە تـاڵان کردنـی کتێبخانەکـەی فەوتاوە. شیعرەکانی نیشتیمانی مێژوویی‌و کۆمەڵایـەتی‌و غـەزەل‌و عـاتیفی‌و تـەرجیع بەنـدن. لـە سـلێمانی لـە دایکبـووەو هـەر لـەوێش مردووەو لە گردی مامە یارە نێژراوە..

**نموونەیەك لە  شیعرەکانی**

خاوەن زەوییەکی زۆردار

ئاغە موڵکی تۆ ئەکێڵم بەندەو مسکێنی تۆ ئەکێڵم
ڕۆژی سەغڵەت نۆکەری خەنجەر وەشێنی شوێنی تۆم
شیرو ماستی ڕۆژ بەڕۆژو گیسك‌و کاوڕ هێنی تۆم
هەر رقت هەڵسا بە دایك‌و باوکەوە پڕ جوێنی تۆم
بێ زمان‌و کەس نەزان‌و فێری بارکێشی‌و کەرم
بارەکەت زۆر قورسە ئاغا، چۆن لە ژێری دەربەرم
گەنك‌و جۆکەم پێگەیشت هاتی بەدوو سێ جەردەوە
کەوتیە ناو شارەو مەڵۆکانم بە بگرەو بەردەوە
دەورییێکی ناو پەرێزتدا بە شیڤ‌و وەردەوە
خەمڵی شارەو جێ پەرێزت کرد بە شیو‌و هەردەوە
ڕەحمی کرد گوایە بە حاڵم گەنمی دانا شەش تەغار
نەمویرا هاوار بکەم، ترسام لە زللەو داری بار
گەنمەکەم سوور بوو، حەقم دانێ بە وەرزێرو سەپان
یەك بە یەك پێوام لە خەرمان ڕەسمی کۆڵکێش‌و شوان

مام رەزاش هات پێی وتم کوا ئوجرەتی گاگێڕەکان
هەر وەکو بڕیار درابوو، شەش ڕبەیشم دا بەوان
شەش تەغار بوو خەمڵەکەم، مەوجوودەکەم ئێستا دووە
ئەم رسوومی ناوبراوەش هەر لە خەرمان دەرچووە
یەك تەغارم مایەوە، کردمە جەواڵو نام لەکەر
ورده ورده لێمخوڕی تا گەیمە دیواخانو دەر
کاتی تەسلیم کردنم ئاغا وتی ئەی بێخەبەر
(چل) ڕبە مڵکانەتە (دە) ڕبەی ترت ماوە لەسەر
من پەژارەی نانی وشکم بوو ئەمیشی هاتە بان
زۆری لێ پاڕامەوە خێری نەبوو گریەو فوغان
گاییێکم مابوو فرۆتم، دام بە ئاغا پارەکەی
رستگارەم بوو لە زنجیرو فەلاقەو دارەکەی
یا مریشكو هێلکەی بردن بۆ کوڕی سەرکارەکەی
ڕەببی مەحوی کەیتەوە خۆیو زەویو ئاوبارەکەی
پەتكو گونیەم نایە کۆڵ، وێنەی فەلای تر هاتمە شار
چاوەڕوانم (بابە) ڕۆژێ (غیرەتوڵلا) بێتە کار..(١)

---

(١) میرزا خەلیل منەوەری شاعیری کاکەیی کەرکووکیش پارچە هۆنراوەیەکی بەم چەمکە هەیە بە ناونیشانی (هەجوی ئاغاو شەحنە)، ئەمە سەرەتاکەیەتی:
ڕەنج دوازدە ماه وەبێ ئابو نان
حەصادم مەکەرد بەردم وەخەرمان..






**بێخود:** (١٨٧٨ز-١٢٩٦ك) (٢٥/٨/١٩٥٥ز-١٣٧٥ك)
مەلا مەحموودی کوڕی مەلا ئەمینی موفتی کوڕی مەلا ئەحمەدی موفتی چاو چاو مارەکە ناسراوە بە (پیرحەسەنی) کوڕی مەلا مەحموودی دێلێژە کوڕی مەلا ئەحمەدی دێلێژە کوڕی مەلا محەمەد دێلێژەیە کە بە (مەلای گەورە) بەناوبانگبووە. زانای ئایینیو شاعیرە. شیعری بە کوردیو فارسی وتووە. شیعرەکانی ئایینیو کۆمەڵایەتیو غەزەلو لاواندنەوەو نیشتیمانین. باڵا دەست بووە لە دیاریکردنی مێژوو بە پیتی ئەبجەدی (جومەل). ڕەنگبێ هیچ شاعیرێکیش - پیرەمێردی لێدەرکەی- خۆی لە ئیقەرەی ئەو نەدابێ لەم هونەردا.

له ساڵی (١٩٠٠) كه تەمەنی بیست‌و دوو ساڵ بووه كراوه به حاكمی هەڵەبجەو ماوەیەكیش مامۆستایی كردووه لەگەڵ ڕەفیق حیلمی‌و زێوەر بەبێ ئەوەی هیچ مووچەیەك وەربگرێت واته خۆبەخشی ئەو خزمەتەی كردووه. پاش مردنی مەلا عەزیزی موفتی سلێمانی تا كۆتایی تەمەنی لەو فرمانه بەردەوام بووه.

بنەماڵەی بێخود به گشتی بنەماڵەیەكی ئایینی بوون، ئەوەتە باوك‌و باپیرانی هەموو مەلاو موفتی بوون خزمەتێكی زۆریان به ئیسلام‌و موسڵمانان گەیاندووه له سلێمانی له دایكبووەو هەر لەوێش مردووه.

**نموونەیەك له شیعرەكانی**

لەو ڕۆژەوه ڕۆیشتووه تۆراوه دڵی من
هەرچەند ئەگەڕێم بێ سەرو شوێن ماوه دڵی من
ئاخۆ به چ شاخێكەوه گیرساوه دڵی من
ئاخۆ به چ داخێكەوه سووتاوه دڵی من
ئەو هەمدەمی غەمخوارو نەدیمی من یاڕەب
ئەو مەحرەمی ئەسرارو قەدیمی منه یاڕەب
ئەو گەوهەری شەهوارو یەتیمی منه یاڕەب
كەوتۆته چ بەحرێكەوه خنكاوه دڵی من
كەجنوونی دوو گێسوویی چ لەیلاییێكه ئاخۆ
یاوامیقی جادوویی چ عەزراییێكه ئاخۆ



دێوانەیی ئاهوویی چ سەحراییێكه ئاخۆ
كام چیهره پەری دیوه كه ترساوه دڵی من
ئەتلێتەوه گاهێ به خەیاڵی خەت‌و خاڵی
ئەخولێتەوه گاهێ به چرای شەوقی جەماڵی
نازانی ئەگەر چۆنه به دەس دەردەوه حاڵی
وەك پووش‌و پەڵاشێكه به دەم باوه دڵی من
لەو چۆڵ‌و بیابانه ئەبێ یاوەری كێ بێ
یا بەو كەژو كێوانەوه سەودا سەری كێ بێ
یا لەت لەت‌و ئەڤگاری موژەی خەنجەری كێ بێ
چۆن ماوه لەسەد لاوه كه كوژراوه دڵی من
بۆچی نەڕژێ سەیلی سروشكم وەكو باران
بۆچی وەكو یەعقووب نەبمە شوهرەیی شاران
لەو بوو سفەپر سیومه له بێگانەوو یاران
هەرگیز نیه سۆراخی له هیچ لاوه دڵی من
بۆ خۆی بگریم یا نەفسی پەردەدڕاوی
یا بۆ جگەری كون كون‌و سەد پاره كراوی
چی كردووه یا ڕەب كه خەوو خواردن و ئاوی
دایم غەم‌و بێداری‌و خوێناوه دڵی من
چ بكەم، چ بڵێم، بۆ دڵەكەم كارییه دەردم
شاهیدی منن موویی سپی‌و چیهرەیی زەردم

خۆڕایی نیه ناڵەیی گەرمو دەمی سەردم
هەڵبەت بە بەڵاییێکەوە ئالاوە دڵی من
ئەو سینە لە غەش خاڵییە، ئەو بێ رقو کینە
ئەو خادیمی شەرعی نەبەوی‌و میللەتو دینە
مەعلووم چووە بۆ خزمەتی سالاری مەدینە
وامزانی کە فەوتاوە، نە فەوتاوە دڵی من
قوربانی کەسێ بم کە بە قوربانی نەبی بێ
وەك بەندە سەگی دەرگەهی شاهی عەرەبی بێ
شاهی عەرەبی یەعنی قوڕیشی نەسەبی بێ
جەرگی بەدوو ئەبڕۆی ئەوە چنراوە دڵی من
زاتێکی وەهای گرتووە رۆهم بە فیدای ئەو
شاهان شەوو رۆژ دێنە قەدەم بۆسی گەدای ئەو
(بێخود) مەبە ئیتر بە ئومێدو بە تەمای ئەو
نایێتەوە لات گەر سەری داناوە دڵی من..






**باباتاهیری هەمەدانی**: (٩٣٥ز-٣٢٤ك) (١٠١٠ز-٤٠١ك)

بە بابا تاهیری (عوریان) یش ناسراوە، لە تیرەی (لوڕە) زانای زەمانی خۆی‌و پەیوەست بە خوا پەرستی‌و شاعیری (تصوف) بووە.

دێوانە سیفەت هەمیشە بەملاو ئەولادا گەڕاوە، بیرو ئەندێشەی هەر لای خوا بووە، دیوانی شیعری چوارینەی هەیە، کە بە سەرەتای دەستپێکردنی شیعری کلاسیکی کوردی دائەنرێت. کە پێی ئەوترێ (عوریان) لەبەر ئەوە نیە کە گوایە زۆر جار بەڕووتو قووتی گەڕاوە. وەکو هەندێك سەرچاوە ئاماژەی بۆ ئەکەن‌و بەهەڵە بلاو کراوەتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوە بووە کە بابا تاهیر سۆفییەکی ئایینی (یارسان) بووە.

سۆفی گەری لەو ئایینەدا ئەوەیە کە ئەبێ مرۆڤ لە هەموو خۆشیو لەزەتو پەیوەندی بە رابواردنی دنیای فانییەوە دوور بێتو هەمیشە خوای لەبیر بێتو مەشغووڵی زیکرکردنی بێتو هەرگیز لێی غافڵ نەبێت. بابا تاهیری هەمەدانی یەکەمین کەسە کە نازناوی (بابا)ی پێدرابێ، ئەویش لە لایەن سوڵتان (توغرول سەلجووقییەوە. لە دوای ئەو بۆ پیاوانی ئایینی بەکارهێنراوە، لەوانیش پیاوە ئاینییەکانی یارسایی ئەهلی حەقی کاکەیی. بە دیالێکتیکی (لوڕی) شیعری وتووە، چوارینەکانی بابا تاهیر هەمووی لەبارەی (تصوف) دا بووە، لە هەمدان لە دایکبووەو هەر لەوێش مردووە...

**نموویەك لە چوارینەکانی**

مو ئان بەحرەم کە دەر ڤەرف ئامدەستەم
مو ئان نوقتە کە دەر حەرف ئامدەستەم
بەهەر ئەلفی ئەلف قەدی بەر ئایۆ
ئەلف قەدم کە دەر ئەلف ئامدەستەم

دلی دەیرم ز عیشقت گێجو وێجە
موژە بەرهەم زەنەم خونا بەڕێجە
دلی عاشق بەسانی چووپ تەڕبێ
سەری سووجە سەری خونا بەڕێجە

نەوای نالە غەم ئەندووهو زونو
عەیار قەلب خالص بوتە زونو



بوورە سووتە دلون گرد هەم ئاییم
کە قەدری سووتە دل سووتەز نو

بە خەنجەر گەر دەر ئارەند دیدەگانەم
بە ئاتەش گەر بسووزەند ئیستیخوانەم
ئەگەر بەناخوو نانەم نەی بکو بەند
نەگیرەم دل ز یار میهرەبانەم
دوو چەشمانەت پیاڵە پڕ زومەی بێ
خەراج ئەبرو وانەت موڵك رەی بێ
هەمی وەعد کونی ئیمروو زو فەردا
خودا دانەکی فەر دای تووکەی بێ

مو ئان رەندەم کی نامەم بێ قەلەندەر
نەخوون دیرم، نە موون دیرم نەلەنگەر
چوو روو ز ئایەد بگەر دەم گێرد گێتی
چوو شەو ئایەد بەخشتی وانە هەم سەر

بە دەریا بنگەرەم دەریا تۆو وێنەم
بە سەحرا بنگەرەم سەحرا توو وێنەم
بەهەر جا بنگەرەم کووهو دەرو دەشت
نیشان ئەز رووی زیبای توو وێنەم

مووەم ئان ئازەرین مورغی کی دەرحال
بسوو جەعالەم ئەز بەرهەم زەنەم بال
مصەوەر گەر کەشەد نەقشەم بەدیوار
بسوو جەعالەم ئەز تەئپیر تیمپال

مەکون کاری کە بەر پارسەنگت ئایۆ
جیهان با ئین فیراخی تەنگت ئایو
چوو فەردا نامە خواهان نامە خواهەند
توو نامی خوود بینی نەنگت ئایو

شەبی تاریکو سەحرا پڕ خەتەرەك بێ
دەر ئین راه روشنایی کەمتەرەك بێ
شەبی تارو بیابان دوورو مەنزل
خوشا ئانان کی بارەش کەمتەرەك بێ

مو ئان رەندەم کی عیصیان پیشە دیرم
بە دەستێ جامو دەستێ شیشە دیرم
ئەگەر تو بێ گوناهی رەو مەلەك شەو
مو ئەز حەواو ئادەم ریشە دیرم..

نازناوی بابا لە رەوشتێکی کوردەوارییەوە هاتووە کە بە یەکێك نەوترێ لە بنەماڵەیەکی سەید یان شێخ بێت لەبەر ئەدەبو رێزلێنانو خۆشەویستی جا بەکارهێنانی بۆ بابا تاهیر لەو رەوشتەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە سەبارەت بەخوا پەرستیەکەیو سۆفیەتییەکەی لەناو خەڵکی رێزدارو خۆشەویست بووە..





(بێسارانی ١٦٤١ ١٧٠٢)ی شاعیر
لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەدین سەجادی
چاپی دووەم ١٩٧١

**بێسارانی**: (١٦٤١ز-١٠٥١ك) (١٧٠٢ز-١١١٤ك)

مەلا مستەفای کوڕی مەلا ئەحمەدە.

زانای ئایینیو شاعیر بووە. نەوەکانی بنەماڵەکە یان لە مەلا ئەحمەدی باوکیەوە هەر مەلا بوونەو بەرەی (قاز) یش هەر لەو بنەماڵەیەن.

بێـسارانی سـەرەتا لـە قوتابخانـە، دواتـریش لـە حـوجرەی مزگەوت خوێ،دوویەتی و لەم شوێنانە خوێندنی تەواو کردووە: هەورامان، نۆدشە، پایگەلان، سنە، شاعیری غەرامی و فەیلەسوفی ئایینی بووە.

ژنـی نـەهێناوەو هـەر بـە رەبـەنی ژیـاوە. دوای تـەواو کردنـی خوێندنی گەڕاوەتەوە بۆ بێساران و بووە بە مەلاو ئیتر خەریکی خواپەرستی و دەرس وتنەوە بووە بە فەقێیان و ئیجازەی عیلمی بە چەند فەقێیەك داوەو، بالا دەست بووە لە عیلمی (اصول) دا. شیعری بە دیالێکتی ماچۆ وتووەو، عەشقی پاکی (ئامینە) ناوێك دەوری گێڕاوە لە ئیلهامی شیعریدا. کە دووریش کەوتۆتەوە لە بێساران بە شیعر یادی کردۆتەوە. لە گوندی بێساران کە ئەکەوێتە خوارووی هەورامانەوە لە دایکبووەو، لە گوندی دووڕووەی نێوان سنەو مەریوان مردووەو لە گۆڕستانەکەی نێوان دووڕووەو رەزاوو تەرخاناوە نێژراوە.

چەند بەیتێکی هەڵبژاردە لە شیعرەکانی

شیرین زوڵف لوول، شیرین زوڵف لوول
فیدای زوڵفت بام گا گرژەن گا لوول
گا چوون سیاو مار پەشێوەن مەلوول
گا وێنەی لاو لاو مەپیچوو نەتوول



گاتا تان نەدەس گەردش شەماڵ
گا خەفتەن ساکن نە دەوران خاڵ
گاهێ پەشێوەن، گاهێ گرنجەن
گاگا گرە بەند ملەمای زنجەن
قیبلەم یە حیفەن وێنەی تووشایی
بگیرو نەدڵ خەشمی گەدایی
ئەگەر گوناهی وەنەم کەری بار
یەسەر، یە شمشێر، یە تەناف، یەدار
وەگەر نە حەیفەن بە واتەی بەدگۆ
نە پەردە مانو رازی من و تۆ
قیبلەم چیش مەبۆ تایی جەو زولفە
جەو زولف وەشبوو لوول سەر کلفە
وەزیم نە گەردەن عومر وەیەردەم
تەجدید بوو دەفع هو ناوان وەردەم
جەوساوە دیدەم دوور کەفتەن جەتوو
لێلاویش لێڵەن لێڵاو تر مەبوو
رۆشنی بسات وەنەم بیەن تار
زێندەگیم تاڵەن وێنەی ژاری مار
کەسی کە بەیتەور حاڵی جەستەن بوو
بیسەجوو یای توو ئاوات و واستش بوو

**خاسش هەر ئیدەن مەرگش میهمان بوو**

**مەگەر ئەو بە مەرگ دەردش دەرمان بوو**

**چلی نەپە ناچلی نە پەنا، چلی چون رقیب مەدران نەپەنا**

**هوور ئامان مەدران نە رووی تەمەنا مەرباد قودرەت بدەو ووش فەنا**

**وەباد قودرەت لەتار بوو، نمازو باڵای قیبلەم دیار بوو**

**بسۆزو باهر بازەدەی سەحەر، ریشەش جەزەین بەرباروو بەر**

**تا باڵای قیبلەم چوون شەمع خانان، بوینووە چەم نە بەرزە بانان**





**پیرەمێرد**: (١٨٦٧ز-١٢٨٤ك) (١٩/٦/١٩٥٠-١٣٧٠)

**حاجی تۆفیق بەگی کوڕی مەحموود ئاغای کوڕی هەمزە ئاغای مەسرەفە.**

**ڕۆشنبیرو مێژووناسو مافناسو ئەدیبو شاعیرو ڕۆژنامەنووسە. ڕۆژنامەی (ژین)و (ژیان) ی لە سلێمانی دەرکردووە کە ژمارەکانیان سەرچاوەی ڕەسەنن لەبارەی ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو کلتووریو هتد.. جگە لەو دوو ڕۆژنامەیە ئەم نووسراوانەش هی ئەون:**

١- دیوانێکی شیعر.

٢- پەندەکانی کوردی بە شیعر، بە ناونیشانی پەندەکانی پیرەمێرد

٣- گۆڕینی دیوانی (مەولەوی) بۆ سەر شێوەزاری سلێمانی.

٤- (مەم‌و زین) ی لە بۆتانەوە کردووە بە ڕیوایەت.

٥- ڕیوایەتی مەحموود ئاغای شێوەکەڵ.

٦- گاڵتەو گەپ کە بریتییە لە کۆمەڵێك سەر گوروشتەی پەندی کورت کورتی کوردی.

٧- کتێبی (دوانزە سوارەی مەریوان).

٨- (کەمانجەژەن) کەڕۆمانێکی ئەڵمانیە ئەو لە تورکییەوە گۆڕیویەتیە سەر کوردی‌و زۆری تریش.

تا لە ژیاندا بوو هەموو ساڵێك لەگەڵ گەنجەکاندا یادی جەژنی نەورۆزی ئەکردەوە لەسەر گردەکەی مامە یارەوە وەسێتی کرد کە مرد لەوێ بنێژرێت. لە تەمەنی (٦-٧) ساڵیدا لە حوجرەی مزگەوت دەستی بە خوێندن کردووە کە لەو دەورو زەمانەدا باوبووە.

بە نیازی فێربوونی فارسی‌و زانستی ئایینی‌و عەرەبی لەچەند مزگەوتێك لە سلێمانی و ماوەیەکیش لە بانە خوێندوویەتی.

پیرەمێرد لە چەند فرمانێکی میری خزمەتی کردووە لەوانە:

١- کاتب ئەملاکی هومایۆن.

٢- کاتب نفووس.

٣- باشکاتبی مەحکەمە.

٤- معاونی موددەعی عام لە کەربەلا بەڵام نەیویستووە.



٥- قایمقامی جۆلە مێرگ.

٦- موتەسەریفی ئەماسیە.

دوایی وازی لە فرمانی میری هێناوەو محامێتی‌و ڕۆژنامەگەری کردووە. هەر وەکو بێخود دەستێکی باڵای هەبووە لە دیاریکردنی مێژوو بەپیتی ئەبجەدی لەشیعردا. لەساڵی(١٨٩٩) لەگەڵ شێخ سەعیدی حەفید و سەید ئەحمەد خانەقا چووە بۆ حەج و ،لەوێ چاوی بەوەفایی کەوتووە. وەفایی لەوێ مردووە و پیرەمێرد ئەڵێ بەدەستی خۆم لەژێر لمی عەرەبستان ناشتم هەر ئەو ساڵە بووە بەئەندامی ئەنجومەنی باڵا لە ئەستەنبوڵ و پلەی بەگێتی پێدراوە،ئیتر لەوە بەدواوە بە(حاجی تۆفیق بەگ) ناوبراوە. جگە لەزمانی کوردیی زگماگی خۆی عەرەبی و فارسی و تورکیشی بەباشی زانیوە. خزمەت و نووسینەکانی گەلێ لەوانە زیاترن کە لێرە باسمان کردوون،ئێمە تەنها(مشتێ نموونەی خەروارێکە)مان لێی هەڵبژاردووە.

لەسلێمانی لەدایکبووەو هەر لەوێش مردووەو لەسەر وەسێتی خۆی لەسەر گردی مامە یارە نێژراوە.

### نموونەیەك لەشیعرەکانی

ئاوە جوانەکەی سەرچاوەکەی(زەڵم)
بۆ گەلاڕێزان سەر بە تەم و هەڵم
ئەڵێی سەرچاوەی بەختی کوردانی
سرەوتت نیە وێڵی هەردانی
تاڤگەکەت سەر بەرز سارده وەك تەرزە

دانەی مرواری لەنجەی سەد تەرزە
لەو ئاسمانەوە ئەڕژێیتە خوارێ
لەچاوی گەردوون فرمێسك ئەبارێ
وێنەی عاشقێ کە ناڵەکار بێ
سەحرا نەوەرد بێ پەیجووری یاربێ
وێڵ و سەرەڕۆ بەرو ڕووی پڕدەرد
بەقەڵبەزەوە سەر ئەدەی لەبەرد
دەست لەملانی لەگەڵ(تانجەرۆ)
بەسەودای (سیروان)شەیدا و ڕەنجەڕۆ
لە(دواوان)دا کە یەك ئەکەوی
دوو ((مەصرەع))ی بۆ بەیتی(مەولەوی):
(سیروانی ئەم چەم،تانجەرۆی ئەو چەم
بدەن بەیەکدا ئەم چەم تا ئەو چەم)
مەوەستە بڕۆ بەلم و خاکا
بگری لەبارگەی سەلمانی پاکا
پێی بڵێ قوربان تۆ ناوت پاکە
بمانخەرەڕێی یەکیەتی و چاکە
لەبەر ئاودێری ئەو خاکە دێمە
کەپاراو ئەبێ بە ئاوی ئێمە
با گوڵ و نێرگس هەردوو پێکەوە
شادبن بەدڵی ڕێك و پێکەوە..





**تاهیر بەگی جاف**: (١٨٧٥ز-١٢٩٢ك) (١٩١٧ز-١٣٣٦ك)
تاهیر بەگی کوڕی وەسمان پاشای جاف کوڕی محەمەد پاشای کوڕی کەیخوسرەو بەگی کوڕی تاهیر بەگی جافە، برا گەورەی شاعیری نیشتیمان پەروەر ئەحمەد موختار جافە.

دایکیشی کەسایەتی ناسراوو ئافرەتی لێهاتوو (عادلە خانم)ە،کچی قادر بەگی صاحبقڕانە، عادلە خانم ژنێکی خزمەتگوزارو ڕۆشنبیر بوو، ماوەیەك قایمقامی هەڵەبجە بووە. وەسمان پاشای باوکی تاهیر بەگ سەرۆکی عەشیرەتی جاف بوو کە عەشیرەتێکی ئاژەڵدارو کۆچەر بوون، بژێوییان بە ئاژەڵ بەخێو کردن بوو، مەودای قەڵەمڕەوییەکەیان (کفری) (شێروانە) (کەلیخان) تا دەوروبەری (سنە) بووە ، جێنشینی خانەوادەیان شاری هەڵەبجە بوو.

تاهیر بەگ کەسایەتی دیارو ڕۆشنبیرو شاعیر بوو، لە حەوت ساڵیدا لە حوجرەی مزگەوت نراوەتە بەر خوێندن، دوای خەتمکردنی قورئانی پیرۆز دەستی کردووە بە خوێندنی زانیاری ئایینیو عەرەبی، دوایش میرزایەکی بۆ گیراوە بۆ فێرکردنی فارسیو خەت، جگە لە زمانی کوردی فارسیو عەرەبیو تورکیشی زانیوەو بەهۆی هاموشۆکردنی بۆ ماڵی خاڵوانی لە سنە هەندێك فەڕەنسیش فێربووە، شیعری بە کوردیو فارسی وتووە، شیعرەکانی ئایینیو غەزەلن. زۆرێك لە شیعرەکانی فەوتاون. سەردەمێك سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە بووە.

مێجەرسۆن (حاکمی سیاسی بەریتانیا) لە سلێمانی کە ماوەیەك زووتر جاسووس بووە لە ناوچەکە، سەردەمێك بەناوی (میرزا حوسێن شیرازی) یەوە لە دیوەخانەکەی ئەواندا بە سیفەتی



خزمەتکار ژیاوەو زمانیشی لە کوردییا ئەوەندە پاراو بووە کە کەس هەستی پێنەکردووە کە کورد نییە، بەڵام تاهیر بەگ بە زیرەکی خۆی کەشفی کردووەو بەڕێزەوە بەڕێی خستووەو، نهێنییەکەشی ئاشکرا نەکردووە.

لە هەڵەبجە لە دایکبووەو لە سلێمانی مردووەو لە گۆڕستانی عەبابەیلیٚ نێژراوە..

### نموونەیەك لە شیعرەکانی

**پرتەوی ڕەنگت**

ئەی پرتەوی ڕەنگت وەکو ڕەنگی هەمەڕەنگە
خاڵت بە مەسەل زولفی سیاهت شەوە زەنگە
بەزمو تەرەب ئامادەیە، ساقی مەیی فەرموو
دەنگی دەفو ناڵەی نەیو ئاوازەیی چەنگە
لێوت کە وەکو لەعلی درەخشانە بە ئاڵی
گەنجووری نیگەهبانی دەهانو دەمی تەنگە
تابووری موژانت لەگەڵ ئەگریجە بەرابەر
وەستاوە ئەڵێی عەسکەری ژاپۆنو فەڕەنگە
سەد نامی خودا بێ لە دوبستانی ئەنارت
گردو شلكو نازكو پڕ چنگو قەشەنگە
صەیدی دڵی من خەستەوو خوێنینە بە قوربان
پێکراوی موژەی تۆیە، نە کوژراوی تفەنگە

سەر گەشتەوو ئاشوفتەیی عەشقم وەکو فەرهاد
کێوم بەدەن‌و سینەوو سەر پەنجە قوڵەنگە
چاوت بە نیگەهـ ئافەتی دڵهایەوە لێکین
بۆ چ وایە کە ئەبرۆیی کەچت مەیلی بە جەنگە
عاجز بووم کە ڕووم خستە بەری پێی‌و وتی پێم
ئەی ئەبلەهەکە، کەی ماڵشی ئاوێنە بە سەنگە
مەنعی مەکە (تاهیر) کە ئەگەر مات‌و خامۆشە
دێوانەیی ڕووی تۆیە، نە شێت‌و نە دەبەنگە.






**جزیری**: (١٤٠٧ز- ٨١٠ك) (١٤٨١ز-٨٨٦ك)

مەلا ئەحمەدی کوڕی شێخ محەمەدە، خەڵکی ناوچەی جزیرو بۆتانەو لە عەشیرەتی (بوختی) یەو، بە مەلای جزیری بەناوبانگە.

زانای ئایینی‌و فەیلەسووفی تەسەوف‌و خواپەرستە.

یەکێکە لەکەڵە شاعیرەکانی بواری (تصوف – ئیلاهیات) ، (غەزەل)و هیتریش. شیعری بە کوردی‌و فارسی وتووە، هەندێك لە شیعرە فارسییەکانی لەگەڵ شیعری حافزی شیرازی تێکەڵ کراون‌و بەناوی ئەوەوە بڵاوکراونەتەوە شارەزاییەکی باشی هەبووە لە زانستەکانی ئایینی‌و عەرەبی‌و ئەدەبی فارسی‌و بەلاغەتدا.

سەرەتا لای باوکی‌و دواییش لە حوجرەی مزگەوت خوێندوویەتی لە جزیرو هەکاری‌و دیاربەکرو عەمادیەو چەند شوێنێکیتر. (ئیجازەی عیلمی) لای مەلا تەها ناوێك وەرگرتووەو، بووەتە مەلاو دەرسی بە گەلێ فەقێ وتووەو ئیجازەی بە چەند فەقێیەکیش داوە.

سەرچاوەکان باس لەوە ئەکەن کە عەشقی پاکی بێگەردی (خوایی) (سەلما) ی کچی مەلێك کامیل مەلای پەلکێش کردووەو لە مەلایەتییەوە بەرەو (تصوف)و ئیلاهیات‌و شیعر لە ئەنجاما وازی لە مەلایەتی‌و دەرس وتنەوە هێناوەو چووەتە ناو جیهانی رازونیازو دێوانەیی‌و شیعرەوە. ئەو مەلیك کامیلەی باوکی سەلما ئەمیری‌و ولاتی (حەسەنکەیف) بووەو سەر بە (میرزا شارووخی) کوڕی ئەمیر تەیمووری گورگانی بووەو، واش ئەگێڕنەوەو ئەڵێن گوایە بە مەلای وتووە کە سەلمەت دەدەمێ ، ئەویش دەشتی گرتووەتە بەرو ئیتر تا مردووە هەر بە دێوانەیی ماوەتەوە. هەندێ تریش ئەڵێن بۆ تاقی کردنەوەی عیشقە حەقیقییەکەی، سەلمایان بە تەنها ناردووە بۆ لای لە چۆڵێك، هەر کە سەلمای بینیوە رایکردووەو هەڵاتووە، سەلما هەر چەند خۆی لێ نزیك کردووەتەوە ئەو دوورتر کەوتووەتەوەو بەجێیهێشتووە. ڕیوایەتێکی تریش ئەڵێ کە باوکی سەلما پێی وتووە سەلمات ئەدەمێ یەکسەر مردووە، سەلماش لەگەڵی گیانی سپاردووە. هەر یەکێك لەم ریوایەتانە راست بێت، یان هیچیان راست نەبێت ئەوە راستە کە مەلای جزیری لە ماددییاتەوە چووەتە ناو دەریای سافی مەعنەوییاتەوە..



لە جزیرا بۆتان یان (گزر تاد دووقردوو) لە دایکبووەو هەر لەوێش مردووەو نێژراوە..

**نموونەیەك لە شیعرەکانی**

من دی سەحەر، شاهی مەجەر، لەبسی دبەر مەخموور بوو
ئەو دیم زەڕی، سوڕ موشتەری، یا ڕەب پەری یاحوور بوو
حووری وەشە، شیرین مەشە، کاکۆڵ ڕەشە، خاڵ حەبەشە
خالین دڤەر، مسکە تەتەر، نازك بەشەر کافوور بوو
نازك لەتیف، گەردن خەفیف، لەبسی شەریف، کیخمەو قەدیف
من دی بە وەخت، ئەو نیك بەخت، ئیرو لە تەخت فەغفوور بوو
فەغفوور سوڕە، سیما دوڕە، هەیبەت پڕە، پڕ دل گڕە
ئەو ها تەمەش، من چوومە هەش، دل من ژ عەشقی فوور بوو
دل بوو گڕی، زایابەڕی، لازم هەڕی، دی ئەو زەڕی
من دی گەلەك، ئەو سوور مەلەك، وەك مەشعە لەك پڕ نوور بوو
دیم فەنەرە، خاڵ عەنبەرە، بوو ماوەرە، لەب شەکەرە
ئەو مەی پەرست، مەشهاو مەست، جاماد دەست فەرفوور
مەی بەرکەفی، مەشها وەصفی، سۆزا دەفی، دا قەر قەفی
حوسنا لە دیم، وەصفا مەشیم، هەرچی دەبیم ژی دوور بوو
دا من سرووش، وەر مەی بنووش، زەوق‌و خرووش، لوچووم ژ هووش
ژی عیشوەیا، یار بو خویا، ئەو نەژمە یا ئەنگوور بوو
من دی بەخواب،ئەو ماهتاب، دادل کەلاب، جوهتی غوراب
ل شەویشاند، خوون لێ ڕشاند، خووش هەر ڕشاند، لیك هوور بوو

هوور کر جەسەد، قەوسی صەمەد، تیر دان کەبەد، دادو مەدەد
جەرحان ژ نوو، خوون دا بەکوو، عەشقا مەلوو مەشهور بوو
لوویەك نەسەق، من تین سەبەق، نوورا بە حەق، دادل شەفەق
شیرین لەبی، دیم کەوکەبی، لی بەندەبی دەستوور بوو
دلبەر سەحەر، دامن نەڤەر، خەجلیم ژ بەر، لی ئەو قەدەر
زانیم کەوا، ئەو مەه رووا، وەك لو ئلووا مەنشوور بوو
پاش فیرقەتی، زۆر محەبەتی، مەه تەلعەتی، چووم حەزرەتی
وەصلا حەبیب ،من بوونصیب ،مەلعوون ڕەقیب رەنجووربوو
جاما زولال ،خەمرا حەلال ،یاری شەپال ،دامن بەحال
ئەشقاغەدار ،سووهتی ستار ،مەهرو ویار،سەد سوور بوو
شاهی چەڤین ،غەم ژی ڕەڤین ،ماری شەڤین ، ئیسانت ئەڤین
دەردو بلا ،وین چوون هەلا ،عومرەك (مەلا) مەهجور بوو
پرمن زەجر ،دیتن هەجر ،مابوو ئەجر ،سوبح و فەجر
شەمعامەهل ،بوو سەد مەحل ،منەت مەدل مەسروور بوو
ئیحرام مەبەست ،ئەسوەد بەقەست ،یارهاتە مەست ،ئەز چوومە دەست
جوهتی حەبەش ،تیردان بەوەش،حەجامە خوەش مەبروور بوو
یار وەعدەدا ،بەعەین خودا،دەربامەدا،چین پەردەدا
دەسپیدەی ،چووم وەعدەی ،کووژبادەی مەخموربوو
وی کاکولی،چینن دلی،قەلبی ملی،داڤ دانەلی
داڤادلان،ناڤ سونبولان،سەر سوور کولان مەنقوور بوو






**حەمدی**: (١٨٧٦ز-١٢٩٣ك) (١٢/١١/١٩٣٦ز-٢٨/ شەعبان/١٣٥٥ك)

ئەحمەد بەگی کوڕی فەتاح بەگی ئارازی کوڕی ئیبراهیم بەگی کوڕی مەحموود بەگی کوڕی ئەحمەد بەگی گەورەی ساحێبقرانە، ئەحمەد بەگ یەکێك بووە لەدوانزە سوارەی مەریوان.زانا و ڕۆشنبیر و پێشکەوتن خواز و شاعیرە لەتەمەنی هەشت ساڵیدا نراوەتە بەر خوێندن.

لەپێشا لەقوتابخانەی مەلا عەزیزی زەلزەلەیی لەسلێمانی، دوایی چووەتە لای مەلا سەعید ـ خواجە فەندی ـ لەمزگەوتی عەزیز ئاغا.لە قوتابخانەی حکوومیشا پۆلی یەکەمی (رشدیە) ی خوێندووە. لە پاشا علوومی ئایینیو عەرەبی لە چەند مزگەوتێك هەر لە سلێمانی خوێندووە کە یەکێك لەوانە خانەقای (مەحوی) یە.

یەکێکە لە شاعیرە کلاسیکەکانی کورد نەوەی دووەم (دوای سێکوچکەی بابان). شیعرەکانی ئایینی و نیشتیمان پەروەری و کۆمەڵایەتی و فیکری و فەلسەفین. بەلاغەتیش بە زۆری لە شیعرەکانیدا بوونی هەیە. دیوانێکی شیعری بە کوردی و فارسی و تورکی هەبووە، بەڵام لەکاتی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئینگلیزەوە لەگەڵ خانووەکەی و کتێبخانەکەی سووتاوە حەمدی داکۆکی زۆری کردووە لە مافی چینی ئافرەت و لە فێرە خوێندەواری کردنیان و رۆشنبیرکردنیان، هەر بەو مەبەستە لەگەڵ (نووری شێخ ساڵح) ی رۆشنبیرو شاعیر لە ساڵی (١٩٢٦) یەکەم قوتابخانەی کچانیان لە سلێمانی دامەزراند. (فاتیمە محێدین) ی خێزانی و (گوزیدە یا موڵکی) خێزانی (عەبدولعەزیز یا موڵکی) بوونە دوو چرای بەرایی رێگای رووناکی لەو قوتابخانەیەداو، کەوتنە خزمەتکردن لە بواری پەروەردەو زانستدا، گوزیدە بەڕێوەبەرو فاتمە مامۆستای قوتابخانەکە بوون.

ماوەیەك سەرۆکی دایرەی گومرگ و ماوەیەکیش وەزیری دارایی بوو لە حکومەتەکەی شێخ مەحموودی نەمردا. کە حکومەتی عێراق دامەزرا کرا بە سەرۆکی شارەوانی سلێمانی، دواییش بە نازری ئەعشاری ناوچەی سووورداش دامەزرا، بەڵام زوو ئەو فرمانەی بە جێهێشت و، لەوە بە دواوە هیچ فرمانێکی حکوومی نەبینی.



لەگەڵ شێخ مەحموود هەندێ جار نێوانیان خۆش بووەو جار جاریش تەواو ئاڵۆز بووە. لەکاتی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئینگلیزەوە لەگەڵ شێخدا بوو لە بەربەرەکانی کردنیان. کە شێخ بەدیل گیراو نەفی کرا بۆ هیندستان ئەو هەڵات و لە کەژو کێوەکان خۆی شاردەوە. لە سلێمانی لە دایکبووەو هەر لەوێش مردووەو لە گردی سەیوان نێژراوە..

**نموویەك لە شیعرەکانی**

**ئەی وەتەن**

ئەی وەتەن رۆمو عەجەم موشتاقی کوردستانتە
ئیفتیخاری میللەتی کورد شەوکەتی عینوانتە
بەستە سەربەرزی سبەینان و شەوانت رۆژ مانگ
وەك نیشان و ئیحترامی سینگ و نەجمەی شانتە
بەرق ئەداو ئەرژێ وەکو ئەمواجی کەوسەر چەشمەکان
ئاوە، یا ڕۆحی ڕەوانی چەشمەیی حەیوانتە
ئاوە، یا نوورە لە عەکسی خۆر کە ئەبریسکێتەوە
ئەهلی حیکمەت وا ئەزانن دوڕەکانی کانتە
گوڵ گوڵی سوورو سپی، خاڵ خاڵی خاکی گەوهەرت
پۆدرەی ڕوخسارو سورمەی ڕشتنی چاوانتە
عاشقی ڕەنگی خەزانی تۆیە بۆیە دێ فەسڵی بەهار
فەسڵی هاوین گەرمە، مەیلی بەفرەکەی زستانتە

چونکە عەمماری زەخیری کائیناتە شارەزوور
شەهر بازاڕ خوانی میوانەو، لەبەر میوانتە
باسی میوەی تۆ دەکەم بۆیە قەڵەم هاتۆتە بەر
بەستەکانم بەستەیی ئەهلی دڵ و عیرفانتە
بۆ ئەمەی جاریّ بەسەرتا پیّ نەنێم ئەفکاری من
یا بەسەر ڕۆیشتنە، یا سەر بەسەر هیجرانتە
پلپلەو لاگیرەیی زێڕینی جوانی قەومی تۆ
زرزرەو پشتینەیی بەردینی قەد شاخانتە
ئاسمان و شاخی بەرزو پانی ئەرزت دیارییە
ماڵای کوردیت و ئەوە دیواری حەوشەو بانتە
کورد کوڕە کاژاوی لووتی وا بڵند کردۆتەوە
هەر وەکو شەمدینی بادین ئارەزووی بارزانتە
پەیکوڵی تا قەسری شیرین راکشاوە پێکوڵی
دەشتی قەندیلت درێژە بۆ چرا چی وانتە
پیرە مەگروون تاجی شاهانەی بە سەربەستی فڕاند
تەم دەماوەند داگریّ مەحجووبی هەورامانتە
خەتتی دیوانی شکستەی گرت و لووتی بەرزی شاخ
ڕۆشنە بۆ سەربەخۆیی، تورەیی فەرمانتە
جاروبار (حەمدی) گلەت گەر لیّ بکا ناحەق نیە
جەردە ڕامەگرە، نەڵێن خەڵقی کە جانی جانتە





(حاجی قادری کۆیی ١٨١٥-١٨٩٢)ی شاعیر
لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەدین سەجادی
چاپی دووەم ١٩٧١

**حاجی قادری کۆیی:** (١٨١٦ز-١٢٣١ک) (١٨٩٧ز-١٣١٥ک)

حاجی قادری کوڕی ئەحمەدی کوڕی مەلا صالّحی کوڕی مەلا ئەحمەدی گەورەیە. زانای ئاییني و شاعیری نیشتیمان پەروەرە. شیعری بە کوردی و فارسی وتووە. شیعرەکانی نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی و وصف و سەر زەنشت و غەزەل و هتد.. شیعرەکانی بە چرای ڕێگا ڕۆشنکەری نەتەوەی کورد دائەنرێن. بە قوتابی ئەحمەدی خانی دائەنرێت، چونکە کە چۆتە ئەستەنبووڵ و شیعرەکانی ئەوی خوێندووتەوە راستەوخۆ وازی لە غەزەل هێناوەو ڕێبازی کوردایەتی و نیشتیمان پەروەری و کۆمەڵایەتی گرتۆتە بەرو هەر بە چەشنی ئەو دەردەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بەیان کردووە، دەرمانەکانیشی

دیاری کردووە کە خەباتی بێ وچانو خوێندنو یەکێتیو پەیداکردنی چەك بۆ سەندنەوەی مافو وەبەرهێنانی بەرهەمی خۆماڵی . دوژمنە سەر سەختەکانی میللەتی کوردیشی دەست نیشان کردووە کە ڕۆمو عەجەمن. پەیوەندیشی بە بنەماڵەی بە درخانییەکانەوە تەکانێکی گەورەی داوە بە چوونە ناوکۆڕی تێکۆشانو دەریای کوردایەتییەکەیەوە.

حاجی قادر هێشتا منالٚ بووە باوکی مردووەو، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا نراوەتە بەر خوێند لای مەلا ئەحمەدی گونبەتی خالۆزایو بە چاودێری حاجی بەکر ئاغای کویە لە مزگەوتی موفتی لە کۆیە، دوایش بۆ خوێندن ئەم شوێنانە گەڕاوە: خۆشناوەتی، هەولێر، سەردەشت، سابلاخ، شنۆ، سلێمانی، باڵەکایەتی. پاش تەواوکردنی خوێندن ئیجازەی عیلمی لە ئێران وەرگرتووە، ئەمجا گەڕاوەتەوە بۆ کۆیەو ماوەیەك لەگەڵ مەلا عەبدوڵلای جەلیزادەو ئەمین ئاغای ئەختەری شاعیرو حەماغای کۆیە بە خۆشی ڕایانبواردووە.

حاجی قادر چاك لە شێخە بە رواڵەتو ئایین فرۆشەکانو ئەوانەی بەهۆی ئایینەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان خەڵکیان ئەخەڵەتاند گەیشتبوو، لە شیعرەکانیدا هێرشی ئەکردە سەریانو رووی راستەقینەیانی دەرئەخست. دوای ئەو هەموو خەمخۆرییەی بۆ کۆیە حاجی سەیری کرد هیچ ڕێزی شایستەی لێناگیرێ لەلایەن خەڵكو تەنانەت خزمەکانی خۆیشییەوە. ئیتر کەڵکەڵەی چوونە ئەستەنبووڵی پایتەختی خەلافەتی عوسمانی کەوتۆتە سەریو چوو بۆ ئەوێ، لەوێ



بووە بە مامۆستای کوڕەکانی بەدرخانییەکان، ئیتر نە گەڕاوەتەوە بۆ نیشتیمانو تاماوە هەر لە ئەستەنبووڵو بە ڕەبەنی ژیاوەو ژنی نەهێناوە. لە گوندی (گۆڕ قەرەج) ی نزیك کۆیە لە دایکبووەو لە ئەستەنبووڵ مردووەو لەبەری (ئوسکودار) لە گۆڕستانی (قەرەج ئەحمەد) نێژراوە..

### نموونەیەك لە شیعرەکانی

ئەگەر کوردێك قسەی بابی نەزانی
موحەققەق داکی حیزە، بابی زانی
وەرە با بۆت بکەم باسە نیهانی
تەفەننون خۆشە گەر چاکی بزانی
صەلاحەددینو نوورەددینی کوردی
عەزیزانی جزیرو مووشو زانی
موهەلهەل، ئەردەشێرو دەیسەمی شێر
قوبادو بازو میری ئەردەلانی
ئەمانە پاکیان کوردن نیهایەت
لەبەر بێ دەفتەری ون بوونو فانی
کتێبو دەفتەرو تەئریخو کاغەز
بە کوردی گەر بنووسرایە زوبانی
مەلاو شیخو میرو پادشامان
هەتا مەحشەر دەما ناوو نیشانی
بەزیددی میرو پادشامان بڕاوە

بەسە با بێینە سەر ڕێی میهرەبانی
کە دەیگووت شێخی من من دەستگیرم
لە لام وا بوو لەبەر جەهلو جوانی
کە پیر بووم تێگەیشتم دەستی گرتم
لە کەسبو کارو تەحصیلی مەعانی
بەڵێ شێخ قوطبە، ئەمما قوطبی ئاشە
بە ئاوو نیعمەتی خەڵقە گەڕانی
لە بۆ ژن دێ لە کۆڵان وەك سەگی هار
لە ژن هەڵدێ بە میسلی کەر لە خانی
بلێ بەو سەر کزۆڵەی کوز پەرستە
بە چاوی کلدراوو ڕیشی پانی
کە نەفعێکت نەبێ بۆ دینو دەوڵەت
بە من چی (نەقشبەندی) یانە (مانی)
کەسێ پیاوەکە دانێ وەك (حەماغا)
لە بۆ ئەبنائی جینسی نانو خوانی
وە یاخود وەك (ئەمین ئاغا) بە هیممەت
بکا بۆ قەصری میللەت پاسەوانی
بلێ لەم بەحسە هەر کەس مونکیری تۆن
بفەرموو سەهلە ڕێگەی ئیمتیحانی
بە ئوممێدی دوو سێ دانایە (حاجی)
بە هەرزانی دەدا دوڕی گرانی..





(حەریق ١٨٥١-١٩٠٧)ی شاعیر
لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردیی‌ی عەلائەدین سەججادی
چاپی دووەم ١٩٧١

**حەریق**: (١٨٥١ز-١٢٦٨ك) (١٩٠٧ز-١٣٢٥ك)

مەلا صالحی کوڕی مەلا نەصروڵلایە .

باوکی لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی (کاشتەر) ە لە بناری چیای شاهۆ لە نێوان هەورامانی لهۆنو جوانڕۆو مایدەشت. زانای ئایینیو شاعیرە. سەرەتا لای باوکی دەستی بە خوێندن کردووە. لە پاش خەتم کردنی قورئانی پیرۆزو خوێندنی چەند وردە کتێبێك بە مەبەستی وە دەستهێنانی علوومی عەرەبیو ئایینیو ڕوویکردووەتە گوندو شارو شارۆچکەکانی کوردستان لەوانە:

سلێمانی، قەرەداغ، بیارە، پێنجوێن، موکریان، دوای بڕینی قۆناغەکانی خوێندنی (مەلایەتی) بووە بە مەلاو لەم شوێنانە مەلایەتی کردووە:

١- گوندی (ساحێب) ناوچەی سەقز.

٢- گوندی (قاراوە) ناوچەی بۆکان.

٣- گوندی (شەرەفکەندی).

٤- گوندەکانی ناوچەی شار وێرانی ناوچەی مەهاباد.

٥- مزگەوتی (سەید حەسەن) لە شاری مەهاباد. لە پاشان هەر لەو مزگەوتە بوو بە مودەڕیس.

حەریق شیعری بە کوردیو فارسیو وتووەو شیعرەکانی تەصەوفو ئایینیو غەزەلو فەلسەفیو کۆمەڵایەتیو خۆشەویستیو شین دا شۆڕینو لاواندنەوەن.

ئیلهامی شیعری لە (نالی)و (مەولەوی) وەرگرتووەو لە شیعرەکانیدا شوێن پێی نالی هەڵگرتووەو، لە شیعرەکانیدا زۆر بەلاغەتی بەکارهێناوە.

تەریقەتیشی لای شێخ (یوسف شەمسەدین) شێخی (خانەقای بورهان) وەرگرتووە.

لە گوندی (زێویە) ی سەر بە ناوچەی سووررداش لە دایکبووەو لە (سابلاخ) مردووەو لە گۆڕستانی جامی نێژراوە.



**نموونەیەك لە شیعرەكانی**

هەوری خەفەتە بەفری غەمی داوە بەسەرما
یا سەرِ سەڕی نوورینە کە لێی کردمە مەسەرما
گاهێ بەشەرارەی غەمو گەهو سەرِ سەڕی هیجران
خۆشی نەبوو بۆ من نە بەگەرما نە بە سەرما
کەوتۆتە سەرم ئەشكو غوباری ئەلەمی دڵ
یەعنی کە قوڕی میحنەتە کردوومە بە سەرما
گەر ئەچمەوە (صاحیب) نیە هیچ مونیسی جانی
گەر دێمە (سەقز) ناری سەقەر وا لە جگەرما
شاهیدمە حەواسم کەسەکەم، چەندە کەساسم
بەخوا نیە غەیرت لە خەیاڵو لە نەزەرما
هەر چەندە بە جیسمانی کە دوورم لە حزوورت
رووحانییەتت ثە بتە لە نێو زوبدەی جگەرما
تۆفانی سرووشكم چوە سەر جوودی وجوودم
کەشتی تەنی تەنیا نوقمە، نە نووحو نە ئەثەرما
لەوساوە کە تۆ ڕۆیی، دلم ڕۆیی بەدووتا
هێلانەیی تەن هەر وەکو مەئوایی سەقەرما
بێ فەوجی وەفاکەت کە جەفا پەروەرە ئیمڕۆ
ئەم لەشکری ئاهی منە بێ فەتحو زەفەرما
لەم قەسوەتەدا تا وەکو کەی پەر دەیی زوڵمەت

بەر چاوی دڵم بگرێ، دەسا بێ بە گوزەرما
ئایینەیی دڵ ژەنگی قەساوەت ڕوخی پۆشی
خاکستەری دڵسوختەیی بێنە بە سەرما
مەڕوانە بە زاهیر کە بە بێ قووتمو ڕووتم
ڕوو قووتی خەیاڵت غەزەلی چاکە لەبەرما
سەرمایەیی ئەم موڵکی خەیاڵاتە (حەریقی)
حەیفێ کە تەڵەف بوو، بە هەدەرچوو، بە زەرەرما..





**حەسیب قەرەداغی**: (١٩٢٩ز-١٣٨٤ك) (١٩٩٧/١/٩ز-١٤١٨ك)

حەسیب کوڕی شێخ عەلی عەبدولڕەحمان ناسراو بە (مامۆستا شێخ عەلی) سەر بە بنەماڵەی شێخانی مەردۆخی قەرەداغە.

بە منداڵی لای باوکی دەستی بە خوێندن کردووە.

لەو کاتەی قوتابخانەی فەرمی لە گوندەکەیان کراوەتەوە لە پۆلی سێهەم وەرگیراوە، پۆلی پێنجەم و شەشەمی لە قەرەداغ تەواو کردووە.

کەش و هەوای گوندەکەیان کە شێخنشین بووەو مزگەوت و کۆڕی مەلاو فەقێیان و کۆڕی شێخان و ئەڵقەی زیکرو ئەڵقەی دەروێشان و موناجاتی دەنگخۆشان و دەف و شمشاڵ و خوێندنی قورئانی پیرۆزو عولومی عەرەبی و ئایینی، هەموو ئەمانە کاریگەرییان لە بونیادی ئەقڵ و ڕۆحی هەبووە بە منالی.

شیعرەکانی نالی و سالم و مەحوی و قانع و زێوەرو بێکەس و مصباح الدیوانی ئەدەب و تاهیر بەگی جاف و، لە شاعیرانی فارسیش سەعدی و حافز بوونەتە هەوێنی شاعیرییەتی.

هەر بارو زرووفی ئەو گوندە لە خەڵوتکێشانی دەروێشان و خواپەرستی و هەژاری و نەبوونی ماڵە جوتیاران و بەرخ لەوەڕاندن، ئەمانە هەمووی بەردی بناغەی بیرو هۆش و سۆزیان داناوە لە کاتی منالی و هەرزەکارییداو بە ئاشکرا لە شیعرەکانیدا ڕەنگ ئەدەنەوە. ئەوەتە لە پۆلی سێهەم بووە کە دەستی بە سروود دانان کردووە.

لە ساڵی ١٩٤٧ لە (دار المعلمین الریفیه) لە مەحاویل وەرگیراوە، بەڵام بەهۆی مانگرتنەوە لە ڕاپەڕینەکەی ١٩٤٨ دەرکراوەو گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و لە ساڵی ١٩٤٩ لە دواناوەندی



وەرگیراوە. لەوێش هەر نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات. ئیتر گەڕاوەتەوە بۆ گوندی سۆڵە.

شیعرەکانی بە زۆری لەم بوارانەدان: عەلمانییەت و ئایینی و دەروێشی و سروودی حەماسەت و زیکرو فیکری زاهیدانەو ژیانی کولە مەرگی جوتیارو شوان و نەهامەتی هەژارانی لادێن.

حەسیب قەرەداغی لە ساڵی ١٩٥٥ بۆ ساڵی ١٩٥٨ چەندین جار زیندانی کراوە لەسەر بەشداری کردن لە ڕێپێوان و مانگرتن و خوتبەو شیعر خوێندنەوە. لە ساڵی ١٩٦٣ بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیو لە نوگرە سەلمان بەندکراوەو لەو ماوەیەدا بە هۆی تێکەڵبوونی بە زاناو شاعیرانی کوردو عەرەبەوە ئەوەندەی تر بیرو هۆشی شاعیرانەی فراوانتر بووە. لە ساڵی ١٩٦٥ بۆ ساڵی ١٩٦٩ دوورخراوەتەوە بۆ بەغدا لە ساڵی ١٩٨٣ تەکانێکی بەرچاوی داوە بە داڕشتنەوەی بونیادی ئەقڵ و فیکرو هەست و سۆزی.

مردنی دوو کچی لە ماوەیەکی کەمدا، یەکێکیان بە کارەساتی ئۆتۆمبیل، ئەوی تریان بە نەخۆشی شێر پەنجە وەرچەرخانێکی گەورەیان پەیدا کردووە لەسەر زمان و شێوازو جیهان بینی.

لە گوندی سۆڵەی چرچە قەڵای ناوچەی قەرەداغ لە دایکبووەو لە سلێمانی مردووە..

## نموونەیەك لە شیعرەكانی

بەبۆنەی دروستكردنی پەیكەری شاعیری مەزنی كورد حاجی قادری كۆیی، حەسیب قەرەداغی ئەم پارچە شیعرەی هۆنیوەتەوەو لە كاتی لادانی تارا لەسەری‌و لەبەرانبەریدا خوێندوویەتیەوە:

حەرفی كوردی گیانی كەی بوو پێش ئەوەی تۆ دەركەوی
تۆ بە پرچی رۆژی ڕوونا بۆ نیگای بیر سەركەوی
قۆڵی مەردی هەڵبكەیت‌و پێشەوابی‌و بەركەوی
مامە حاجی ئەو تەوژمەی دات بە حەرف‌و بیری كورد
وای شەپۆڵدا تۆ ئەمێستا پێشی سەد ڕەهبەر كەوی
كاتێ دنیای ئەم گەلەی تۆ یەك تروسكەی تیا نەبوو
دەستی شەوگاری دڕندە قەت لەبینی جیا نەبوو
لەم سنوورەی بێ سنووریا بێ قەباڵە و یانە بوە
مامە حاجی ئەو چرایەی تۆ هەڵتكرد بۆ ژیان
دای لە چاوو ،چاوگە دەركەوت پڕ لەخۆی ئەفسانە
كاتێ پێیان نایە بینی شیعری كوردی و هاتوچۆ
گۆشتی برژاوی دەروون و قیمە كێشی جووت برۆ
ماری زوڵف و تیری برژانگ،وەعد و پەیمانی درۆ
مامە حاجی شیعری تۆ بوو بانگی ئەم خەڵكەی ئەكرد



تیشكی ئاسۆ باسكی ئیشە بۆ بەیانی ڕۆژی نۆ
كاتێ لەم خاكە بە تەنها دەنگی قرخی تەیلەسان
بۆنی جادوو، قرچی تەزبیح، هەڵمی یاهوو هەڵئەسان
ئەم وڵاتە پاكژێك بوو بۆ لەوەڕگای ناكەسان
مامە حاجی نووكی خامەت وەك بروسكە دای لە شاخ
تاڵی تەزبیح، پێچی مێزەر، تۆپی ڕیشیشی پسان
ئەو دەمەی كورد ڕووی لە دەرگای پان‌و دەست‌و پا ئەسوو
بۆ هەموو قیلێكی فەتواو خوتبەكانیش دا ئەبوو
بۆ دەوامی تەختی زۆردار هەر دەسەو دوعا ئەبوو
مامە حاجی دەنگی تۆ بوو جوێنی بەو قیلە ئەدا
خەنجەری لۆمەی كوشندەت ڕووی لەسەد فەتوا ئەبوو
كاتێ فێڵ‌و دەس بڕین‌و خۆپەرستی پایەبوو
نۆكەریی زۆرداری خوێنمژ بۆ گەلێ كەس مایە بوو
چاوی خامەو دێڕی تۆمار ڕووی لە دەست‌و سایە بوو
مامە حاجی خامەكەی تۆ دێڕی بۆ زۆر ڕائەخست
مانگی تۆ ماو دێڕی سەر شۆڕ وەك حەپەی سەگ زایە بوو
كاتێ هێشتا دەنگی ئازاد ناوی ئازادی نەبوو
ئەم دەسەی كورد لەو دەسەی كەی تیغی زۆرداری ئەسوو
بەردی دیواری سنوورمان هەر بەرەو خۆ رۆئەچوو
مامە حاجی باوەڕی تۆ بانگی یەكێتی ئەكرد

شێری مەیدان خۆت و ئالات، بێ کەسی تر دوو بەدوو
پێشەوای حەرفی دلێرو خوای وشەی بێباکی کورد
حەرفی کوردی، شیعری کوردی، ناونیگاری خاکی کورد
جێ دەسی تۆی پێوە دیارە ڕابەڕی ڕێی چاکی کورد
وەك قوتابی وام لە ڕێتا دەست لەسەر چاوی هیوا
شاعیرێکم ڕابەرم تۆی بۆ مەبەستی پاکی کورد
دەنگ دلێرین خۆم و حەرف و شیعرەکانی پڕ هیوام
وا مەزانن شاعیرێکم بێ مەبەست و بێ خوام
بۆ هەژاری کوردە بەستەم من بە هەر سۆزێك دوام
شەرمە بۆ هەر شاعیرێکمان ڕێ بە دێیی تۆنەکات
مامە حاجی شایەتم بە من لەسەر بنجت ڕوام
خاکی خوربەت تۆ ئەزانی کێ لە دڵتا نوستووە
ڕابەری ڕێی میلەتێکە دادی بۆ تۆش ویستووە
ئەو شەهیدە شۆڕە سوارە باوەڕی هەڵکردووە
پێکی ئازاری ئەنۆشین کەس نەدا ئازاری ئەو
مامە حاجی ڕەهنمایەو نامرێ هەر زیندووە..



**حەمدوون**: (١٨٦١ز-١٢٧٨ك) (١٩١٧ز-١٣٣٦ك)

مەلا حەمدوون، زانای ئایینی و شاعیرە. لە خێزانێکی هەژاری بێ نەوا و بێ دەرامەت بە کوێری زگماکی لە دایکبووە. لە تەمەنی منالّیدا نراوەتە بەر خوێندن، لای مەلاو فەقێیانی سلێمانی قورئانی پیرۆزی لەبەر خەتم کردووەو، وەکو فەقێکانی تر چەند وردە کتێبی فارسی و عەرەبی و ئایینی کە لەو زەمانەدا باو بووە هەر لەبەر خویندووەو، هەمووشیانی زۆر بە باشی و ڕێکوپێکی وەرگرتووەو فێریان بووە. ئەمجا لە حوجرەی مزگەوت بەردەوامبووە لە خوێندن تاکو قۆناغەکانی خوێندنی ئایینی بڕیوەو بووە بە مەلا.

مەلا حەمدوون زۆر زیرەك و بلیمەت بووە، هەرچەندە نابینا بووە بەڵام زۆر شتی سەیری لێ ئەگێڕنەوە کە هەندێکیان هەرگیز لە دەستی زۆر چاوساغ نایە. وا لێرە هەر وەکو نموونە هەندێك لەو بلیمەتییانەی باس ئەکەین:

١- کاتژمێرە باخەڵیەکەی خۆی کە پیس ئەبوو بە دەستی خۆی داغانی ئەکردو، دوای ئەوەی کە هەر خۆی ئەیشوشت چاکی ئەکردەوەو ئەیخستەوە ئیش، تەنانەت ئەگێڕنەوە کە جارێکیان میلی دەقیقە ژمێرەکەی لێ ون بووە، هەستاوە بە دروست کردنی میلێك لە توێکڵی قامیش و ماوەیەك کاری کردووە.

٢- بە دەنگی ژێر پێ لە ڕۆیشتندا کچ و ژنی لێك جیاکردووەتەوە.

٣- زیوی ڕاستەقینەو زیوی قەڵبی لێك جیاکردووەتەوە.

٤- بە بیستنی دەنگی مرۆڤ زانیویەتی کە خاوەن دەنگەکە کورتە باڵایە، یان باڵا مامناوەندییە یان باڵا بەرزە.

جگە لەوانە زۆر شتی سەیر سەیری تریشی لێ ئەگێڕنەوە.

لە سلێمانی لە دایکبووەو لە هەڵەبجە مردووەو لەژێر دارەکەی (پیر محەمەد) نێژراوە.

نموونەیەك لە شیعرەکانی

مەلا حەمدوون ئەگەر چی نابینای زگماك بووە، -----------
--------



لە پارچە هۆنراوەیەکدا بە ناونیشانی (شەڕی سەفەربەلك) وەسفی قاتوقڕیو نەهامەتی خەڵك و بارە نا هەموارەکەی (سەفەر بەلکی) کردووە، کە چۆن دەسەڵاتی ستەمکارانەی عوسمانی بەناو ئایینی ئیسلام و جیهادەوە خەڵکی ڕەشو ڕووتیان ئەچەوساندەوەو دووچاری ئەو ماڵ وێرانیو گرانییە گەورەی کردن. بە شێوەیەك وەسفی کردووە هەر وەکو ئەوەی بەدوو چاوی ساغ بینیبێتی. ئەمەش دەقی هۆنراوەکەیە.

### شەڕی سەفەر بەلك

ئەم ڕۆژە چ ڕۆژێکە کە عالەم شڵەژاوە
هەر کەس بە جەخارێ جگەری قیمەکراوە
دنیا پڕی ئاشووبە خەلایق بە عموومی
ئاسایشی لێ مەنعە ئەڵێی هێرشی ئاوە
کامەی کە ئەڵێی خۆشییەتی دوورە لە میحنەت
ڕیشەی دڵی ئاڵاوە بە سەد دەردو بەڵاوە
گیرۆدەیە ئەم عالەمە هەر کەس بە سیاقێ
کەوتوونەتە زنجیرەیی ئەنواعی بەڵاوە
وەك تەرزە ئەبارێ بە هەموو دەم ئەسەف و غەم
هەوری غەزەب و قەهری خودا توندو بە تاوە
نێك و بەدی ئەم زومرەیی ئیسلامە بەجارێ

کەوتوونە کەشاکەش بە قوماندەو ئومەراوە
ئەم زاڵمی سەففاکی (سەفەر بەرلکە) ئەمڕۆ
فەرمانی بە خوێن ڕشتنی ئەم عالەمە داوە
ژاندرمە ئەسوڕێتەوە وەك واشەیی برسی
بۆ لاشەیی میللەت بەفڕو فێڵی غەزاوە
فەوتاوە لەبەر سوغرە کەرو ئێسترو یابوو
حوشتر سەقەتو شەل بووە، گا پشتی شکاوە
کەر شەوقی زەڕینی نیە حەتتا لە بەهارا
ترسی هەیە نەك بیخەنە ژێر باری قەزاوە
هەر شەش جیهەتی گرتووە ئاشووبو موسیبەت
مێشوولە مەجالی نییە بفڕێ بە حەواوە
تەییارە بە ئەسبابی شەڕو فیتنەوە دایم
جەولانی ئەلێی هەورە بەسەر مەرکەبی باوە
باڵۆنی هەڵۆ شێوە لەگەڵ دێتە تەحەڕوك
عالەم لە نەزەریایە مەسەل پۆڕی خوراوە
ئەم جووتە بەڵازادەیی باڵندەیە ئەمڕۆ
سەییارەیی فەوقن بە ئەلەکتریکی چراوە
عالەم لە شریخەو شەرەری دەمدەمی بۆمبا
حەیرانو سەرا سیمەیەو عەقڵی خەرەفاوە
بەرقی غەزەبی دانەوو نارنجەكو تۆربید



ئاگر ئەپرژێنن لە زەمینو لە سەماوە
شەو ڕۆژە لەبەر بەرقی قلیجو ڕم سونگی
لەمعەی قەسە تۆرەش بە مەسەل بەرقی هەتاوە
دەشتو جەبەلو بەحرو جزیرەو هەموو دونیا
شەقشەق بووە مەجمووعی بە دەم تۆپی قەزاوە
وشكو تەڕی ئەم سەتحی کورەی ئەرزە بە جارێ
گوڵگوون بووە، ڕەنگینە بە خوێنی شوهەداوە
تا حوکمی تەماشایی تەسەور لە هەموولا
هەر لاشەیی جنراوو سەرو دەستی شکاوە
ڕووسی غەمو ئینگلیزی خەفەت هەردوو بە جارێ
هاتوونەتە سەر مۆمنی عوشرەت بە سوپاوە
هەر لەحزەیی سەد لەك چ لە موئمین چ لە موشریك
واسڵ بەدوو جیمن بە عەتاوو بە خەتاوە
واپۆڕو سەفینەو بەلەمو کەشتییو ئوستوول
ئامادەیی حەربن لە هەموو لا تەنراوە
گیراوە بە هێزی چەكو تەییارەو سارۆخ
مەعموورە و وێرانە هەچی ناوی براوە
لەو ڕۆژەوە دنیا هەیە تا ئەم دەمە بێ شك
مەغلووبەیی بەم غایەتە نەبووەو نەکراوە
بۆ گرتنو بۆ کوشتنی ئەم عالەمە یەکسەر

ئەم عەرسەیی ئافاقە ئەڵێی حەلقەیی داوە
ئەم دینە لە پێشا وەکو سەرچاوەیی زەمزەم
بێ غەش بوو، ئەمێسا کە ئەڵێی عەینی قوڕاوە
بنچینەیی دەرکەوتووە بنیادی شەریعەت
یەکسەر هەرەسی بردووە، ئاساری نەماوە
پڕ گەردی غەمە ناوی سەعاتی دڵی عالەم
ڕەققاس و جەڕو زەنبەلەك و چەرخی شکاوە
یا ڕەبی لەبەر حورمەت و ئیکرامی (محەمەد)
ڕەحمێ بکە بەم باقیی ئیسلامە کە ماوە
کەم زۆرە ئەگەر نەسرەتی حەق ڕاهنما بێ
بێ نەسەرتی حەق لەشکری دارا سەرەواوە
(حەمدی) دڵی یەخسیری فەڕەنگی غەمە ئەمڕۆ
بەربوونی بەبەر بوونی گەرووی (بەسرە)و (فاو)ە.





**خاکی**: (١٨٥٣ز-١٢٥٥ك) (١٩٠٦ز-١٣٢٤ك)

مەلا محەمەدی کوڕی ئەحمەد، زانای ئایینی و شاعیرە، سەرەتا لە گوندەکەی خۆیان دەستی بە خوێندن کردووە، دوای خەتم کردنی قورئانی پیرۆزو خوێندنی چەند وردە کتێبی ئایینی و فارسی، بۆ وەدەستهێنانی علوومی عەرەبی و ئایینی چۆتە مزگەوتەکانی سلێمانی، لەلای (مەحوی) شاعیرو چەند مەلایەکی تر خوێندوویەتی، دوای چەند مزگەوتێکی تر چۆتە (سنە)و دوا قۆناغی خوێندنی مەلایەتی لەوێ بڕیوەو بووە بە زانایەکی باش. بەڵام بە پێچەوانەوەی زۆربەی مەلاکانی هاوچەرخی، مەلایەتی

نەکردووە بەڵکو بۆ دابین کردنی بژێوی خێزانەکەی، بەکرێ دەرسی فارسیو کتێبە سەرەتاییەکانی پرۆگرامی خوێندنی ئایینی بە قوتابیان وتووە. ئەوانەی کە دەرسی پێوتوون ئەمانەن: مەلا مەحموودی بێخود، شێخ سەلام مەلا محێدینی خواجە ئەفەندی، مەلا سەعیدی حاجی مەلا ئەحمەدی دێلێژەیی، مەلا خالیدی مەحوی، حاجی مەلا عارفی مستۆو گەلێ فەقێی تر.

خاکی لەگەڵ دەرس وتنەوەی کتێبەکانی خوێندنی فارسی ئاینییەکاندا فەقێکانی فێری ئەدەبو شیعریش کردووەو زۆریش لێیان بوون بە ئەدیبو شاعیر. شیعری بە کوردیو فارسی داناوە. شیعرە فارسیەکانی لە کوردییەکانی زۆرترن، شیعرەکانی بریتین لە غەزەل، کۆمەڵایەتی، ئایینی، تصوف، قەسیدەو هیتریش.

دیارترین شیعری قەسیدەی (نوور) ە کە (١٦٩) بەیتەو، لە باسی سیفەتو (میعراج)ی پێغەمبەر د.خ و سیفەتی هاوڕێکانی هۆنیوەتیەوە.

## نموونەیەك لە شیعرەکانی

ڕۆژێك کۆمەڵێك مەلا ئەچن بۆ سەردانی خاکی لە مزگەوتەکەی، ئەبین وا سوختەیەك لە فەقێکانی خۆی سواری پشتی بووە، توومەز لە یاری (کەوشەك) دا دۆڕاوە. مەلاکان کە بەم حاڵەوە ئەیبینن پێی ئەڵێن با کوڕەکەت لە جیاتیت دا بێ. خاکیش بەم پارچە هۆنراوەیە وەڵامیان ئەداتەوە:



ئەگەر دەروێش ئەگەر صوفی لە تەکیەو خانەقا دابێ
گەدابێ یاخۆ پاشا بێ خەلیفەیاخۆ وەستا بێ
لە عەرصەی کەوشەکا جێما، وەکو دابە ئەبێ دا بێ
دەبێ سەر حیزو مل کز بێ، دەبێ داماوو ڕیسوا بێ
قوبوول نابێ بە هیچ بابێ کە کوڕ دابێ لەجێی بابێ
ئەگەر سوختە مەلای جێهێشت مەلا ملکەچ نەبێ نابێ
لە مەیدانی عیبادەتدا بەجێما هەر کەسێ بێ شك
بە دایم چاو بەرەو ژێرە، دەبێ مەهتووكو ڕیسوا بێ
بە جێمان باعیسی بەدناوییە حەتتا لە یاریدا
کەسێ مەقبووڵو ماقووڵە کە چاپك دەستو ئازابێ
قەدی (ئەلفی) دەبێتە (دال) لەبەر سستی لە یاریدا
بەجێماو هەر دەبێ دابێ بە زیللەت گەرچی وەستابێ
مورید گەر مورشیدی جێهێشت لە یاریدا دەبێ دابێ
بەسەر یا هەر دەبێ هەڵچێ لەژێر باری دەبێ دابێ
کەسی پاشکەوتوو گەر فەرزەن خەڵاتی شای لەبەر دابێ
وەیا عەینەن عەمامەی (شێخ الاسلام) ی لەسەر دابێ
دەبێ پشتی کەمانی بێ وەکو گۆسمتی هەڵنابێ
بڵێ پشتم شکا با بێ کەسێ مابێ بەسەر مابێ
بەجێماویش لە کەوشەکدا ڕەفیقان هەر دەبێ دابێ
قیاسی ڕوون دەلیلێکە دەبێ ئەحکامی موجرا بێ

ئەمە مەعلوومە لای هەر کەس چ نادان و چ دانابێ
کەدا بوون کاری نادانە کەسێ دانابێ دانابێ
فیداتان بم وەرن یاران لەمەولا ڕوو لە مەولابن
دەروون عاجز لە دنیا بێ لە (مالایەعنی) دڵ لابێ
چ خۆشە تەرکی خەو هەر شەو هەموو چاوێ لەخەو دابێ
نەسیمی نیسبەتت بۆنی وەکو شەوبۆ لە شەودا بێ
کەسێ کەوشەك بکا (خاکی) موحەللەق بازو ئازابێ
بەسورعەت هەر وەکو بابێ، بە هیممەت میسلی بابابێ
حەریفی دوون لە چایخانە دڵی مەخمووری ئاوابێ
بە تەجنیس بازی دەیفەرموو جەزای چاکە دەبێ وابێ



**خادیم**: (١٨٩٥ز–١٣١٣ك) (٥/١/١٩٧١ز–١٣٩١ك)

حاجی میرزا عەبدوڵلا کۆیی کوڕی محەمەدی کوڕی مەولوودی زانای ئایینی و شاعیرە. بە منداڵی هەر وەکو لەو دەورو زەمانەدا باو بووەو بە چەشنی زۆربەی خوێندەوارو میرزاو مەلاکانی ئەو سەردەمە لە حوجرەی مزگەوت دەستی بە خوێندن کردووە. سەرەتای دەستپێکردنی لە حەوت ساڵی تەمەنیدا بووە. دوای خەتم کردنی قورئانی پیرۆزو خوێندنی فارسی و کتێبی وردیلە چۆتە ناو فەقێیان و لە تەمەنی دەوروبەری (سێزدە) ساڵیدا بۆ یارمەتی دانی باوکە پیرەکەی وازی لە خوێندن هێناوەوە کەوتووەتە ناو جیهانی کارو کاسبییەوە.

لە ژیانیدا زۆر جار تووشی چەرمەسەریو نەهامەتی بووە. لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا ماڵی تاڵان کراوە. دوایی ماڵەکەی لە کۆیەوە گواستووەتەوە بۆ قەڵادزێو بووە بەبەرگدوور، و هاوکات لەگەڵ کارکردنی لە پیشەکەیدا بە خوێندنەوەو موتالاکردنو شیعر هۆنینەوە خۆی خەریك کردووە.

لەساڵی (١٩٣٥) حەجی ماڵی خوای کردووەو، لە ساڵی (١٩٤٦) بۆ یەکجاری ماڵەکەی گواستووەتەوە بۆ سلێمانیو ئیتر لەوێ نیشتەجێ بووەو، دووکانێکی داناوەو دووکانەکەی بووەتە جێگەو کۆڕی مەلاو شاعیرو ئەدیبو زانایانی ئەو دەمەی سلێمانی بە تایبەتی بێخودو رەمزی مەلا مارفو عەلی کەمال باپیر ئاغاو ئەحمەد شوکریو چەند کەسانی تریش.

خادیم زۆر شەیدای خواپەرستیو دینداریو نیشتیمان پەروەربووە. پیاوێکی ڕەوشت بەرزو مەشرەب خۆشو خووو گوفتار شیرین بووە. جگە لە زمانی کوردی زمانی فارسیو عەرەبیشی بەباشی زانیوە. زۆر پەیوەند بووە بە مەسنەوییەکانی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمیو شیعرەکانی مەحویو هەندێ تریش لە شاعیرانی (تصوف). شیعرەکانی بە زۆری قەسیدەو غەزەلو وەسفو ئایینیو لاواندنەوەو تەرجیع بەندن لەگەڵ قەسیدەی چیرۆکیو پێنج خشتەکی لەسەر شیعری شاعیرانو یادی کۆمەڵێك لە شاعیرو ناودارانی کوردی کردووەتەوە بە شیعر. داکۆکیشی لە



مافی ئافرەت کردووەو، هانی خەڵکی داوە بۆ خوێندنو زانینو دوورکەوتنەوە لەو شێخو سۆفیانەی کە خەڵکیان ئەڕووتاندەوە و هەڵیان ئەخەڵەتاندن بەناوی ئایینەوەو دەستیشی نەپاراستووە لە هێرش کردنە سەریان لە شیعرەکانیدا. لە کۆیە لە دایکبووەو لە سلێمانی مردووەو لە گردی جۆگە نێژراوە..

## نموونەیەك لە شیعرەکانی

ئەو کەسەی پایەی لە عەشقا دەست ئەکەوت پەروانە بوو
کەس وەکو ئەو بۆ نیساری جانی پێ پەروانە بوو
بولبولیش هەر چەند کەلافی عیشقبازی لێئەدا
تا لە ئاخردا تەماشام کرد، کەچی ئەم وانەبوو
دڵ کە حەڵقەی زوڵفی زنجیری نیگاری دی بەچاو
ڕوو لە سەحرایی جنوون بوو، عاقیبەت دێوانە بوو
ڕوو لە مەسجید بووم لە شەودا بۆ عیباداتو دوعا
دیقەتم کرد من لە ئاخر گۆشەیی مەیخانە بوو
تا بە نووری بادە کەشفی زوڵمەتی تەقوا بکەم
تا سەحەر کارم لەگەڵ ساقیو مەیو پەیمانە بوو
مەوجی نووری جیلوەیێکی دا بە دێرو کەعبەدا
ئاگری سینگی سەنەم شەمعی ڕوخی بتخانەبوو
گەر دوشی مەی نەشئەیێکی وا بە شەمعی جەمع دا

لەم خومارەی من قەدەح وەك گەر دوشی پەیمانە بوو
ماتەمو سوورم لە عەشقا دەست لە ئاغۆشی یەکن
خەندەیی مینایی مەی لەم گریەیی مەستانەبوو
فیتنە ئەنگێزی لە خاتردا بۆ چاوی مەستی یار
دیدەیی شۆخی غەزالی خەوبوو، هەم ئەفسانە بوو
ساحیلی لەبرێزی گەوهەر بوو بە میقیاسی سەدەف
قولزومی تەوحیدە بەحری پڕ لە گەوهەر دانەبوو
ساغیری مەی حەلقەیی زنجیرە بۆ چاوی جنوون
گەرچی (خادیم) هۆشمەندە، پێی ئەڵێن دێوانە بوو..






**دڵدار**: (١٩١٨/٢/٢٠ز-١٣٣٧ك) (١٩٤٨/١١/١٢ز-١٣٦٨ك)
یونسی کوڕی مەلا ڕەئووفی کوڕی مەحموودی کوڕی مەلا سەعدە.
لە بنەماڵەی (خادم السجادە)یە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە کۆیە خوێندووەو کۆلێژی (حقووق)ی لە بەغدا تەواو کردووەو بووە بە پارێزەر.

شارەزاییەکی زۆری هەبوو لە ئەدەبو مێژووو بیروباوەڕی فەلسەفیو کۆمەڵایەتیو لە بواری ئەدەبو نیشتیمان پەروەریدا چالاك بووە، بەڵام مەرگی ناوەختی نەیهێشت پەیامەکەی بگەیەنێتە سەر، ئەوەبوو لە تەمەنی (٣٠)ساڵیدا مرد.

دڵدار جگە لە کوردی زمانی زگماکی خۆی عەرەبیو فارسیو تورکیو ئینگلیزیو کەمێکیش فەڕەنسی زانیوە ماوەیەك سکرتێری حیزبی هیوا بووە. دوای دەرچوونی لە کۆلیژی حقووق میری داوایان لێکردووە ببێت بە مدیر ناحیەی سەنگەسەرو قایمقامی ڕانیە، بەڵام ئەو ڕەتیکردووەتەوەو وتوویە بەم وەزیفەیە خزمەتی خەڵکیم پێ ناکرێت، چونکە بەوەزیفە ئەبێ پابەندبم بە بڕیارەکانی میرییەوە. بەڵام بە پارێزەری دەرفەتی خزمەت کردنو داکۆکی کردنم ئەبێت. خێزانەکەیان زۆر دەربەدەری ئەمشارو ئەوشار بوون، کە ئەمە وای لێکردووە هەست بە چەوسانەوەو ئێشو ئازاری میللەتی کورد بکات. هەر ئەو دەردەبەدەرییەش بووە هۆی ئەوەی کە لە تەمەنی (٢٥) ساڵیدا ئەمجا توانی خوێندنی کۆلیژ تەواو بکات. دانەری سروودی (ئەی ڕەقیب)ە کە سروودی نەتەوایەتی گەلی کوردە.

شیعرەکانی لەم بوارانەدان: نواندنی دڵسۆزی بۆ گەلی کورد، سروود بۆ سەرکەوتنی، پیشاندانی ئازارو ئاواتی میللەتی کورد،



دڵداری، گرینگدان بە لاو، بەربەرەکانی نەخوێندەواریو دواکەوتن، بڵاوکردنەوەی زانستو زانیاری.

جگە لە دیوانە شیعرەکەی ئەم کتێبانەش لە دانانی ئەون: (لە ڕێگای کەمدا بەرەو زانینی ڕاستی)، (زمانی کوردیو ئەدەبیات)، (لێکۆڵینەوەیەك لە خەیام) لەگەڵ نووسینی تریش.

لە کۆیە لە دایکبووەو لە هەولێر مردووە.

## نموونەیەك لە شیعرەکانی

### خەندەکەی بایی

لە ئافاقی ژیانی ناهومێدیم خەندەکەی بایی
فریشتەی پاکی هیوامی نیشاندام وا کە بیدوێنم
پڕیشکی تیشکی ئەستێرەی جوان ئیمشەو بە ئەسپایی
بە سۆزی هاتە نێو کونجی دڵی تاریکی پڕ خوێنم
دەسا دەی مەسدەری هەستی
دە خێرا لا دەری پەستی
وەرە تا من بەڕازی تۆ نەمامی شادی بڕوێنم
* * *
جوانی غونچەیێ بوو وا کە پەنجەی رازی راکێشای
دە سەیری چەند بە وەسڵی زوڵفی خاوت شادو مەسروورە

له ڕووی ڕاستی ئەتۆش وەك ئەو گوڵێكی چیمەنی دنیای
كەجیێ تاجی دڵی هێشتا دڵت لەم حاڵە ڕەنجوورە
به خەندەی نەرمی دڵ پاكیت
ئەخۆم سوێندی به ڕووناكیت
ئەگەر هەستێ به ژین وابێ له جەرگی ڕاستیا دوورە
هەمووی نووری ژیانە فەیزو نووری ئاسمانی شین
هەموو چەپڵەی گو شادی لێئەدەن هەرچی كە ئەیدینی
لەسەر ئەم خاكە گەر دێكین، دە ئێمەش ڕوو لە شادی بین
فەرامۆشی بكەین جارێ چەژی تاڵاوی غەمگینی
به دڵ ڕوونیو ڕووخۆشی
به خەندە نەك بە خامۆشی
بنۆشین جامی دڵداری، لەبەر كەین بەرگی نەمرینی

*　　*　　*

دە هەڵسە با بینا كەین مەعبەدی پیرۆزی دڵداری
لە تیشكی ڕۆژ، لە شەوقی مانگ، لە ڕەنگی پەلكە ڕەنگینە
كە هەر كامەی بڵێی پاكە لە كردەی قودرەتی باری
نیشانەی كردگارێكەو بناغەی پەیڕەوی دینە
لە شوێنی پڕ لە هەستی بێ
كەرەستەی خۆشەویستی بێ
لەنێو ئەم باغە بێ جێگەی كەتۆم لێدیت لە هاوینا



*　　*　　*

له پەلكی تازە پشكووتووی نەژاكاوی گوڵی نەسرین
كراسێكی سپی بێگەرد دروستكە شەنگو دامەن شۆڕ
لەبەر كەو زوڵفی زێڕینت بە سەریا بێتە خوار چین چین
پەری تیم تیم بەڕازو ناز لە بۆت بێنن بنەوشەی مۆر
بە ئاوازو نەواو تەبجیل
بهۆنن پێچەكەی ئیكلیل
ببەن كڕنووش بڵێن ئەی شۆخ پەریزادەی گزنگی خۆر

*　　*　　*

ئەوا ئیكلیلی دڵسۆزیو دلارامیت ئەكەین پێشكێش
كە هەر چەپكەی خەمو ملكەچ سروشتی نەوجەوانێكە
نیگارێ بوو بەناكامی، بە گریاوی، بە ئێشو نێش
لە ژین ڕۆیی، ئەوێستاكە هەوێنی داستانێكە
بەیادی ئەو دڵەی تینوو
كە چۆن هاتو وەهاش دەرچوو
بڕۆ نێو ئابیدەو سەیری چ پیرۆز جاویدانێكە

*　　*　　*

وەرە نێو ئابیدەت تا من لەبەر پێت دابدەم ئەژنۆ
لەبەر وەی نادلارامی، لەبەر وەی چونكە بالایی
خودای شیعرو پەری هیوای بڵێسەی هەستی بەرزی تۆ

هەواڵی هاوڕەگ خوێنی فریشتەی شۆخی میدیایی
لە ڕووی چاکەو وەفاداری
بەیادی جامی دڵداری
لە مەستی خۆشی بمهێڵێ درۆشمی خەندەکەی بایی



**دەبباغی**: (١٩٢٧ز-١٣٤٦ك) (١٢/٩/١٩٩٠ز-١٤١١ك)

مەلا غەفووری دەبباغی حافزی مەهابادی کوڕی دەروێش عەبدوڵا

زانای ئایینیو شاعیرە. لە حوجرەی مزگەوت خوێندوویەتی دوای خوێندنی قورئانی پیرۆز لەبەر، چەند وردە کتێبی فارسیو، دوایش علوومی عەرەبیو ئایینی خوێندووە کە پرۆگرامی خوێندنی مەلایەتی بووە لە کوردستان. لە تەمەنی دوو سێ ساڵیدا تووشی نەخۆشی (ئاوڵە) بووەو، بەو نەخۆشییە هەردووو چاوی لە دەستداوە. بە ڕێچکەی (برێل) بۆ فێرکردنی (نابینایان) فێری خوێندەواری بووە. مەلا غەفوور شارەزایی باشی هەبووە لە ئەدەبی کوردیو فارسیدا. زیرەکیو بیرتیژی بە شیعرەکانیەوە دیارن. شیعری بە کوردیو فارسی وتووە.

شیعرەکانی بریتین لە تەخمیس (پێنج خشتەکی)، وەرگێڕان، قسەی نەستەق، پەندی پێشینان، ئەدەبی دوو لانە، کۆمەڵایەتی.

جگە لە دیوانەکەی، ئەم کتێبانەش لە دانانی ئەون:

١- دیاری مەهاباد.

٢- پەندی پێشینان.

٣- گۆڕینی چوارینەکانی (فەرووخی) یەزدی لە فارسییەوە بۆ کوردی.

لە سەقز لە دایکبووەو لە مەهاباد مردووەو لە گۆڕستانی بوداق سوڵتان نێژراوە بە تەنیشت شاعیری نیشتیمان پەروەر (هێمن)ەوە.

## نموونەیەك لە شیعرەکانی

### ناحەزو جوان

تا بژیم تێت دەبڕم خاوەنی جوانیو دەسەڵات
چاوی ئاواتو هیوام، ئەی گوڵی سەر تۆپی وڵات
دادەمرکێ کوڵی دڵ تاوێکی ڕێت خەم چ دەبێ
بەسەری نووکی زمانم لە بنی پەنجەیی پات
ڕۆژی هەڵکەوتە دەجابێ گوڵەکەم تێت ڕاکەم
لە ترومبێلی فیداکاری بەرەو کۆڕی خەبات
لێت دەبەم جارێ بەبێ دەنگی نەچی بیکەی بە قاو
نێوی هاوکاری لەگەڵ شۆڕشەکەی دێموکرات



یاری شیرین دەوەرە تازووە، تا لێت نەچووە
تەمەنی جوانی، بژین پێکەوە، تا کەی بە تەمات
گیانەکەم خۆ تۆ هەزار جار پترت داوە بە من
قەولی بێ کردەوە، هەر وشکە تریتم بە هیوات
کەنگێ بۆم دا دەکەنی خۆمی بەسەردا کێشم
کەوشەکەت ماچ کەمو سەر دانێمە بەر پێت کزومات
لێت نەچێ ڕەنگە لەبەر تەنگی، ئەشێ بۆت تەڕکەم
دەستە نەرمو شلەکەت بازنە ئازاری نەدات
توندوتیژی بەسە، بۆم تیلکە دەبا لێی ڕادەم
بە سمێڵ گەسکی دەم ئەو تۆزە لەسەر شانی کەوات
تۆ لەسەر ئەم ڕقە بی تێك دەچەقێنن لە ڕپا
من لە پێت دڕکی مژۆڵ، تۆ لە دڵم تیری نیگات
هەر نەبێ تاقە یەکێکم دەیە باخۆم نەکوژم
لەو هەموو دەسڕە کە پێی دەسڕی دەمو لێوی نەبات
بێڵە خاوی کەمەوە ڕەق بووە سندووقی سەرت
باری لێوم، بەتکە ئارەقەی سەر گۆنات
پاشو پێش هەر یەکە بۆ من کە مەبەستم چوونە
زەردە لیمۆ چووە ناو دەستمەوە یا پرچی سیات
هەر لە لای تۆیە ئەوەی من دەمەوێ تێی کێشم
خۆڵی بەر پێتە، لە چاوم کرێ ڕووناکی دەبات

حەز دەکەی جارێ بژیم بۆم وەرە پێش با تێی نێم
دەم لە نێوانی مەمو سینە، وەخۆم ئاوی حەیات
نایەڵم بێشێ وەرە پێشێ دەبا بۆت تێخەم
ئەم دوو ئەنگوستیلە ئاڵتوونە لە قامکت بە خەڵات
دەوەرە گیانو قەوەت، تاوێ ئەوەم بگرە بەوەت
نەزمی دەستم بەسەری پەنجە نەخۆشم کە لەلات
من کە خۆم ناوەتە پێناوت ئەتۆش بۆم فشکە
قۆڵی راستت، بیخەمە باسکمو دەرچین لەوڵات
با بکەم تۆبە لەسەر دەستو ئیتر دای هێڵم
ڕیشی بۆزم، ببمە سالکی بەر کۆشکو سەرات
تا گوتم کوانێ بڵێ هانێ، دڵم مەشکێنە
حافزم، موستەحەقم، چاو لە دەستی تۆم هەموو کات
جوانی تۆی دا لە مەحەك نا حەزی من بۆم دەرکەوت
ئەوی جوانان هەیانە بە تەنیا هەیە لات
گوڵەکەم بۆیە نەشەت سازە دەڵێن چاکتدا
ئیمتیحانی شەشی ناوەندی، بژی مامۆستات
خۆت کەمێ شلکە، سەرت داخە، دەبا پێتەوە نێم
دووزەرو کوڵمی گەشو چاڵی چەنەت زیپکە نەکات.





**ڕەمزی مەلا مارف**:(١٩٠٢ز-١٣٢٠ك) (١٨/٧/١٩٧٦ز-١٣٩٧ك)

محەمەدی کوڕی مەلا مارفی قازیی کوڕی مەلا ڕەسووڵی کوڕی مەلا سلێمانی کوڕی مەلا ڕەسووڵی کوڕی مەلا مەحموودی کوڕی مەلا حوسێنی کوڕی مەلا ئیبراهیمی کوڕی مەلا حاجی هەمزەیە.

بە ڕەگەز دەچێتەوە سەر پیر خدری شاهۆیی و لە ناوچەی سیوەیلدا کە سەر بە شار بازێڕە هەتا ئێستەش هەر بە خێڵی مەلایان خانەوادەکەیان بە ناوبانگن. لە دایکیشیەوە دەچێتەوە بۆ خانەوادەی (موفتی) کە لە مەلا ئەحمەدی (چاومار) ەوە پشتاو پشت بە موفتێتی سلێمانی هاتۆتە خوارەوە،

له بنچینەشدا سەر بە خانەوادەی (پیر حەسەن) ین زانای ئایینیو كەسایەتیو شاعیره. له تەمەنی (پێنج – شەش) ساڵیدا نراوەتە بەر خوێندن پێشا لە حوجرەی مزگەوت لای مەلا سەعیدی زەلزەلەیی قورئانی پیرۆزی خەتم كردووه، دوای ئەوه هەر لەو مزگەوتە چەند وردە كتێبی فارسیو عەرەبی خوێندووە. ئەمجا لە (روشدییەی عەسكەری)و (ئەعدادی مولكی) تا پۆلی چوارەمی خوێندووە. وه لەبەر ئەوەی كە خانەوادەكەیان هەر بە مەلایی هاتوون، چۆتە قوتابخانە ئاینییەكان بۆ خوێندنی پرۆگرامی خوێندنی ئایینی كە لەو دەورو زەمانەدا باوبووە. بەهۆی چالاكیو ژیرییەوە نازناوی (ڕەمزی) لێنراوە لە لایەن مامۆستاكانیەوە، كە مامۆستا زێوەر یەكێك بووە لەوان.

جگە لە كوردی زگماكی خۆی، عەرەبیو فارسیو توركی زانیوەو، بە كوردیو فارسی شیعری وتووە ، ڕەمزی مەلا مارف لەم فرمانانەدا كاری كردووە:

مەئمووری (تەحصیلدار) لە هەڵەبجە، مەئمووری (ئیستیهلاك)و (باش كاتب) لە سلێمانی، (مودیر ماڵ) لە هەولێر، (مودەقیق واریدات) لە دایرەی ئاوو كارەبا، بەڕێوەبەری (مدیر بەلەدیەی) سلێمانی.

لە ساڵی (١٩٦١) بەدواوە وازی لە فرمانی میری هێناوەو گۆشەگیر بووە.



بەشداری لە شۆڕشەكانی شێخ مەحموودی نەمر كردووه ، كەسایەتییەكی دیارو خزمەتگوزار بووەو لە ناو كۆمەڵگەدا جێی ڕێزی خەڵكی بووەو چارەسەری كێشەكانی كردووە.

شیعرەكانی نیشتیمانیو كۆمەڵایەتیو غەزەلو هەجوو ئایینیو تا دوایی. بە كێشی عەرووزو كێشی خۆماڵی شیعری وتووەو، زۆریش بەلاغەتی بەكارهێناوە لە شیعرەكانیداو، بۆ بۆنەو ڕووداویش زۆر شیعری وتووە. هەندێك لە شیعرەكانی لە ڕۆژنامەكانی (ژین)و (ژیان)و گۆڤاری (گەلاوێژ) بڵاوكردۆتەوە.

وا ئەگێڕنەوە كە دیوانێكی شیعریی لە كاتی شۆڕشەكانی شێخ مەحموودی نەمردا فەوتاوە لە ئەنجامی گواستنەوەیدا لەم شوێن بۆ ئەو شوێن. لە سلێمانی لە دایكبووەو لەوێش مردووەو لە گردی سەیوان نێژراوە.

**نموونەیەك لە شیعرەكانی**

**تەبایی**

برا مۆدەی بەسەر چوو نا تەبایی
نەما باوی لەیەكتر ناڕەزایی
لە دڵ دەرچوو خەیاڵی یەك نەكەوتن
لە مێشكدا نەما فیكری جودایی
كەسێ ڕێبواری سەر ڕێی ڕاستی بێ
لە ڕێ قەت لا ئەدا بۆ لا بەلایی؟

ئەبێ هەر بێتەوە سەر لانەکەی خۆی
مەلی گیرۆدە گەر بووی ڕێگەی ڕەهایی
سەبا هەڵسەو بڵێ بەو بێ وەفایە
کە ئیتر بەسیە تاکەی بێ وەفایی
لەگەڵ خۆدا هەتا کوکەی شەڕو شۆڕ
لەگەڵ بێگانەشا سولْحو تەبایی
لە کام ئایین و مەزهەبدا ڕەوایە
لەگەڵ یەك کردەوەی وا ناڕەوایی
لە شەرعی ڕاستانا کوفرە، چونکی
لەگەڵ چەوتی و دووڕوو نومایی
هیوادارم کەوا ئیتر لەمەولا
هەموو لا بێنە سەر ڕێی ڕۆشنایی
ڕەوشتی سەر کەشی پێشوو بگۆڕن
بە یاسایەکی تازەی دڵ نەوایی
شەقێ هەڵدەن لە لەوسی ئەو کەسانەی
کە بەدگۆن و لە خۆ پەیوەستە بایی
نەجاتم دەن لە دەس ئازاری زامی
دەمی گورگی پشێوی و ناتەبایی
هەموو لا بێنەوە سەر ئایینی (ڕەمزی)
کە بەڵکو ببنە شەمعی جەمعی دوایی..





**زێوەر:** (١٨٧٥ز-١٢٩٢ك) (١٠/١١/١٩٤٨ز-١٣٦٨ك)

مەلا عەبدوڵای کوڕی مەلا محەمەدی کوڕی مەلا ڕەسووڵ لە بنەچەدا پشدەرییە. زانای ئایینی و شاعیرو نیشتیمان پەروەرە. لە تەمەنی حەوت ساڵیدا نراوەتە بەر خوێندن لە حوجرەی مەلا سەعید ( خواجە ئەفەندی).

هەتا قورئانی پیرۆزی خەتم کردووەو چەند وردە کتێبی فارسی لای خوێندووە کە لەو دەورو زەمانەدا باو بووە. ئەمجا بۆ خوێندنی علوومی عەرەبی و ئایینی ئەم شوێنانە گەڕاوە: مەریوان، بانە، موکریان، سابلاخ، ڕەواندز، دواییش گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی شیعرەکانی غەزەل و تصوف و کۆمەڵایەتی و سیاسی و پەند و ئامۆژگاری و فەلسەفین. شیعری بە فارسی و تورکیش وتووە بەڵام بە کەمی . لە بارودۆخی سەردەم ئاگادارو وجوودی هەبووە، لە زۆر بۆنەی سیاسی و نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی شیعری وتووە. زۆر سروودیشی بۆ قوتابیان وتووە. مەلایەکی منەوەرو پێشکەوتن خواز بووەو، چاوی نەترساوەو بە ئاشکرا بە شیعر دژایەتی بەرەی نازیزمی ئەڵمانی و فاشیستی ئیتاڵی کردووە لە ساڵی (١٩٢٤) بەرانبەر مەلیك (فەیسەڵی یەکەم) داوای جیابوونەوەی کوردستانی کردووە لە عێراق لە پارچە هۆنراوەیەکدا بە ناویشانی (ماڵ جیاکردنەوە)، کە ئەمە دەقەکەیەتی:



ماڵ جیاکردنەوە

یابە! فەرزەن تۆ شای سەر زەمینی: ڕازیم بە بەشی خۆم و مسکێنی

دیجلەو فوڕاتت با هەر بۆخۆت بێ: منیش کوردستان شاخی ڕەنگینی

هەواکەی شاهۆ، ئاوەکەی قەندیل: لا ئەبا لە دڵ ئێشی برینی

قەت ڕێك ناکەوێ دەست لە مل یەك کەن: حەنتووش دەلاوی و رەسووڵ سیرینی

من لام باش نیە سواری شانم بی: وا عەرزت ئەکەم هەر بە شیرینی

خورمای خۆت بۆ خۆت، مێوژم بۆ خۆم: (لکم دینکم ولی دینی).

زێوەر ماوەیەك باش کاتب بووە، ماوەیەکی زۆریش مامۆستایی کردووەو، لە زەمانی تورك لە (رشدیە) ی عەسکەری و لە دەوڵەتی عێڕاقیشدا مامۆستای (اعداد ملکی) بووە وە ماوەی نزیکی (سی) ساڵ لە وەزارەتی مەعاریف لە بواری زانست و پەروەردەو فێرکردن و ئایین خزمەتی کردووە.

پیاوێکی نەفس بەرز بووە. بە مووچەیەکی زۆر کەم ژیانی بردۆتە سەرو هیچ یارمەتییەکی ماددی لە هیچ کەس قبووڵ نەکردووەو، منەتی کەسی هەڵنەگرتووە.

جگە لە دیوانەکەی ئەم کتێبانەش لە دانراوی ئەون:

١. ژیانی پێغەمبەران ٢. دەستەگوڵی لاوان. ٣. سۆزی نیشتیمان. ٤. داستانی سۆزناك كربلا (بە فارسی). ٥. فەرهەنگی زێوەر. ٦. چیرۆكی خێوی ناو مزگەوت. ٧. گەنجینەی مەردان. ٨. چیرۆكی حكومەتێكی خەیاڵ، لەگەڵ چەند نووسراوێكی تریش. زۆریش هانی خەڵكی داوە بۆ فێرە خوێندەواری بوونو دووركەوتنەوە لە نەزانینیو دواكەوتوویی.

لە سلێمانی لە دایكبووەو هەر لەوێش مردووەو لە گردی گوڵان (جۆگە) نێژراوە.



## نموونەیەك لە شیعرەكانی

### كوردە ڕۆژێ غیرەتە

كوردە ڕۆژێ غیرەتە، لەم ڕۆژە ویجدانت ببێ
تۆ كە ئیسلامی شوكور كردەی موسڵمانت ببێ
كوردە ناوت كەوتە ناو ناوانەوە گوێ ڕاگرە
لازمە بۆ تۆش بەدایم كردەوەی جوانت ببێ
دەرحەقی هاوشەهریو هاومەزهەبو هاودینەكەت
ئیقتیدارت گەر هەیە ئینعامو ئیحسانت ببێ
دەس لەبێ ئینصافی هەڵبگرە ئەگەر مەردی بەناو
ڕەحمو ئینصافت لەگەڵ زومرەی فەقیرانت ببێ
گەر قەصابی یا بە قاڵی یا عەلافی یا توجار
خۆت بە لەعنەت قەت مەكە، باوەڕ بە قورئانت ببێ
چەند هەزار دینار ئەكەیتە مەصرەفی قەصرو بینا
باوەڕت بێ بۆ دە دوازدە ساڵە، ئیمانت ببێ
پارەكەت وابوو بەبارێ لیرە نایبەیتە گۆڕ
شەرتە بۆ ڕێگەی قیامەت تۆ شەوو نانت ببێ
كوردە قەومی تۆ زەلیلە تۆش بەسەودا مەیكوژە
میللەتی خۆخۆر مەبە، ئەخلاقی ئینسانت ببێ

گردو دەشتو کێو ئەکێڵێ سەعیەکەی بۆ چارەکێ
یەك دەقیقەش یادی چوونە گردی سەیوانت ببێ
تاکو مومکین بێ، درۆو ناڕاستیو غەششت نەبێ
ڕوویی خەندان، خوڵقی مەردان، فکری چاکانت ببێ
کاسبیو قازانجو تێکۆشین پەسەندی عالەمە
نەك بەجارێ پشت لە حەق کەی مەیلی شەیتانت ببێ
تا بە ئومێدی وەسیقەی ئەی جوان هەر ڕاسیبی
عەشقی عیلمو مەشقی حیلمو شەوقی عیرفانت ببێ
عیلمە ئەتخاتە مەقامی بەرزو جێگەی ئیفتیخار
عیلمە بۆت نێزیك ئەکا گەر فیکری کەیوانت ببێ
ساڵی سەعیو غیرەتە، ساڵی وەفاو رەحمەتە
تۆ کە نەیبەخشی چ سوود موڵکی سولەیمانت ببێ
نوێژو ڕۆژووو حەجو عەمرە نەفعی هەر بۆ خۆت هەیە
خۆت لە پەنجا نەوع ئەخۆی، یادێکی جیرانت ببێ..



**سافی**: (١٨٧٣ز-١٢٩٠ك) (١٩٤١ز-١٣٦٠ك)

کاك مستەفای کوڕی کاك حەولاَ (سانی) کوڕی کاك عەلی کوڕی کاك حەولاَی کوڕی کاك مستەفای کوڕی شێخ سلێمانە. لە بنەچەکدا (میرمەحمەلین) باپیرە گەورەیان شێخ سلێمانە کە بە (میری سۆران) بە ناوبانگە، ئەو میرە کە فەرمانڕەوایی ناوچەیەکی فراوانی ئەکرد، بەهۆی ئالوودەبوونی بە (تەریقەت) ی قادرییەوە کە تا سەر ئێسقان کاریگەری لێی دروست کرد، وازی لە فەرمانڕەوایی هێناو گۆڕییەوە بە تەکیەو زیکرو خوا پەرستی.

ئەو بنەماڵەیە بە بنەماڵەی (کاك) ناسراون و لە شێخ سلێمانەوە هەتا ئێستەش هەر سەر بەو تەریقەتەن. زانای ئایینی و شاعیرە. سەرەتا لای باوکی دەستی بە خوێندن کردووە و، دوای خەتم کردنی قورئانی پیرۆزو خوێندنی چەند وردە کتێبی فارسی و عەرەبی، بە مەبەستی وەدەستهێنانی علوومی عەرەبی و ئایینی چۆتە مزگەوتەکانی کوردستان، لەوانە: مزگەوتەکانی ناوچەی خۆشناوەتی، کۆیە، هەولێر، ڕەواندز، لاجان، سابلاخ. بە زۆری لای مەلا ئەحمەدی ئومەر گونبەتی و مەلا ئەحمەدی ڕەش و قازی عەلی باوکی پێشەوا قازی محەمەد خوێندوویەتی لەگەڵ چەند زانا و مەلایەکی تر.

هەر لە تەمەنی چواردە ساڵییەوە دەستی بە شیعر وتن کردووە و، شیعری بە کوردی و فارسی وتووە شیعرەکانی ئایینی و تصوف و غەزەل و دڵداری و هی ترن. هەندێك لە شاعیرەکان بە شاعیرییەتیا هەڵیان داوە لەوانە: (کانی)، (مەنفی)، (خادیم).

سافی لە تەمەنی (٣٠) ساڵ بووە کە باوکی مردووە، ئیتر جێگەکەی ئەوی گرتۆتەوە و کەوتۆتە ناو دنیای تەکیە و تەریقەتەوە. هەر بە سەلیقەش ئەوەندە بە تەنگ ماڵی دنیاوە نەبووە و، حەزیشی لە شۆرەت و ناوبانگ دەرکردن نەبووە، زۆریش ئارەزووی ڕاوو شکارو بینینی سروشتی جوان و



دەشت و دەری کردووە لە گوندی هیران لە دایکبووە و هەر لەوێش مردووە لە ئەشکەوتی (شێخ سلێمان) کە گۆڕستانی بنەماڵەکەیانە نێژراوە لەو گۆڕەی کە بە دەستی خۆی بۆ خۆی هەڵیکەندبوو..

## نموونەیەك لە شیعرەکانی

دولبەری ناز پەروەری، ڕوو ئەنوەری مەهپارەکەم
نەونیهال، ئەبرۆ هیلال، شیرین جەمال، نازدارەکەم
مەهڕوویی ، موشکین موویی ، چاو ئاهوویی سەحرای خوتەن
سوورە گوڵە، مووسونبولە، ماهی پەری ڕوخسارەکەم
جانی جانان، شاهی خوبان، ڕەهزەنی پیرو جوان
گوڵ ڕووە، شیرین خووە، شۆخی شەکەر گوفتارەکەم
چاوی کاڵە، لێوی ئاڵە، ڕوو بە خاڵە دولبەرم
زوڵفی خاوە، لێم بەداوە، یارەکەی ئەغیارەکەم
چەندی بێ مەیلم دەکەی، سەد هەندە مەفتوونم لە بۆت
جارێ ڕەحمێکت نەبوو دەرحەق دڵی خەمبارەکەم
بەسیە بێ ڕەحمی بە قوربان پایە ماڵی خەم بووم
ڕێی نەجاتیم بۆ نیە گەر توونەبی خەمخوارەکەم

ئەشکی چاوم ئەرزی داگرت، دوو دی ئاهم ئاسمان
بۆیە وا ڕەش داگەڕا لەو ئاهی ئاتەشبارەکەم
وا لە جێی نێشی خەدەنگت نا بە ڕۆژی حەشرەوە
خوێنی لێ دەڕژێ بەدا ئیم لەو دڵی زامدارەکەم
(سافیا) ساحاڵ پەرێشانیم لەغایەت دەرچووە
ڕووحەکەم! ڕەحمێ بکە بەو شین و گریەو زارەکەم..





(سالم ١٨٠٠-١٨٦٦)ی شاعیر
لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەدین سەجادی
چاپی دووەم ١٩٧١

**سالم**: (١٨٠٥ز-١٢٢٠ک) (١٨٦٩ز-١٢٨٦ک)

عەبدولڕەحمان بەگی کوڕی محەمەد بەگی (قەرەجەهەننەمی) کوڕی ئەحمەد بەگی (ساحێبقڕان) ە. زانای ئایینی شاعیرو کەسایەتی ناسراوە. لە حوجرەی مزگەوت خوێندوویەتی. بەڵام تەواوی نەکردووە. بە خوێندنەوەی کتێب و شیعری شاعیرانەوە خۆی ڕۆشنبیر کردووەو خۆی پێگەیاندووە. جەورو ستەمی تورکی و عوسمانی بۆتە ئیلهامی شاعیرییەتی. مەفتونی شیعرەکانی نالی و حافزی شیرازی و کەلیمی هەمەدانی بووە.

یەکێکە لە سێ دامەزرێنەرەکەی قوتابخانەی کلاسیکی کوردی واتە لەگەڵ نالی و کوردی (سێکوچەی بابان) ، شیعرەکانی غەزەل و عاتیفی و کۆمەڵایەتی و نیشتیمانی و سیاسی و ئایینی و قەسیدەن. نازناوی (رەنجوورو بیماری) بۆ خۆی هەڵبژارد بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لەشی زۆر لاوازو بەبەردەوامی نەساغی پێوە دیار بووە، لەسەر ئامۆژگاری (مەولانا خالید) گۆڕیویەتی بە (سالم). دوای ڕوخانی ئەمارەتی بابان و داگیرکردنی وڵات لەلایەن عوسمانییەوە لە ساڵی (١٨٤٧) ز، ژیانی ژێر دەسەییانی پێ قبووڵ نەکراوە، ئیتر ئەویش پاش ماوەیەك هەر بە چەشنی نالی، سلێمانیی جێهێشتووەو، بەرەو ئێران ڕۆیشتووەو، ماوەیەکی لەوێ بەسەر بردووە. لە ژیانەکەی ئێرانیشی نارەحەت و بێزار بووە، ئەوەتە دەردو داخی دڵی بە شیعر دەربڕیوە لەو غوربەتییەی وا بۆ نموونە دوو بەیت لەو شیعرانەی لێرە ئەنووسین:

١- لەگەڵ دڵ شەرتە ((سالم))، گەر نەجاتم بوو لە ((تاران))

بە هەشت گەر بێتە دەشتی ((ڕەی)) بە ئێرانا گوزەر ناکەم

٢- خۆزگە ئەمزانی لە ((تارانا)) نەجاتم کەی ئەبێ

کۆی یارم ((مەشهەدە))، یا مەنزڵم هەر ((ڕەی)) ئەبێ



سالم بە هەستێکی قووڵی نەتەوەییەوەو بە غەمو پەژارەیەکی دڵسوتێنەرەوە باس لە نەهامەتی کورد ئەکات لە پاش ڕوخانی میرنشینی بابان و داخی دەروون و دڵی هەڵئەڕێژێ لە دوو قەسیدەدا کە یەکەمیان وێناکردنی کارەساتە جەرگ بڕەکەی (عەزیز بەگی بابان) ە کە ناصرەددینی شای قاجارو عەبدولعەزیز خانی عوسمانی بەسەریان هێنا بە مەبەستی لەناوبردنی میرنشینی بابان کە لە سەرەتاکەیدا ئەڵێ:

( لێم گەڕێن با گۆشەگیر بم دەستەئەژنۆ کەف زەنان)

(گێژەڵۆکەی بای نەدامەت تاریکرد صەفحەی جیهان)

دووەمیشیان وەڵامەکەی نامەکەی (نالی) یە کە لە شامەوە بۆی ناردبوو. ئەوەتە کە لە یەکەم بەیتیدا ئەڵێ:

(جانم فیدای سروەکەت ئەی بادەکەی سەحەر)

(ئەی پەیکی موستەعید لە هەموو ڕاهی پرخە طە ر)

لە سلێمانی لە دایکبوەو لەوێش مردووە.

## نموونەیەك لە شیعرەکانی

دوای ڕوخانی میرنشینی بابان (نالی) کە وڵاتی بە جێهێشت و ڕووی لە چارەنووسی نادیارو غوربەت کرد،پاش ماوەیەك لە نامۆیی هەوای نیشتیمان داویە لە کەللەی. لە شامەوە نامەیەك بە (٤٣) بەیت شیعری پڕ سۆزو عاتیفەوە کە هەمووی پرسیارە لەبارەی باری وڵاتەوە لە ئەنجامی داگیرکردنیەوە لەلایەن دەسەڵاتی عوسمانییەوە ناردووە بۆ (سالم) ی هاوڕێی لە سلێمانی. سالمیش بە (٣٦) بەیت هەر بەو هەوایە وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی: (١)

جانم فیدایی سروەکەت ئەی بادەکەی سەحەر
ئەی پەیکی موستەعید لە هەموو ڕاهی بڕ خەطەر
ئەی میر وەحەی جەماڵی مەهاسای دولبەران
وەی شانە زەن بە کاکۆڵی تورکانی سیم بەر
جا ڕوو کەشی مەنازیلی جانان لە خەڵوەتا
فەڕاشی فەرشی بەهاران لە دەشت و دەر
ماڵش دەدەی بە دەم لە دەمی خوابی صوبحدەم
هەم زوڵفی قیرە گۆنەو و هەم چیهرەیی قەمەر



باری بە سروەکەت بە شنەی ئەنگەبینی گەز
گرتوویە جونبوشت بە هەم ئاغۆشی نەی شەکەر
وەقتی طەوافی عاریضی دولبەر شنۆیی تۆ
لەغزش دەخا بە طوڕە لەسەر تا بە پێی کەمەر
کەی دێتە خەندە غونچە دەمی بێ وەزیدەنت
گەر تۆ نەبی درەختی چەمەن ناگری ثەمەر
ئیحیا کونی جەمیعی نەباتاتی عالەمی
ڕەعنا گوشا لە تەربییەتی قامەتت شەجەر

---

(١) دەقی نامەکەی نالیشمان کردۆتە{نموونەیەك لە شیعرەکانی}

ئابی حەیات و ئاتەشی ئەفسوور دەیە دەمت
تەحریکی تۆیە گڕ لە تەنوورا کە دێتە دەر
میحنەت ئەوەندە زۆرە، دڵم هێندە تەنگ بووە
دوورە هەناسەکەی سەحەرم هەوری گرتە بەر
هیممەت کە چاپوکانە بە ئیجرایی مە طلە بم
لەم سەر بڕۆ وەکو بەریدو، لەوێ بی وەکو تەتەر
بۆ موڵکی شامە نامەیی من سوویی (نالی) یە
هەر حەرفی ئەو لە وەضعی ویلایەت دەدا خەبەر

پرسیویە ظاهیرەن لە ڕەفیقانی یەك جیهەت
ئەحواڵی ئەهلی شەهرو ڕەفیقانی سەربەسەر
لەو سایەوە کە حاکیمی (بابان) بەدەرکران
نەیدیوە کەس لە چیهرەیی کەس جەوهەری هونەر
تابوو بە جایی مەطلەعی خورشیدی بەختی ڕۆم
سووتا گیاه و، تەشنەوو خوشکیدە بوو ثەمەر
ناکەن هەوایی هیچ کە بابێ ذەلیلی شەهر
بوریانە بەس لەناری غەما پارەیی جگەر
جوز گاه گاهی ئاەو ناڵە لە ئەییامی ڕۆمییان
نەمدیوە وابێ لە عەدالەت لەبی بەشەر
(سەیوان) پڕە لە شەخصی ستەم دیدە خوارو ژوور
هەر قەبری پڕ غەمانە لە هەر لادەکەم نە ظە ر
جێی تورکەکانی ڕۆمە دەرو ژووری (خانەقا)
غافڵ هەموو لە جایی موریدانی باخەبەر
ئەو حەوضە پڕ دەبوو کە وەکو چاوەکانی تۆ
تەغییرە ئاوی وەك دڵی مەردانی پڕ کەدەر
سووتا دڵم بە حاڵەتی جۆ باری (سەرچنار)
لێڵاوە چەشمە ساری وەکو چاوی بێ بەصەر
ئەو دەشتە جایی یاریی یارانی حوجرە بوو



یەکسەر مەقامی ڕۆمییە هەر وەك تیهی سەقەر
زستانی ئەووەڵین بودڕا بەرگی (شێخ هەباس)
ڕۆمی ئەوەندە شوومە لە شەخصیش دەخەن ضەرەر
وەك پیری ساڵ خوردەخەمە داری (پیرمەسوور)
مەشعووڵی لەغز شەهەمەجا، پایی تابەسەر
ئەو بەردەکانی ناوی نرا قصنی شەخصەکەی
دایان بە شاخی دارەکەیا تورکی بێ هونەر
وەك چاوی بێ غەمانە هەموو (شیوی ئاودار)
بەس موشکیلە لە چەشمەیی ئەو قەطرە بێتەدەر
ئەوسا مەکانی ئاسکە بوو کانی ئاسکان
ئێستە لە دەنگو ڕەنگی ڕۆمی پڕە لەکەر
تا دوزدی وەقتی نیمە شەبن تورکی بێ نیظام
دوزدن هەموو لەخەر مەنی مونعیم وەکو شەرەر
شارێکە پڕ لە ظوڵمو، مەکانێکە پڕ لەشین
جاییێکە پڕ لە شۆڕو، وڵاتێکە پڕ لە شەڕ
ئەمڕۆ فەضایی بازیگەهی جایی ڕەهزەنە
لەو دەشتە دێ لە غەیبەوە ئاوازی (الحذر)
سەربانی پڕ لە گەژدوومو، دیواری پڕ لەمار
کۆڵانی پڕ لە ڕەهزەنو، صەحرایی پڕ خەطەر

دڵ نایەڵێ بڵێم چیە سامانی حوجرەکەت
هەر تاری عەنکەبووتە حیجابی بیروون و دەر
نایێ صەدا لە پەنجەرەکەی جوز فوغانی جوغد
غەیرەز شەقامی موور نیە شوێنی پێ گوزەر
تو خودا بڵێ بە حەضرەتی (نالی) دەخیلی بم
بەم نەوعە قەط نەکا بەسولەیمانییا گوزەر
(سالم) صیفەت لە بێکەسییا با نەبێ هیلاك
من کردم ئەو نەکا لەغەما خوێنی خۆی هەدەر
ئەم موڵکە نەظمی نابێ بەبێ ضەبطی واریثی
بێ ئەو بە قەصدی ئەم طەرەفە با نەکا سەفەر..





(سەید یاقۆ ١٨٠٨-١٨٨١)ی شاعیر
لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەدین سەججادی
چاپی دووەم ١٩٧١

**سەی یاقۆ:** (١٨٠٨ز-١٢٢٣ك) (١٨٨١ز-١٢٩٩ك)

یاقۆ یەعقووبی کوڕی سەید وەیسە.

خەڵکی دەشتی (مایدەشت)ە لە ناوچەی کرماشان، لە بنەماڵەیەکی خوێندەوار میرزای (کەڵهوڕی) چاوی هەڵهێنا و بە منداڵی نراوەتە بەر خوێندن لە حوجرەی مزگەوت بەو ئومێدەی

ببێ بە میرزاو فارسیو خۆشنووسی فێر بێ، چونکە لەو دەورو زەمانەدا ئەوە پەیڕەو ئەکرا لەو ناوچانە بە مەبەستی خوێندنو فێربوونی ڕەوشتی میرزایەتی ئەم شوێنانە گەڕاوەو زانیاری لەو بارەیەوە وەرگرتووە: کرماشان، کرند، بێستوون، تاران ، قوم، شیراز. سەرەتا شیعرەکانی (سەعدی) و (حافزی شیرازی) خوێندووە کە ئەو شیعرانە زەوقو مەیلی شیعرییان لێی پەیدا کردووە، ئیتر لەوانەوە وردە وردە دەستی کردووە بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرەکانی کەڵهوڕ وەك (ئاقەی کوڕی مەلیك قاسم خان) و (ئەڵماس خان) ی کەڵهوڕو، شیعرەکانی (خانای قوبادی)و (ولد خان) ی کەڵهوڕی زۆر بە دڵ بووە. لەگەڵ شیعری موکریشدا ئاشنایەتی هەبووە. لە شێوەزاری سلێمانیش هەواداری شیعرەکانی (نالی) و (سالم) بووە حەزیشی لە چیرۆکە شیعرییە میللییەکان بووە. شیعری بە شێوەزاری کەڵهوڕو موکری وتووە، (سەید)و (سەی یاقۆ) ی کردووە بە نازناوی خۆی. شیعرەکانی بە زۆری ئاینیو غەزەلو تەصەوفو ستایشی دیمەنی سروشتو هیترن. بڕێکی زۆر لە شیعرەکانی فەوتاون. سەی یاقۆ لەساڵی (١٨٣١)ز بووە بە میرزاو شاعیری تایبەتی (مامە حەسەن خان) ی حاکمی کەڵهوڕو، تاکو مرد لەو جیا نەبووەوە.

لە گوندی (قەمەشە) لە دایکبووەو هەر لەوێش نێژراوە..



## نموونەیەك لە شیعرەکانی

بە دیالێکتی کەڵهوڕ

شووڕی وەسەرم

شووڕی وەسەرم گوتگە لەی مەستی چاوە
هیچ جێگە نەنیشم مەگەر ئەو جی کەشراوە
گوو نات وەکە مانگو دوو زوڵفت وەکە عەقرەو
هەر چەن کە قەمەر گیرە لە عەقرەو چەشم کارە کراوە
شووڕ دڵمە باعث تاوو تەوە گریان
مەعلوومە کە ئاگر سەبەبە جووشەش ئاوە
ئەی خاڵو خەتە دلبەرە، یا لەیلو نەهارە
یا هەور ڕەشە پەردەکەشە ڕووی حەتاوە
چامان نگارم وە سوپاوە موژە ماچان
کەی لەشکەر خیونریژ ئەیە وەخت چەپاوە
ئووشن کە غەزالان چەڕنی شووڕە زەمینە
پەس ئاهوویی من رایچەکەلەی دیدە ڕماوە
دلبەر لە غەمت (سەید) بیچارە سەرە شەو

خیونرپیژییه لەی دیده حەتا سوبح دەماوه
(سەید) وەکەلام غەیر لەخەت ئەبرووی دلبەر
مەیلم نەوه مزگت، نەوه میراوو کیتاوه.



**شێخ سەلام**: (١٨٩٢ز-١٣١٠ك) (١٩٥٩/٣/٣ز-١٣٧٩ك)

شێخ سەلامی کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عەبدولکەریمی کوڕی شێخ محمەدە،خەڵکی ناوچەی وارماوەی قەزای هەڵەبجەیە. بنەماڵەکەیان ئەچنەوە سەر حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تالیب. زانای علومی عەرەبی و ئاییني و شاعیره. لە تەمەنی چوار ساڵیدا لای باوکی دەستی بە خوێندن کردووەو، قورئانی پیرۆزی خەتم کردووە. تەمەنی شەش ساڵ بووە کە باوکی مردووە. فارسی لای شێخ محەمەد بەرزنجی لە گوندی قلیجە خوێندووەو، هەندێك لە علوومە عەرەبییەکانی لە گوندی ئەحمەد بڕندەو لە سلێمانی لە

مزگەوتی شێخ عەبدولڕەحمان عازەبانی مامی خوێندوویەتی لە چەند مزگەوتێکی تریش، هەتا ساڵی (١٩١٥) لە خوێندن بەردەوامبووە. شێخ سەلام ئەم کارو فرمانانەی بینیوە: پۆلیس، چاوەش، مەئموور مەرکەز، (مودیری ئەوراقی عەسکەریە) کاتبی دووەم لە مودیرییەتی عامی داخلیە، موراقیبی ڕێگاو بان، موراقیبی دارستان، مەئموور نفووس تەحسیلدار، بە گشتی لەم شوێنانە خزمەتی کردووە جنوب، بەغدا، سلێمانی، پشدەر، هەولێر، وارماوا، شارباژێڕ. لەکاتی فرمانەکانیدا چەندینجار دەرکراوەو گەڕێندراوەتەوە.

لەساڵی (١٩٥٥) خانەنشین کراوەو، ئیتر لەوە بە دواوە خەریکی کشتوکاڵو نووسینو شیعر هوندنەوە بووە.

شاعیرێکی دڵتەڕو جوان پەرستو شەیدای نیشتیمان بووە. زۆربەی شیعرەکانی نیشتیمانیو نەتەوایەتیو کۆمەڵایەتینو کەم شیعری دڵداری هەیە.

بە باشترین شێوە چوارینەکانی خەیامی لە فارسییەوە کردوە بە کوردی.

زۆر داکۆکی لە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد کردووە لەگەڵ نیشتیمان پەروەرانی تر، ئەویش بە ناردنی برووسکە بۆ (عصبە الامم) کۆمەڵەی گەلانو مەلیكو سەرۆك وەزیرانو مەجلیس نوابی عێراق.



لە چالاکوانەکانی حکومەتەکەی شێخ مەحموودی نەمر بووە لەگەڵ شەهیدان مەحموود جەودەتو حەمید جەودەتو کامیل حەسەن.

ماوەیەك بە دەسیسەی ناحەزان لە حکومەتەکەی شێخی نەمردا بەند کرا، بەڵام ئەو هەر دڵسۆز بووە بۆیو بە کردەوەو بەشیعر دڵسۆزییەکەی دەربڕیوە لە دامەزراندنی (کۆمەڵەی زەردەشت) بەشدار بووەو (مەعتەمەد) ی بووە.

جگە لە زمانی کوردیی زگماکی خۆی عەرەبیو فارسی بەباشی زانیوە.

لە گوندی عازەبان لە دایکبووەو، لە گوندی دۆڵان مردووەو لە گردی سەیوان نێژراوە بە تەنیشت هەر یەك لە شەهیدان محەمەد قودسیو مەحموود جەودەتەوە..

## نموونەیەک لە شیعرەکانی

### بۆ کۆمەڵی ئەقوام
### (عصبە الامم)

عصبە الامم کۆمەڵی گەورە
بە پێچ پەنا، بەفێڵو دەورە
لە دوور بە دوور بۆ حەقی کوردان
تەکانت ئەدا خۆت دا ئەشرنگان
بە جۆش و کوڵ بووی بۆ کوردی هەژار
ئەتگوت ئەم قەومە ئەکەم ڕستگار
لوجنەی ئینتیداب مەرەخەسی هات
گەڕا، کەشفی کرد سەراسەر وڵات
ئەگەر ڕاست ئەکەی هەڵیسوڕێنە
بەس بۆ سیاسەت هەڵمان پەڕێنە
تەریق نابیتۆ تۆ چیت پێ ئەکەن
(کوتەکی دەستی میستەر هەندرسەن)
بۆ ئەقەللیات کەوتیتە سەما
خزمی نەستووریت لە کوێ بنیاتنا
هەر بە هیچ و پووچ بەم دەنگوباسە
تۆ خوێنی کوردت بۆ کردە کاسە



هەر چوار دەورمان لێبوو بە دوژمن
ئێران و تورک و عارەب و ئەرمەن
نفووسی ئێمە کەم ئەکەیتەوە
وەها نەستووری ڕێک ئەخەیتەوە
لە عەدالەتا کەی ئەمە دەئبە
یاخۆ هەر شێوەو ئوسوولی غەربە
کۆمەڵێ درۆ، جێگەی مەکروفەن
(کوتەکی دەستی میستەر هەندرسەن)
خۆ تۆ وەصی بووی، ئەقوام بوون هەتیو
دەمی کوردت کرد بە تەڵەی تەقیو
غایە ئاسووری ناوی کورد بردن
لایق بەخۆتە پێچ و ناو ئاخن
تاتۆ نەگەڕای بەناومانا
دەستمان گرتبوو بەکلاومانا
بۆچ کوردت فەوتان بەم بەن و باوە
ئێستەش لەجێنوە خۆت مەلاس داوە
مەنشەئی فیتنە کۆمەڵی تەزویر !
وائەدەی حەقی ئەقوامی (صغیر)؟.
کارخانەی فەساد کۆمەڵی (میحەن)
کوتەکی دەستی میستەر هەند رسەن

لەعەدالەتتان واقم وڕماوە
لەسیاسەتتان سەرم سووڕماوە
خوێنی ملیۆنێ کورد ئەڕژێنی
بۆ ئەوەی تۆزێ تورك بترسێنی
خوێنی مەزڵوومی کوردی ڕووت و قووت
حەڵاڵە لەلای.....
لەسلێمانی جادەی بەر سەرا
بەخوێناوی کورد ئاوڕشێن کرا
تۆنەبی نایکا دوژمن بەدوژمن
حەق بۆ نەستوری،ئێمە بۆ کوشتن
چۆن عاجز نابی لەم خوێن ڕشتنە
لەلای تۆ ئەڵبەت حوقووق کوشتنە
ناترسی تەئریخ لەعنەتت بکەن
کوتەکی دەستی میستەر هەندرسەن..



**شوکری فەضلی (هەممی)**:(١٨٧٠ز–١٢٨٧ك) (١٩٢٦ز–١٣٤٥ك)

شوکری کوڕی مەحموود ئاغای کوڕی ئەحمەد ئاغایە. نووسەرو ڕۆژنامەنووس و ئەدیب و شاعیرە. بە کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی شیعری وتووە. شیعرەکانی سیاسی و غەزەل و نەتەوەیی و ئامۆژگاری و داشۆرینن.

لە سلێمانی لە حوجرەی مزگەوتو قوتابخانەی حکوومی خوێندوویەتی چونکە لای خاڵی بووە کە باشکاتبی عەسکەری تورك بووەو دەوروبەری (٣٠) ساڵ لەوێ ماوەتەوە. لە قوتابخانە هاوپۆلی شێخ مەحموودی نەمر بووە، دوایش هاوڕێی بووە، تەنانەت لەکاتی حوکمڕانی شێخیشدا.

ماوەیەك سەرنووسەرو بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) بوو، کە لەگەڵ (مێجەرسۆن)ی حاکمی سیاسی بەریتانیا لە سلێمانی دەریان ئەکرد، کە گیانی نەتەوایەتیو ئەدەبو ڕۆشنبیری کوردی بڵاوئەکردەوە . لەم ڕۆژنامەو گۆڤارانە نووسینی بڵاوئەکردەوە:

(لغە العرب)، (العراق)، (الزهور)، (تێگەیشتنی ڕاستی)، (ظفر عراق)، (الشرق)، (التعاون).

شوکری فەضلی جگە لە بڵاوکراوەکانی ناوڕۆژنامەو گۆڤارەکان کە لە ژماردن نایەن دیوانێکی شیعرو چەند کتێبێکی هەیە وەك: (تاریخ العراق قدیما وحدیثا) (ذیل فی جغرافیة العراق التاریخیة)، (مکتبة الفضلي فی طبقات الارض والحکمة الطبیعیة والکیمیة والفلك وعلم النفس والهندسة) ئەم شاعیرەمان دووچاری دەردی (سیل) بوو بوو، کە لێیان پرسیوە لەبەرچی ژن ناهێنی، وتوویەتی چونکە نامەوێ دوای خۆم کەس تووشی بێوەژنیو هەتیوی بکەم. لەگەڵ (شێخ ڕەزا) ی تاڵەبانی تا بڵێی هەجوی یەکترییان کردووە



بە شیعرو زۆریش برادەر بوون. بە گوێرەی باسکردنی هەندێك سەرچاوە..

لە بەغدا لە دایك بووەو هەر لەوێش مردووە..

### نموونەیەك لە شیعرەکانی

وا مەشهوورە کە شوکری فەضلی پارچە هۆنراوەیەکی شەش بەیتی بۆ شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان ناردووە بە ناونیشانی (دیاری) تیایدا ئامۆژگاری ئەکات کە بە حەزەر بێ لە دوژمنەکانی بەرژەوەندیی کوردو خۆپەرستەکان نەوەکو هەڵی خەڵەتێننو فریبی بدەن ئەمە دەقی پارچە هۆنراوەکەیە:

### دیاری

ئیش کە ڕووی ئێستە لە هەورازە سەرەو لێژی نەکەی
بیری وردیشی دەوێ، هەر بە دوعاوو نوێژی نەکەی
سەرەتای ئیش هەمووی یەکبوونە، ئەویش نابێ هەتا
هەر برینێ کە لە دڵدا بووە سارێژی نەکەی
گێرەشێوێنێ کە کای کۆنی بە بادا لە کنت
چاکە هەر لێیخوڕی، سەیری دەمو کاوێژی نەکەی
حەیفە چاوێ کە جەفا کوڵەو ژی تێ دەشکاند
تۆ بە کلچێوکی وەفا عەینی گەلاوێژی نەکەی

قەومی بێ سەر نیە ئەمڕۆ لە هەموو عالەمدا
دەتەوێ تاجی سەری بێ، بە هەوا گێژی نەکەی
شا وەکو شاییێکی شەترەنجە لە عالەم ئەمڕۆ
گەورە قانوونە، قسەی کورت ئەوەیە درێژی نەکەی.





[شێخ ڕەزای تاڵەبانی ١٨٢٥-١٩٠٩]ی شاعیر
لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەدین سەجادی
چاپی دووەم ١٩٧١

**شێخ ڕەزای تاڵەبانی**:(١٨٣٧ز-١٢٥٣ك)(١٩١٠/١/١٣ز-١٣٢٨ك)

شێخ ڕەزای کوڕی شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی مەلا مەحموودی کوڕی یوسف ئاغایە بە ڕەچەڵەك لە خێڵی زەنگەنەیە. زانای ئایینیو شاعیرە شێخایەتی ئەم بنەماڵەیە بەهۆی شێخ ئەحمەدی هیندی لاهوورییەوەیە کە شێخی (طەریقەتی قادری) بووەو، طەریقەتی داوەتە مەلا مەحموود زەنگەنەی باپیرەیان، ئیتر لەوەوە بوون بە (شێخی بەرماڵ).

سەرەتا لە کەرکووک لای مەلا سەید محەمەدی بلاغو حاجی سەعید ئەفەندی حیلمی زادە خوێندوویەتی، ئەمجا لای شێخ غەفووری مامیو لە هەندێك حوجرەی مزگەوتی کوردستانو ماوەیەکیش لە کۆیە لە مەدرەسەی جەلیزادە لای مەلا ئەسعەدی جەلیزادە لەگەڵ شاعیر کەیفی جوانڕۆیی پێکەوە خوێندوویانە. دوای ماوەیەك شێخ ڕەزاو کەیفی لەسەر شەڕە شیعر بەینیان تێکچووەو لە ئەنجاما مەلا ئەسعەد کەیفی دەرکردووە لەبەر خاتری شێخانی تاڵەبانی، کە پەیوەندی نێوانیان خۆشبووە.

جگە لە ئەدەبی کوردی شارەزایی باشی هەبووە لە علوومی عەرەبیو ئەدەبیاتی فارسیو تورکی. لە پێشا نازناوی (لامع)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، دوایی هەر ناوەکەی خۆی (ڕەزا) ی کردووەتە نازناوی خۆی.

شێخ رەزا دووچار چووە بۆ ئەستەنبووڵ، جاری یەکەم دوو ساڵ لەوێ ماوەتەوە. لە گەڕانەوەیدا لە ڕێدا زانیویەتی باوکی مردووە. دوای ماوەیەك لەگەڵ شێخ عەلی برا گەورەی ناکۆکی کەوتووەتە نێوانیان لەسەر زەویو زار ئیتر کەرکووکی جێهێشتووەو چووە بۆ لای شێخ غەفووری مامی لە کۆیە. ئەویش ماوەیەك گلیداوەتەوە گوایە کچی خۆی ئەداتێ لە دوایش نەیداوە پێی، ئەویش تۆراوەو جارێکیتر چووەتەوە بۆ ئەستەنبووڵو، لەوێوە بەهۆی (صدر الاعظم) ەوە چووە بۆ حەج لەرێگەی میسرەوە. ئەمجا



گەڕاوەتەوە بۆ کەرکووكو لەلایەن دەوڵەتەوە مووچەیەکی کەمی بۆ بڕدراوەتەوە، خۆشی بە کشتوکاڵەوە خەریك کردووەو، ژیانێکی سادەو ئەدیبانەی ڕابواردووە. لەگەڵ بنەماڵەی وەسمان پاشای جافدا پەیوەندی بەهێز بووە.

بەناوبانگترین شاعیری دا شۆڕین (هەجو) ی کوردە. شیعری بە کوردیو فارسیو تورکی ووتوە، شیعرەکانی داشۆڕینو ئایینیو وصفو ستایشو غەزەلو هیتریش. هەر وەکو هەجووی زۆر کەسی کردووە، ستایشی زۆر کەسیشی کردووە، بۆ وەدەستهێنانی بەرژەوەندی شەخصی.

زۆر حەزی لە گاڵتەوگەپو قۆشمەو نوکتە بازی بووە. لەساڵی (١٩٠٠) بۆ یەکجارەکی کەرکووکی جێهێشتووەو چووەتە بەغداو، تا مردن هەر لەوێ ماوەتەوە.

لە گوندی (قرخ) ی نزیك چەمچەماڵ لە دایکبووەو لە بەغدا مردووەو لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی نێژراوە..

## نموونەیەك لە شیعرەكانی

### دارولموڵكی بابان

لەبیرم دێ سولەیمانی كە دارولموڵكی بابان بوو
نە مەحكوومی عەجەم، نەسوخرە كێشی ئالی عوسمان بوو
لەبەر قاپی سەراسەفیان دەبەست شێخو مەلاو زاهید
مەطافی كەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو
لەبەر تابووری عەسكەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا
سەدای مۆزیقەو نەققارە هەتا ئەیوانی كەیوان بوو
درێغ بۆ ئەو زەمانە، ئەو دەمە، ئەو عەصرە، ئەو ڕۆژە
كە مەیدانی جرید بازی لە دەشتی كانی ئاسكان بوو
بەزەربی حەملەیێ بەغدای تەسخیر كردو تێی هەڵدا
سولەیمانی زەمان ڕاستیت دەوێ، باوكی سولەیمان بوو
عەرەب! ئینكاری فەزڵی ئێوە ناكەم ئەفزەڵن ئەمما
(صلاح الدین) كە دنیای گرت لەزومرەی كوردی بابان بوو
عومومی شەهر یارانو سەلاتینی فەرەنگستان
لە ڕوعبی سەطوەتی ئەو شێرە گشتی هەراسان بوو
قوبووری پڕ لە نووری ئالی بابان پڕ لە ڕەحمەت بێ
كە بارانی كەفی ئیحسانیان وەك هەوری نیسان بوو
كە (عەبدوڵلا پاشا) لەشكری والیی سنەی شڕكرد
(ڕەزا) ئەو وەختە عومری پێنجو شەش تفلی دەبوستان بوو.



**شاهۆ**: (١٨٨٢ز-١٣٠٠ك) (١٩٧١/٦/٢٣ز-١٣٩١ك)

مەلا حەسەنی كوڕی مەلا عەبدولقادری كوڕی مەلا ئەوڕەحمانە كە بە (مەلای گەورە) بەناوبانگە. زانای ئایینیو شاعیرە سەرەتا لە بیارە دەستی بە خوێندنی ئایینی كردووە.

پاش خەتم کردنی قورئانی پیرۆزو خوێندنی چەند وردە کتێبی فارسی کە لەو دەورو زەمانەدا باوبووە، لە حوجرەی مزگەوتەکانی کوردستان خوێندنی مەلایەتی تەواو کردوە. پێش بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی سەفەری ئەستەنبوڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی (پیاوە نەخۆشەکە) ی کردووە. لەوێ پەیوەندی کردووە بە(حیزبی تەعالی کوردستان)و بووە بە ئەندام تێیدا دوایی گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و ناوچەی هەورەمان.کە دەوڵەتی عێراق دامەزراوە ئەم فرمانانەی بینیوە:قازی هەڵەبجە،قازی چوارتا،نووسەری دادگای تەمیزی شەرعی بەغدا،نووسەری دادگای کەرکوك،نووسەری دادگای هەولێر ،بەڕێوەبەری نووسەری دادگای چەمچەماڵ.

لە ١٩٥٣/٦/١٤ خانەنشین کراوە و ئیتر گەڕاوەتەوە بۆ هەڵەبجەو تامردنی هەربەخوا پەرستی و شیعر وتنەوە خەریکبووە.

شاهۆ جگە لە کوردی زگماگی خۆی عەرەبی و فارسی و تورکیشی زانیوەو شیعری بەکوردی و عەرەبی و فارسی وتووە.

شیعرەکانی بەزۆری ئایینی و غەزەل و پێنج خشتەکی و نیشتمانین.زۆر لەشیعرەکانی لەگۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو زەمانەدا بڵاوکردووەتەوە.شارەزایی باشی لەمێژوو و شیعری شاعیران بووە.زۆریش بەئاواتەوە بووە کەکورد حوکمی سەربەخۆیی خۆی



هەبێت.بەشیعر دوژمنایەتی خۆی زۆر بۆ داگیرکەرانی کوردستان دەربڕیوە.نازناوی پێشای (شایق)بووە،دوایی گۆڕیویەتی بەشاهۆ. لەبیارە لەدایکبووەو،هەر لەوێش مردووەو،لەهەیوانی گڵکۆی شێخ عومەر و شێخ نەجمەدین و شێخ عەلائەدین نێژراوە.

**نموونەیەك لەشیعرەکانی**

ئەوەی ئەمڕۆ  بەنامەردی دەسی حوکمی لەسەرمانە
بزانن خوێنە خۆری خۆمان و باپیر و پودەرمانە
بەفیشاڵ و درۆ و حیلە فریبیاندناینەوە دیسان
نەتانزانیوە باوەڕ بەم گرۆهانە زەرەرمانە
لەڕۆژی شۆر شادەرفەت هەبوو ئاخر لەدەستماندا
لەدەستدانی هەلی وامانیعی فەتح و زەفەرمانە
ولأتی کوردەواری گشتی میراتی گەلی کوردە
بەلێ میراتی باوو باپیری پڕ هێزو هونەرمانە
زمانی حاڵی کوردستان ئەوا هاوار ئەکادایم
ئەلێ منماڵی کوردم،شاخ و بن بەردی سوپەرمانە
بەخوێناوی گەلی کورد ئاودرا دەشت و دەرو دۆڵی
گولاڵە سوورەکانی بەرهەمی خوێنی جگەرمانە
لەسەر ماف و حەقی خۆمان ئەوەی سوپڵەو دراوسێیە
هەمیشە هێزی جەنگ و تۆپ و تەییارەی لەسەرمانە
ئەوەی موستەعمیرن چاو یان لەئاستمان کوێرە نابینن

که ئەم مەخلووقە نامەردە چ جەورێکی لەسەرمانە
ئەرێ ئەی (کۆمەڵی یەکگرتوو) تاکەی پرسیار ناکەن؟
بزانن ئەم دڕندانە چ مافێکیان لەسەرمانە
بەدەم خۆئیددیعایان وایە پشتیوانی مەزڵوومن
بەڵام دەرکەوت کە هەرفیشاڵە،چی ئەیکەن زەرەرمانە
هەموو عالەم خەبەر داری وشەی ئەم کۆمەڵەن شاهۆ
قسەی بێ کردەوەو پووچیان لەبەر مەددی نەزەرمانە





**صابری:** (١٨٨١ز-١٢٩٩ك) (١٩٤٤/١٢/٩ز-١٣٦٤/١٢/٢٣ك)

شێخ نەجمەدینی کوڕی شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی شێخ مەحموود قوتبی کوڕی شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی شێخ عەبدولعەزیزی کوڕی شێخ محێدینی قوولەیە.شێخی(طەریقەت)و شاعیرە و تاڕادەیەکیش زانای ئایینی و دەستیشی لەپزیشکی میللی هەبووە.سەرەتا لای باوکی دەستی بەخوێندن کردووە،دواییش لەکەرکووک لای مەلا مەردان . باوکی مەلا عەبدولمەجیدی قوتب . خوێندوویەتی.ئەگەر چی پرۆگرامی خوێندنی ئایینی تەواو نەکردووە،بەڵام بەخوێندنەوەو هەوڵ

وکۆششی بێوچانی خۆی توانیویە خۆی ڕۆشنبیر بکات.جگە لە کوردی،عەرەبی و فارسی و تورکیشی زانیوە و شیعری بەهەر چوار زمانەکە وتووە ، لەم گوندانە مەلایەتی کردووە:دێلێژە،تاڵەبان،ساڵەیی،حەسەن خانە.

صابری پیاوێکی مەشرەب خۆش و نوکتەزان و مەجلیس خۆشکەر و خزمەتگوزارو چاوتێر بووە.بەکەم قەناعەتی کردووە و،چاوی لەدەستی کەس و لەمووچەو بەراتی هیچ کەسێك نەبووەو ،بژێوی خۆی و خێزانەکەی بەکشتوکاڵ بەدەستهێناوە.جارێك قازی مووسڵ لەدەوری فەرمانڕەوایی ئینگلیزدا کە دۆست و هەم خزمیشی بووە،ویستوویەتی بیکات بەوەرگێر(مترجم)ی فارسی و کوردی و عەرەبی،بەڵام ئەو . لەگەڵ ئەوەی کەنەداراش بووە . داواکەی ڕەتکردۆتەوە لەبەر ئەوەی بەخزمەتی ئینگلیزی زانیوە.زۆر لەزانایان و شاعیران بەشاعیری و کەسایەتییا هەڵیانداوە ، لەوانە: مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و مەلا عەبدولمەجیدی قوتب و مامۆستا عەلائەدین سەجادی و بورهان جاهیدی شاعیری هەولێری . شیعرەکانی ئایینی و تەسەووف و سیاسی و کۆمەڵایەتی و هێرش بردنەسەر شێخ و سۆفی بەڕواڵەت و لەئایین بەدوورو پەند و ئامۆژگاری و هیترن.زۆریش لەشیعرەکانی فەوتاون .

دیوانەکەی هەتا ئێستا چەند جار چاپکراوە و گرینگی پێدراوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوەو لەکەرکوك چەند جار کۆڕی بۆ سازدراوە.



زۆربەی کاتەکانی بەخوێندنەوەو شیعردانان و خزمەتکردنی هاوڵاتیان بەسەر ئەبرد.لەماوەیەکی زۆر لە ساڵەکانی ئاخر و ئۆخری تەمەنی، پێش ئیفلیج بوونی بەزۆری خەریکی خواپەرستی بووە لە دەڕۆژەکانی بیستی ڕەمەزان بەدواوە هەمیشە لەئیعتیکافدا بووە لەناو مزگەوت.

شێخ نەجمەدین زۆر بەتەنگی ڕێبازی طەریقەتەوە بووە و لەهەر کەسێك تەواو دڵنیا نەبووبێت طەریقەتی پێنەداوە.هەردیارییەکیش بۆ تەکیە کەئەچوو . جگە لە(وشکە)هەر ئەو ڕۆژە ئەخورا. لەگوندی شۆریجەی ناوچەی قەرەحەسەن لەدایکبووە و هەر لەوێش بە ئیفلیجی مردووە و لەوێش نێژراوە.

**نموونەیەك لەشیعرەکانی**

هەر کەسێ تالبی یارە با وەکو پەروانە بێ
هەرکەسێ تالبی شەمعی طەلعەتی جانانە بێ
شەو ئەبێ خوڵق و ڕەوشت و سەنعەتی پەروانە بێ
با دڵ و جەرگی بە خەنجەر پارە پارە و قیمەکەن
دەنگی ئاخ و ئۆفی نایە چا نییە گەر وا نەبێ
ئیشتیعالی ئاگری دڵ ئەو دەمە ئەکوژێتەوە
دائیرەی دڵ خەیمەگاه و تەختی ئەو سوڵتانە بێ
مەست و مەدهۆشی لیقا چی بکا لە دونیای بێ بەقا
هەر دەبێ دێوانە دائیم بێ لیباس و خانە بێ

مولْك و مالْ و مەرتەبەی دونیای دوونی بۆچییە
شەو دەبێ مەجنوونی زوڵفی لەیل و ڕۆژ بێ خانە بێ
عەشقی یار و حوببی دونیا هەردوو ضیددی یەکترن
گەر دلارامت ئەوێ با ماسیوا بێگانە بێ
هەر کەسێ مەجنوونی لەیلا بێ چ باکی تەعنەیە
لازمە هەرچی بکا نالایق و شێتانە بێ
ناوی مەجنوون ئاگری بەردایە دڵ ناحەق نییە
من وجوودم ماسی و ئەشکم وەکو ڕۆخانە بێ
حەققە شەو گریان و ناڵینم بە چاوی سوورەوە
چونکە ئەنجامی عرووسی عادەتە سوورانە بێ
پایزە و عالەم لە تەعمیراتی نەقشی خانەیە
عاشقی ڕووت هەر مەکانی کەپری تاوستانە بێ
شادییە ،جەژنە ،هەموو عالەم بە بەرگی تازەوە
دوور لە بالاَت تا بەکەی بەرگم ڕەش و زستانە بێ
دەسکی بۆ گیرفانی هێنا تاکو ژێرم کاتەوە
من هەنووم هەڵسا سەرم قوربانی ئەو گیرفانە بێ
پیاوی عاقڵ گفتو گۆی بێهودە ناکا موطلەقا
مەست ئەبێ ڕەفتار و ئەطواری هەموو مەستانە بێ
صابری پیر بووی خەوی غەفڵەت لە چاوت دەر نەچوو
کوا حەکیمێ واقیفی ئەم عیللەت و دەرمانە بێ






**قانع**: (١٨٩٨/٩/١٥ز-١٣١٦ك) (١٩٦٥/٥/٧ز-١٣٨٥ك)

محەمەدی کوڕی شێخ قادری دۆڵاشیی کوڕی شێخ سەعیدی کوڕی شێخ محەمەدە. زانای ئایینیو شاعیرە. بە شاعیری چەوساوەکان ناسراوە. سەرەتا لە گوندی چۆڕ دەستی بە خوێندن کردووە. دوایش بەمەبەستی خوێندنی علوومی عەرەبیو ئایینی ئەم شوێنانە گەڕاوە: سنە، سابلاخ، شنۆ، سەقز، هەولێر، کۆیە، کەرکووک، سلێمانی، بیارە.

شیعرەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و نیشتیمانی و ئایینی و وەصف و غەزەل و پێنج خشتەکین، جاروباریش گاڵتەجاری و زۆریش وتەو گفتوگۆی خەیاڵی لەگەڵ ئاژەڵ و شتی بێ گیان و دوژمنایەتی کردنی ئاغاو شێخ و سۆفی بەڕواڵەت خوا پەرست بەشیعرەکانیەوە دیارە ، کە بەهێماو ڕاستەوخۆ هێرشی کردووەتە سەریان . هەندێك داب و نەریتی چەوتی کۆمەڵگەی کوردەواری ئەو دەوروزەمانەی دەستنیشان کردووە لەشیعرەکانی،وەکو کچ بەشوودان بەزۆر،پرسەی درێژخایەن بەخەرجی گرانەوە،تۆبەی پیر و دیاری بردن بۆ شێخی خەڵەتێنەر،بێگانە پەرستی ، باوەڕکردن بەخورافییاتی پڕوپووچ.زۆر هانی خەڵکی داوە بۆ خوێندن و، خۆشی زۆر کەسی فێرە خوێندەواری کردووە قانع لەئاوارەیی لەدایکبووەو بەکوێرەوەری ژیاوە.چلەی نەچووە باوکی مردووە،هێشتا پای نەگرتووە دایکیشی مردووە ئیتر کەوتووەتە ناو وەزعی نالەباری و هەژاری و نەهامەتییەوە و، ئەوبارە ناهەموارە هەتا مردن یەخەی بەرنەداوە.زۆر بەڕاشکاوانە داوای مافی ئافرەتی کردووەو،هانی پەرەدان بە بەرهەمی خۆماڵی داوە.هەروەها هانی جووتیار و کرێکاریشی داوە بۆ ڕاپەڕین دژ بەچەوسێنەرەکانیان لەسەر هەڵوێستی نیشتمان پەروەری چەندین جار زیندانی کراوە لەلایەن حکوومەتی ئێران و عێراقەوە.



لەژیانیدا لەم بوارانە کاری کردووە: مەلایەتی ، کرێکاری ئەشغال ، مامۆستای قوتابخانەی ڕەسمی ، جووتیاری ، فەرمانبەری قۆڵچی دارستان ، مامۆستایی کوردی و ئایینی ، ئاشەوانی.

لەو پەڕی هەژاری و بێ دەرەتانی و بێ جێیی،کەهەر ژەمەی لەماڵێك نانی خواردووە و،زۆر جاریش وابووە بەبرسێتی ماوەتەوەو شەوانیش لەتەندورخان نووستووە ، (سەید حوسێنی چۆڕی) کە کەسایەتییەکی ناوچەی مەریوان بووە کە بەو حاڵەوە بینیویەتی لەگەڵ خۆی بردوویەتی بۆ گوندەکەی خۆی (گوندی چۆڕ ) و ، دەستێ جلی بۆی کڕیوە و دوای ئەوەی ماوەیەك لەماڵی خۆی هێشتوویەتیەوە ناویەتیە بەر خوێندن لەمزگەوتەکەی گوندەکەو لەو مەینەتییەی ڕزگاری کردووە.قانعیش وەکو وەفاداری و بەنمەکی بەرانبەر ئەو چاکەیەی سەید حوسێن بەبەیتە شیعرێك سەری نەوازشی بۆی نواندووە،ئەوەتە ئەڵێ:

(هەزار ڕەحمەت لە ئارامگایی بەرزی سەییدی چۆڕی)
(کە منداڵ بووم بەلوتفی خۆی مەساری ژینمی گۆڕی)

لە گوندی(ڕیشێن)ی بناری شارەزوور لەدایکبووە و لە گوندی ( لەنگە دێ)ی نزیك شلێر مردووە و لە گۆڕستانی (شێخ ئەو ڕەحمان)کە نزیکی گوندەکەیە نێژراوە.

## نموونەیەك لە شیعرەكانی

هەوای سەرشاخ و كوێستانم پزیشكی دەردو عیللەتمە
خوا ئاوابێ ئەم خاكە كە مایەی ژین و سیححەتمە
دەڕەببی كوێری كەی هەر كەس لەسەر فەوتانی جەننەتمە
نیشانەی تیری زیللەت بێ ئەوی بەدخواهی میللەتمە
غەریقی گێژی نەكبەت بێ ئەوی دوژمن سەعادەتمە

* * * * *

بەدەستی خۆم نیە وەڵلا لە دیوانی خوا كوردم
لەناو شێخ و بەگ و میرو مەلاو شاهو گەدا كوردم
تەماشای جەوهەری من كەی ئەزانی ئاشكرا كوردم
بە كوردی بووم و خوڵقاوم هەتا رۆژی جەزا كوردم
لەسەر ئەم بیرمە ژینم ژیانێكی حەقیقەتمە

* * * * *

فیدات بم كوردە بۆ خاكت چ بێ عەیبەو چەنێ دڵگیر
ئەگەر خاكت نەسوتێنن بەناری حیلەوو تەزویر
بەهەشتێكە كە ئیحتیاجی نیە هەرگیز بەجۆگەی شیر
وەتەن زۆر خۆشە قەدری، بێ نیهایەت نایەتە تەقریر
لەلای عالەم كە دۆزەخ بێ، بڵندتر سەد لە جەننەتمە

* * * * *



تەماشای پیرە مەگروون كە دەماخی چەندە سەربەرزە
لەباخاتی تەبیعەتدا گوڵاڵەی سەد هەزار تەرزە
تەماشای ئایەتی خواكەن لە ئەوسافی وەتەن ڕەمزە
بە بورهانی كەلامی حەق بەدڵ حوببی وەتەن فەرزە
كەسێ مونكیر بێ بەم قەولە نەزانینی لەسەر خەتمە

* * * * *

وەن دێوانەكەی خۆتم ، بەڵا گەردانی بەر پێتم
ئەگەر بێتوو قبووڵم كەی بە دڵ سەربازی سەر ڕێتم
جگەر سووتاوی لاوانی بەبێ ماڵ و بەبێ جێتم
لە باخی عیشقی میللەتدا فیداكاری نەكەم شێتم
فیداكاری لەسەر ڕێی هێرشی سەیلی مەحەببەتمە

* * * * *

چ خۆشە زەحمەتی زۆر زۆر لەپاشان ڕەحمەتی تیابێ
چ شیرینە دەوای تاڵی بەشەرتێ سیححەتی تیابێ
نەبوونی خۆم و ئەولادم قبووڵە عیززەتی تیا بێ
بە ڕۆح كێشانی خۆم رازیم ژیانی میللەتی تیابێ
بەبێ ژینی وەتەن ژینم ژیانێكی مەزەللەتمە

* * * * *

خوا بۆ خاتری جەمعی وەتەن خواهانی دڵپاكان
لەخوێنی ناحەقی كوژراوی ئەشكەوتان و بن بەردان

بەحەقی حەزرەتی پێغەمبەر و سی جزمەیی قورئان

بژی کورد و بمێنێ تا قیامەت خاکی کوردستان

بە عەونی ئەو خوایە ، خالقی فیکرو تەبیعەتمە





**کامەران موکری**: (١٩٢٩ز-١٣٨٤ك) (١٩٨٦/١٢/٢٧ز-١٤٠٧ك)

محەمەد ئەحمەد تەها.

ڕۆشنبیر و ئەدیب و مامۆستای زانکۆ و شاعیری شۆڕشگێڕو نیشتمان پەروەرە.ماوەی دەساڵ مامۆستای ئەدەبی کوردی بووە لە کۆلیژی ئەدەبیات لە زانکۆی (صلاح الدین)لە سلێمانی . مرۆڤێکی بەجەرگ و چاونەترس بووە ، هەرگیز لەزەبرو زەنگی دەسەڵات سڵی نەکردووە ، قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووە.لەسەر هەڵوێستی نیشتمان پەروەریی و شیعرە شۆڕشگێڕییەکانی چەندین جار بەند کراوە

و،دوور خراوەتەوە و،دەسبەسەر كراوە لەبەغدا و كووت و بەدرە،هەر ئەمانەش بوون بەهۆی ئەوەی نەتوانێت دوای بڕینی قۆناغی دواناوەندی درێژە بەخوێندن بدات،بەڵام بەخوێندنەوە و هەوڵ و كۆششی بێوچانی خۆی توانییەتی خۆی ڕۆشنبیر بكات و ببێت بە مامۆستای زانكۆ.

زۆر لێكۆڵینەوە كراوە لەسەر شیعرەكانی لەلایەن ئەدیب و پسپۆڕانەوە بەزمانی كوردی و عەرەبی.

ئەم كتێب و دیوانانە لەدانانی ئەون : (محەمەدقودسی) ، ( گوڵە ئەستێرە) ، (دیاری) ، (ئاگرو ژیلە) ، (شانازی ) ، (زەبری هۆنراوە) ، (ئاوات و ڕەنج) ، (ئەم ئینسانانە) ، (گوڵاڵە سوورە) ، لەگەڵ زۆر نووسین لەگۆڤارو ڕۆژنامەكان . بەچاپخانەكەشی(چاپخانەی كامەرانی)خزمەتێكی زۆری زانست و ئەدەب و مێژووی كردووە لەسلێمانی لەدایكبووە و لەهەولێر مردووە و لەگردی سەیوان نێژراوە.



## نموونەیەك لەشیعرەكانی

لەگەڵ ئەو زانیارییانەی سەرەوەش لەسەری ، جوانترین پێناسەیەك بۆی ئەوەیە كە خۆی خۆی ناساندووە لە پارچە هۆنراوەیەكی بیست بەیتی بەناونیشانی (كامەران موكری) ، كە ئەمە دەقەكەیەتی:

### كامەران موكری

لەزیندان و لەبیابانی سەلمان    لەنیشانەی برینەكانی سەرشان
لەساڵانی لاویی تەمەن پشكووتن    هەلی عومرم گوڕی هەوڵی پێشكەوتن
لەوساڵانەی لەگەڵ زنجیرا ژیام    لەو هەرەسەی ژیان بەسەریا هێنام
لەژووری تەنگ،ڕێچكەی جروجانەوەر    لەشێی دیوار،وەردیانی مۆن خوێنی سەر
لەقەتماغەی لەشی بەدارشیتاڵ بووم    لەلێدانی دڵی بەخورپە قاڵ بووم
لەو پەنجانەم كە ئاگریان پیاچزان    لەو جومگانە كە لەیەكتر ترازان
لەو كەسانەی تادوێنێ بوو وەك دوژمن    كۆتیان كردە پێی سەدانی وەكو من
لە كۆتی پێ ، كەلەپچەی دەست بپرسن    من چیم و كێم ، ئەوان چاكم ئەناسن
لەدار خورماو لەبیابانی سووتاو    لەسەراب و سەبوون و خەیاڵی ئاو
لەو چاوانەی خوێنی قینیان تێزا بوو    لەو كەسانەی بەشیان تەنیا سزا بوو
لەكۆرپەكەم ، دووكەڵی تاسەی ئەوسام    لە دەروونی ژەمبور دەبووم بە پەیام
لەبیركردن ، خۆزگەی تاساو بۆ ئاوێ    گڕی دەروون دامركێن بێ بۆ تاوێ
لە كاسەیەك دۆی سەر تەزێنی كوێستان خولیای شنەی جێی نسرمی دارستان
لە برسێتی و دووری و لە بێبەری بوون لەگشت خواستی خاوێنی دڵ و دەروون

له كۆتی پێ ، له كه‌لپچه‌ی ده‌ست بپرسن من چیم‌و كێم، ئه‌وان چاكم ئه‌ناسن
قاره‌مان نیم، به‌ناوبانگ نیم گه‌وره‌ نیم      شاعیرێك بۆ نه‌ته‌وه‌ی كورد ئه‌ژیم
چیم له‌ ده‌ست هات كردم بۆ نه‌ته‌وه‌و خاك  چیم به‌سه‌رهات دام به‌خه‌نده‌ به‌بێ باك
سه‌رم به‌رزه‌ سه‌ر شۆربوونم نه‌زانی      ئارامیی خۆم ، تاسه‌م كرد به‌ قوربانی
له‌ چیاكان ، له‌ لوتكه‌ی به‌رزو نووا      له‌ ئاگری به‌ نێڵه‌ نێڵی بڕوا
له كۆتی پێ ، كه‌له‌پچه‌ی ده‌ست بپرسن  من چیم و كێم ، ئه‌وان چاكم ئه‌ناسن



**كانی**: (١٨٩٧ز-١٣١٥ك) (١٢/٥/١٩٥٧ز-١٣٧٧ك)

عه‌بدولجه‌بار ئاغای كوڕی حاجی مه‌لا عه‌بدولڕه‌حمانی كوڕی حاجی ته‌های كوڕی حاجی عه‌بدوڵلای كوڕی عه‌بدولقادر ئاغای كوڕی محه‌مه‌د ئاغای كوڕی قه‌ره‌نی دۆغره‌مه‌ چییه‌ بۆیه‌ ناونراوه‌ (عبدالجبار اغا) تاكو ناوه‌كه‌ی‌و مێژووی له‌ دایكبوونی یه‌كبكه‌ون، چونكه‌ پیته‌كانی (عبدالجبار اغا) به‌ پیتی (ابجدی) ئه‌كاته‌ (١٣١٥) كه‌ ئه‌مه‌ش مێژووی له‌ دایكبوونیه‌تی به‌ ساڵنامه‌ی كۆچی. به‌ ڕه‌گه‌ز ئه‌چێته‌وه‌ سه‌ر به‌گزاده‌كانی جاف. نازناوی دۆغره‌مه‌چی له‌ حه‌سه‌ن ناوێكی سه‌ر به‌ ئه‌و عه‌شیره‌ته‌وه‌ هاتووه‌، چونكه‌

دەستڕەنگین و کارامە بووە لە وردەکاری و هونەری نەقش و نیگار لەسەردار. لەو کاتەی کە دارتاشێکی لێهاتوو بووە لە ئەستەنبووڵ، کە بە هۆی ناکۆکی لەگەڵ کەسوکاری لەسەر زەوی و زار تۆراوەو ناوچەکەی خۆی جێهێشتووەو ڕوویکردووەتە کەرکوك، لەوێوە چووەتە هەولێر و ئەمجا لە ئەستەنبوڵ گیرساوەتەوە.

سەرەتا لە مزگەوتی قەڵات لە هەولێر دەستی بە خوێندن کردووەو دواییش هەر لە مزگەوتەکانی تری هەولێر زانیارییەکانی عەرەبی و فارسی و ئایینی خوێندووەو بە هەوڵ و کۆششی خۆی شارەزایی پەیدا کردووە لە ئەدەبیاتی کوردی و فارسی و تورکی و، هەمیشە هاونشینی زانایان و ئەدیبان بووەو، بە خوێندنەوەو شەونخوونی خۆی پێگەیاندووە.

کانی لە سەرەتای شیعر هۆنینەوەیدا شێوەزاری هەولێریی تێکەڵ بە شیعرەکانی ئەکرد، لە دواییدا بەرە بەرە چووەتە سەر شێوەی زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی. کتێبی (لەیلەو مەجنوون)ی شاعیری تورك (فضولی)ی لە تورکییەوە گۆڕیوەتە کوردی بە شیعر بە هەندێك دەسکارییەوە . یەکێکیشە لەوانەی دەستپێشخەر بوون لە شیعر دانان بە کوردی لە هەولێر.

شیعرەکانی ستایش و مەی و دڵداری و نیشتیمانی و شانازی و کۆمەڵایەتین.



ئەم فرمانانەی پێ سپێردراوە: سەرپەرشتی هەڵمەتی قەڵاچۆکردنی کولە لە هەولێرو کەندێناوەو گوێڕو شەقڵاوەو قوشتەپە، فەرمانبەری نفووس لە ڕەواندز و کۆیە ، سەرنووسەری دایرەی تەموین لە هەولێر. نووسەر لە بەڕێوەبەرایەتی زانیاری هەولێر.

لە هەولێر لە دایکبووەو هەر لەوێش مردووە و نێژراوە..

نموونەیەك لە شیعرەکانی

سەد سەد

سەد ئاهوویی وەحشی نەزەرو مەهوەش و دڵدار
سەد غەمزەیی جادووو پەری ئەفسوونگەری عەییار
سەد ساقیی ساغر بە کەف و نێرگزو خومار
هەرییێکی بەسەد شێوە بکا حوسنی خۆی ئیزهار

* * * *

سەد ئەبرۆ کەمان، خاڵی سیاه، زوڵفی پەریشان
سەد لەعلی لەب و غونچە دەهان، ڕوویی درەخشان
سەد سەرو قەدو شەمس و شەب و لەنجە خەرامان
هەرییێکی بەسەد غەمزە بکا عاشقی حەیران

* * * *

سەد ئافەتی نازك بەدەن و گەردەنی مینا
سەد وەجهی قەمەر، حۆری لیقا، دلبەری ڕەعنا

سەد سینە سەدەف، جالبی دڵ، عارف و دانا
هەرییێکی بەسەد عیشوە بکا عەرچ و تەمەننا

* * * *

سەد لالەڕۆح و تووتی زوبان، ئاشوبی دەوران
سەد ماهی جەبین، پەرچەمی چین چین سێبی زەنەخدان
سەد دوختەری تەرسایی یەهوود ، گەبرو موسڵمان
هەرییێکی بەسەد نەوعیٚ بکا عاشقی ناڵاٚن

* * * *

سەد ئەسمەری شیرین سوخەن و عاقڵ و خۆش خوو
سەد سوحبەتی خۆش جیلوە نووما عەنبەری گێسوو
سەد عارزی گوڵ ، ئەهلی سەفا شاهید و مەهڕوو
هەرییێکی بەسەد لەهجە بڵیٚ ( کانی ) بفەرموو
مەیلم لەتۆ ڕەتنابیٚ ئەیا شۆخی ستەمکار
ڕووح و بەدەنم جانە بە قوربانتە سەد جار



**کەیفی جوانڕۆیی**: (١٨٣٩ز–١٢٥٥ك) (١٨٨٢ز–١٣٠٠ك)

مەلا فەتحوڵڵاٚ

زانای ئایینی و شاعیرە. شیعری بەکوردی و فارسی وتووە . خوێندنی ئایینی و علوومی عەرەبیی لەحوجرەی مزگەوت لەم شوێنانە خوێندووە :

ناوچەی جوانڕۆ شارەزوور ، کۆیە ، هەولێر و چەند شوێنی تریش . شیعری بەکوردی و فارسی و تووە . زۆر لەشیعرەکانی سوتێنراون و فەوتاون لە کۆیە . لەدواقۆناغی خوێندنیدا لەگەڵ شێخ ڕەزای تاڵەبانی لەمزگەوتی خانەوادەی جەلیزادە لە کۆیە خوێندوویەتی و بە شیعر هەجوی یەکتریان کردووە و نێوانیان تێکچووە و، بەرەبەرە درێژەی کێشاوە و گەیاندوویانەتە جنێوو شەڕیش.لەئەنجاما کەیفی کۆیەی جێهێشتووە و چۆتە هەولێر .پاش ماوەیەك بەرەو غوربەت و چارەنووسی نادیار سەری خۆی هەڵگرتووە و، لەپێشا ڕوویکردۆتە شام و لەوێ ماوەیەك مامۆستای مناڵەکانی والی (حەلەب ) بووە لەوێشەوە چۆتە ئەستەنبوڵ و ماوەیەك لەگەڵ حاجی قادری کۆیی بەخۆشی ڕایانبواردووە کەمردووە حاجی قادر لاواندوویەتیەوە بەقەسیدەیەکی (٣١) بەیتی کە بە کوردی و فارسی و عەرەبی و تورکی هۆنیویەتیەوە،ئەوەتە لەبەیتێکی کوردییدا ئەڵێ:

(لە کوێرە دێێی کە((کەیفی)) تیا بێ فیردەوسە)

(جەهەننەمە کەنەما کەیفی شاری قوستەنتین ).

هەرلەهەمان قەسیدەدا مێژووی مردنەکەی دیاری کردووە لە بەیتێکی تورکیدا کە ئەڵێ:

(کبیردر بو مصیبت ، عظیم واقعەدر)



( ((صغیر))یازینە تاریخی خامە موشیکین)

وشەی صغیر بە حیسابی پیتی ئەبجەدی ئەکاتە (١٣٠٠):

(ص= ٩٠+ غ= ١٠٠٠+ ی= ١٠+ر= ٢٠٠= ١٣٠٠) کە ئەمە مێژووی مردنی کەیفی جوانڕۆییە بە ساڵنامەی کۆچی.(١)

لە جوانڕۆ لە دایکبووەو لە ئەستەنبوڵ مردووەو نێژراوە.

## نموونەیەک لە شیعرەکانی

کەیفی لە ئەنجامی هەجوو شەڕەکەی نێوان ئەوو شێخ ڕەزادا مەلا ئەسعەدی جەلیزادە لەبەر دڵنەوایی تاڵەبانیان دەری کردووە، ئەویش کۆیەی جێهێشتووەو بە دڵشکاوییەوە چۆتە هەولێر. دوای ماوەیەک ڕەشید ئاغای حاجی بەکر ئاغای حەویزی ، کە ئەویش ئەدیب و کەسایەتییەکی ناوداری کۆیە بووەو، دۆستایەتیو خۆشەویستیی بەتین بووە لەگەڵی، نامەیەکی بۆ ناردووە تیایدا داوای لێکردووە کە بگەڕێتەوە بۆ کۆیە. کەیفیش بە پارچە هۆنراوەیەک وەڵامی داوەتەوەو، پێی ئەڵێ

مەحاڵە جارێکیتر بێمەوە کۆیە دوای ئەوەی لەوێ بەبێ سووچ بێڕێزیان کردمو زوڵمیان لێکردم . ئەمە دەقی هۆنراوەکەیە :

ئەی نووحی نەجاتم لە دەسی چەرخی جەفاکەر
وەی ڕووحو سەروماڵی منت جوملە بە نیثار
باخاکی بەری پێت بێ دڵی زارو نەزارم
با فەرشی سەری ڕێت بێ گوڵو گوڵشەنو گوڵزار
لەو ساوە بەنەی خامە غەزەل نووسی چ شیرین
شەککەر شکەنیت کردووە وەک تووتی بە مینقار
ڕەشحەی قەڵەمت مشکی لەسەر نامەفشان کرد



هەم خامەوو هەم خامە، هەر ئەشعارو هەم ئیشعار
(فی الجملە) کە نووسیوتە لەبۆ نایەوە کۆیە
چۆن بێمەوە، ئێستەش کە لەسەر مایە شەڕی پار
ئێستەش وەکو مورغێ کە زەدەی چەنگی هەڵۆبێ
بێهۆشمو ئیفتادە، پەرێشانو نگونسار
بێ غیرەتو بێ عارم ئەگەر بێمەوە کۆیە
وەک پەیکەری پێ ڕووتو وەکو سەر ڕەشی موختار
ئیمانو دڵم وا بە دەسی دولبەرێ دابوو
نەیدابوو وەها حاجی ڕەشک دینی بەدینار
من خەستە تەنو جەستە شکەستەی غەمی ئەوبووم
ئەو بوو بە دەواو مەرهەمی بێگانەو ئەخیار
خۆت واقیفی ئەسراری کە چۆن ئاخری کاریش
بێ حورمەتی کردم بە قسەی موفسیدو بەدکار
چۆن هەیبەتی بردم لە حوزووری حەزەراتی
چۆن هەیئەتی کردم بەسەرو سوورەتی دیوار
هەر چەندە جەفای دامو سەفام لێ نەدی ئەمما
شاهانە دەکەم مەدح و ثەنای چاکی بە ئەشعار
دائیم لە خەراباتی حوزووری حەزەراتم
نەم ماوە لەبەر تاعەتی تەن تاقەتی دیدار

**هەڵنا خەڵەتێ (کەیفی) لە مەولا بەفریبت**

**بابەس بێ وەفای ئێوەوو بابەس بێ جەفاری یار..**

---

(١) شێخ ڕەزاش لەگەڵ شەڕو ناکۆکییەکەیشیان هەر بە چەشنی حاجی قادر کە کەیفی مردووە ئەویش لاواندوویەتیەوەو مێژووی مردنی دیاری کردووە لە بەیتێکدا:

( ڕەفیقم بوو جوانێکی جوانڕۆ)

(کەچوو((ماڵیم بسر خۆمدا جوان ڕۆ)) )

ڕستەی (( ماڵیم بسر خۆمدا جوان ڕۆ)) بە ڕێنووسی ئەو ڕۆژگارە ئەویش هەر ئەکاتە (١٣٠٠) .





**کوردی**: (١٨٠٩ز–١٢٢٤ک) (١٨٤٩ز– ١٢٦٦ک)

**مستەفا بەگی کوڕی مەحموود بەگی کوڕی ئەحمەد بەگی (ساحێبقڕان) ە. زانای ئایینیو شاعیرەو کەسایەتی ناوداری دەورو زەمانی خۆی بووە. لە قوتابخانە ئاینییەکانی کوردستان خوێندوویەتی. یەکێکە لە سێ دامەزرێنەرەکەی قوتابخانەی کلاسیکی کوردی لەگەڵ (نالیو سالم) (سێ کوچکەی بابان). هەرچەندە شیعری نیشتیمانیو کۆمەڵایەتیو تصوفو فەلسەفیشی زۆر هەیە، بەڵام بە شاعیری غەزەل ناسراوە. لە زمانو**

ئەدەبی فارسیشدا زۆر شارەزا بووەو شیعری بە کوردیو فارسیو عەرەبی وتووە. هەر کاتێ ویستبێتی شیعرێك بهۆنێتەوە بەبێ خۆماندووکردن بۆی هاتووە.

زۆر لە ئەدیبو شاعیران بە شاعیریەتیا هەڵیانداوە لەوانە: حەمدی، کەماڵی، حاجی قادری کۆیی، خادیم، شێخ ڕەزای تاڵەبانیش لە وەسفیدا ووتوویەتی ئەگەر شاعیرەکان زیندوو ببونایەتەوە هەموو ڕۆژی جارێك سەرم لێیان ئەدا، بەڵام کوردی ڕۆژی پێنج جار.

ئامۆزای (سالم) ە و نازناوی پێشای (هیجری) بووە.

کوردیش هەر وەکو نالیو سالم دەربەدەری دەستی تورکی عوسمانی بووە. کە نالی ئاوارەی شامو ئەستەنبووڵ بووە ئەمیش بە چەشنی سالم بەرەو ئێران کۆچی کردووە.

لە تاران بووەتە مامۆستای شازادەکانی ئێران و بووە بە ئەندامی (ئەنجومەنی ئەدیبان). و ماوەیەکی زۆر لەوێ لەگەڵ ئەدیبو شاعیرو نووسەراندا ژیاوە.

وا مەشهوورە بە شەڕە شیعر (میرزا حەبیبی قائانی) ی گەورە شاعیری ئێرانی بەزاندوە.

هەروا ئەشڵێن پیاڵەیەك زەهری خواردۆتەوەو پێی نەمردووە.

لە سلێمانی لە دایکبووەو هەر لەوێش مردووەو لە گۆڕستانی سەیوان نێژراوە..



## نموونەیەك لە شیعرەکانی

کوردی هەر بە چەشنی کوردیو فارسی لە عەرەبیشدا بە توانا بووە، وا (مولەممەع) یێکی کوردی – عەرەبی ئەکەینە نموونە:

حۆریی ڕەوزەی جینانی یا گوڵی باخی ئیرەم
أم نجومُ العرشِ أم شمسٌ علا فوق العلم
سەرکەشی عێڵی گەلاڵی، شۆخی بابانو عێراق
نور أبصارِ العرب ، ظلُّ الرؤساء العَجَم
کوشتنو عەفوت لەلای من هەردویان هەر ڕەحمەتن
لو تُمِتني ترحمِ ، لو تُعفِني عين الكرم
ئاخری کوشتت بە هیجران ئاسکەکەی دەرماڵی خۆت
كم نَديتُ بالنِّدا لا تَقتُلِ الصيد الحَرَم
کوشتمت ئەمما لە پاشانیش پەشیمانی دەبەی
يا حبيبي بعد قتلی لا حُصولَ فی النَّدم
وەك تەبیب ئەربێی عیلاجی ئەم برینانەم بکەی
أُعطِكَ الرّوحَ لَئِن تَقبلهُ فی حَقِّ القَدَم
سەد کە مەحزوونو نەخۆشبم نامەکەت گەر بێتە لام
يَندَفِع حُزني وما يَبقى مِنَ القَلبِ ألَم

گەر وەکو عیسا لەپاش مردن بەسەرما ڕابوری
تَجمَعُ العَظمَ الرَّميمَ ، تُحيِني بَعدَ العَدَم
چونکە نامەی دەردی کوردی قەت نەهاتە ئینتیها
تمَّت القِرطاسُ، جفَّ الحِبرُ وانْشَقَّ القَلَم ..



**کەمالی**: (١٨٨١ز-١٢٩٩ك) (١٩٧٤/١١/٢٩ز-١٣٩٤ك)

عەلی کوڕی باپیر ئاغای کوڕی چراغە. لە عەشیرەتی سمایل عوزێری تیرەی میر ئالاّییە. زانای ئایینی و شاعیرو سیاسی و نیشتیمان پەروەرە. سەرەتا لە مزگەوتی شێخ عەبدوڵلا (مزگەوتی دوو دەرگا) دەستی بە خوێندن کردووە. دوایش بۆ وەدەستهێنانی علوومی عەرەبی و ئایینی چۆتە زۆرێک لە حوجرەی مزگەوتەکانی کوردستان و خوێندنی ئایینی تەواو کردووە. بەلاّم بە پێچەوانەی زۆربەی زانا ئاینییەکان حەزی لە ژیانی مەلایەتی نەکردووە، بەڵکو بووەتە نووسەر (کاتب) لە دایرەکانی میریدا، فەرمانبەر بووە لە سلێمانی و لە بەغدا. ماوەیەک قایمقامی چەمچەماڵ بووە، بەلاّم زۆر لەو فرمانە نەماوەتەوە لەبەرئەوەی لایەنگری شێخ مەحموودی نەمر

بووه و ،تێگلاوی جیهانی ڕاپەرینی ڕۆشنبیری و ئازادیخواز بووه.یەکێکیش بووه لە دامەزرێنەرانی (جەمعیەتی کوردستان)کە لەساڵی (١٩٢٢)ی ز دامەزراو سەرنووسەری ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان)بوو کە جەمعیەتی کوردستان دەری ئەکردوو وتاری سیاسی و نیشتمانی تێیدابلاوئەکردەوە و ، هانی خەڵکی ئەدا بۆ پشتگیری کردنی شێخ مەحموود کە حکوومەتەکەی شێخ مەحموودیش دامەزرا ئەو ڕۆژنامەیە بوو بەزمانی حکوومەتەکە ، کەرِوخاش ڕۆژنامەکەش کۆتایی پێهات.

لەسەردەمی حاکمە سیاسییەکانی ئینگلیزدا ماوەیەك فەرمانبەری (ماڵیە)بوو . کە شێخ ناچارکرا سلێمانی جێبهێڵێت و لەپیران نیشتەجێبوو ، کەمالی دەسبەرداری فرمانەکەی بوو و ،لەتەك شێخدا ڕۆیشت.چەندین جار بەنوێنەرایەتی شێخ پەیوەندی بەباڵیوزانی وڵاتان کرد بەمەبەستی گەیاندنی نامە بەناوبانگەکەی شێخ بە کۆماری شوورەوی (یەکێتی سۆڤیەت).

کەمالی جگە لەکوردی ،عەرەبی و فارسی و تورکیشی زانیوەو، جگە لەدیوانە شیعرەکەی ئەم بەرهەمانەشی نووسیوە:(گوڵدەستەی شوعەرای هاو عەسرم) کە بریتییە لە پوختەی ژیانی خۆی و کۆمەڵێك شاعیری تر . (شاعیرە ونبووەکانی کورد) کەتێیدا ژیاننامە و نموونەیەك بەرهەمی (٤١)شاعیری بلاوکردووەتەوە ئەم بەرهەمانەشی لەفارسییەوە



گۆڕیوە بۆ کوردی بەشیعر (شیرین و خوسرەو ) ، (ئەمیر ئەرسەلان ) ، (شەڕی خەیبەر) ، (خورشید و خاوەر ) ، (گیانی سەعدی ) .

شیعرەکانی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و غەزەل و وەصف و هیتر .ئەویش بە چەشنی (گیو موکریانی) بژاری وشەی بێگانەی کردووە لە شیعری چەند شاعیرێك . لە سلێمانی لەدایکبووە و هەر لەوێش مردووە و لە گردی شێخ محێدین نێژراوە .

### نموونەیەك لە شیعرەکانی

شەماڵ بۆ لای لەیل ،شەماڵ بۆلای لەیل
شەماڵ دەخیلم بچۆ بۆ لای لەیل
بۆ لای لەیلەکەی بێ وەفا و بێ مەیل
پێشکەشکە نامەی دەروون لە خەم کەیل
بڵێ ئەی ئازیز شۆخی بێ پەیمان
بێ شەرت و مروەت ، بێ وەفاو ویژدان
مەجنوونی شەیدای هەرزە گێلەکەت
دەروون لەخەم کەیل ، شێت و وێڵەکەت
دائیم هەر ئەڵێ بە پەرۆژەوە
بە دڵی زویری پڕ خورۆشەوە
گیانەکەم خۆمن بەڕۆژ و بەشەو
ناسرەوم دائیم بێ خۆراك و خەو

لەبەر دەرگاکەت هەتا بەیانی
ئەسووڕێمەوە بۆ پاسەوانی
بۆ بەردەبازی سەر ڕێگات ، سەرم
بۆ فەرشی بەر پێت دڵەی بە نەرم
دائیم ئامادەن بە ئارەزووی گیان
هەتا پێت نەگات زەرەر و زیان
تۆش کەچی تابێ مەیلت کەم ئەبێ
دڵم دووچاری دەردوو خەم ئەبێ
نەڕوویەکی خۆش نەوەفات هەیە
تەنها هەر جەورو هەر جەفات هەیە
منیش وا دڵم لە تۆ تەوساوە
مەیلە گەرمەکەی ئەو سام نەماوە
ئەمجا کێ بیکات شەو پاسەوانی
لەبەر دەرگاکەت هەتا بەیانی

کێ دڵی لەتلەت بکات وەك شانە
کەپێی دابێنێت ئەم قژە جوانە
من ڕزگارم بوو لە دەرد و جەفا
تۆ زیان ئەکەی یاری بێ وەفا





**گۆران**: (١٩٠٥ز-١٣٢٣ك) (١٨/١١/١٩٦٢ز-١٣٨٢ك)

عەبدوڵا بەگی کوڕی سلێمان بەگی کوڕی عەبدوڵڵا بەگی کوڕی عینایەتوڵڵا بەگی کوڕی ئەمانوڵڵا بەگە.

بە بنەچە ئەچنەوە سەر بنەماڵەی بەگزادەی (میران بەگی) لە ناوچەی مەریوان. بنەماڵەکەیان لە مەریوانەوە کۆچیان کردووە بەرە و سلێمانی و قەرەداغ و هەڵەبجە.

زانای ئایینی و مامۆستاو شاعیرە. سەرەتا لای باوکی قورئانی پیرۆزی خەتم کردووەو هەندێك وردە کتێبی فارسی و عەرەبی خوێندووە کە لەو سەردەمەدا خوێندنیان باوبووە. دواییش لە

حوجرەی مزگەوت فەقێیەتی کردووە، بۆ فێربوونی علوومی عەرەبیو ئایینی. لە قوتابخانەکانی حکوومیشدا پچڕ پچڕ خوێندوویەتیو دوایی لە قوتابخانەی هەڵەبجە بە مامۆستا دامەزراوە. پاش (١٠) ساڵ مامۆستاییەکەی گوێزراوەتەوە بۆ دایرەی ئەشغال دوایی کراوە بەبەرپرسی ڕۆژنامەی (ژین)و دوای ئەوەش سەرپەرشتیکردنی گۆڤاری (شەفەق) ی پێ سپێردراوەو، بەناوی (بەیان) دەری کردووە، هاوکات لە دایرەی ئیسکانی سلێمانی دامەزراوە. بەڵام لە ساڵی (١٩٦٠) لەسەر کارەکەی لابراوە بەهۆی بەشداری کردنی لە کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد کە لە شەقلاوە ڕێکخرابوو، بە بیانووی ئەوەی گوایە بەبێ پرس کارەکەی جێهێشتووە. هەر لە هەمان ساڵدا بووە بە (موحازەرەدەر) لە کۆلیژی ئەدەبیات لە زانکۆی بەغدا بەشی کوردی ، ئەشبێ بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی ئازادی . ماوەیەکیش چاوەش (مراقب) کرێکار بووە. لەسەر هەڵوێستی نیشتیمان پەروەریی چەندین جار بەندکراوەو حوکم دراوەو دوور خراوەتەوەو دەسبە سەربووە لەژێر چاودێری پۆلیسدا. ماوەکانی بەندێتی لە سلێمانیو کەرکووکو کوتو باقووبەو نوگرە سەلمانو ماوەی دوورخراوەییو چاودێرییەکەشی لەبەدرە بەسەر بردووە.

لەوێستگەی ڕادیۆی ڕۆژهەلاتی نزیك لە یافا لەگەڵ چەند ڕۆشنبیرێکی تری کورد دا بەشی کوردستانیان کردۆتەوە لە دژی فاشیزیم و، ماوەی چەند ساڵێك کاری تێدا کردووە.



گۆران یەکێکە لە شاعیرە هەرە بەناوبانگەکانی دوای قۆناغی کلاسیکیو یەکێکیشە لە بەرایییەکانی شیعری نوێی کوردیو لەگەڵ شاعیر شێخ نووری شێخ ساڵح ڕۆڵی گرینگیان هەبووە لە نوێخوازی لە شیعری کوردیدا. هەندێك لە شیعرەکانی گۆڕدراونە بۆ سەر زمانی بیانی. دیوانێکی گەورەی شیعری هەیە . لە هەڵەبجە لە دایکبووەو لە سلێمانی بە نەخۆشی شێر پەنجەی گەدە مردووە..

**نموونەیەك لە شیعرەکانی**

**جوانی لە لادێ**

ئێوارەیە وا ، هەڵگرە ساگۆزەیی تازە
ڕێی کانی قوبان مونتەظیری جیلوەیی نازە
بەر دەرگەکەتان قیبلەیی ڕووی ئەهلی نیازە
ئێوارەیە وا ، هەڵگرە ساگۆزەیی تازە

* * * *

سەرجادە موعەططەرکە بەبۆی خونچەو مێخەك
بەو لەنجەیە بەستە بڵێت ورشەیی خامەك
هاڕەی کەمەرەو پڵپڵەو گوارەو کرمەك
ئێوارەیە وا ، هەڵگرە ساگۆزەیی تازە

* * * *

چەن جوانی بەرەو مەغریب ئەچی، زەردە ئەدا لێت
پڕشنگی خشڵ ئەبڵەق ئەکا دەورو بەری ڕێت

ڕۆژی دەمی کەل حازرە بۆ پێشکەشی بەر پێت
ئێوارەیە وا ، هەڵگرە ساگۆزەیی تازە
* * * *

ئێوارەیە وا، دەرکەوە شاجوانە کچی دێ
ئەی ویردی قسەو بەستەیی گشت کوڕگەلی سەر ڕێ
سووتاوی جوانیتن هەموو کێیی کوڕی کێ
ئێوارەیە وا ، هەڵگرە سا گۆزەیی تازە
* * * *

وەك سوێسکە بڕۆ، ئاسکە نیگای چاوی ڕەش و مەست
پڕ عیشوە بچەرخێنە ئیتر هیچ مەبە دەربەست
چەن ماڵ ئەڕمێ، چەن شل ئەبێ هێزی دڵو دەست
ئێوارەیە وا ، هەڵگرە سا گۆزەیی تازە
* * * *

وەختێ کە ئەکەی چەشنی نەسیم لەنجە بەرەو ماڵ
ئەگریجەیی تەڕ پەخشە لەسەر کوڵمو خەتو خاڵ
شەپیانە شەماڵ پەنجە لەسەر ڕەنگی ڕەش و ئاڵ
ئێوارەیە وا ، هەڵگرە سا گۆزەیی تازە
* * * *

ڕێی کانی قوبان مونتەظیری جیلوەیی نازە
بەر دەرگەکەتان قیبلەیی ڕووی ئەهلی نیازە
ئێوارەیە وا ، هەڵگرە سا گۆزەیی تازە..





**لوتفی:** (١٩٠٥ز-١٣٢٣ك) (١٩٨٩/٥/٢٣ز-١٤١٠ك)

شێخ لەتیفی کوڕی شێخ ڕەزا شێتەی کوڕی شێخ مارفی قولەی کوڕی شێخ فەتاحی قوولەی کوڕی شێخ حەسەنی قولەی کوڕی شێخ محێدینی کەرکووکی کوڕی شێخ حەسەنی گڵەزەردەیە. زانای ئایینیو شاعیرە. لە بنەماڵەیەکی ئایینیدا لە دایکبووەو، لە تەمەنی شەش ساڵیدا نراوەتە بەر خوێندنەوە لە حوجرەی مزگەوتو لەم شوێنانە خوێندوویەتی : گوندی قوین پەڵك ، دووزخورماتوو، کەرکووك، دیبەگە، لەیلان، خاڵۆ بازیانی.

دوای دەستهەڵگرتن لە خوێندن لە ناوچەی شوانو ساڵەیی بەزۆری بە کشتوکاڵەوە خەریك بووە. جاروباریش مەلایەتی کردووە لە گوندەکانی ناوچەکە. دووجاریش فەرمانبەرێتی میری کردووە، یەکەم جار چاودێری کرێکاران لە کاتی دروستکردنی رێگای هەولێر– ڕواندز. دووەم جار چاودێری شارەوانی لە کەرکووك لوتفی جگە لە دیوانە شیعرییەکەی ئەم کتێبانەی لە عەرەبییەوە کردووە بە کوردی، بەڵام هیچیان چاپ نەکراون: (السادات البرزنجیه)ی شێخ عەبدولقادری شێخ محەمەد. مەولوود نامەیەکی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) ، فتح الیمن (رأس الغول)، (فتح ملك قطریف) (قصص الانبیـﺎ )، کۆکردنەوەی سەر گوروشتەی کۆمەڵێك زانا.

شیعرەکانی بە زۆری غەزەل و کۆمەڵاتی و ئایینی و پیاهەڵدان و هیتر . هەندێکیان بە کێشی عەرووز و زۆربەشیان بەجووت سەروا هۆنیوەتەوەو ، لاوازی لەهەندێك لە شیعرە عەرووزییەکانی هەیە لوتفی پیاوێکی مەشرەب خۆش و قسە ڕەوان و حەزی لە گاڵتەو گەپ ئەکرد و جەوخۆشکەری مەجلیس بوو لە گوندی پەڵکانەی ناوچەی قەرەحەسەنی کەرکوك لە دایکبووە و لە کەرکوك مردووە ، لە گۆڕستانی ڕەحیماوە نێژراوە.



**نموونەیەك لە شیعرەکانی**

ئەی ئەسیری تەوق و قەیدی نەفسی بەد ئەممارە خۆم
بێکەس و بێ موئنیس و بێ هەمدەم و خەمخوارە خۆم
دوور لە خزمان و وەتەن موڵکی عەشیرەت کەوتووم
ساکینی موڵکی غەریبی، بێکەس و ئاوارە خۆم
ڕامبوارد عومری عەزیزم گشت لەکاری ناشیرین
ڕوو سیاه و شەرمەزار و سەرکز و پەتیارە خۆم
دڵ وەکو ڕاوچی لەدوای مامزی حیرس و تەمەع
ڕۆژ و شەو هەڵپەو بلۆفی دونیای غەددارە خۆم
کەوتە پێشم ڕێگەیی دوور بێ تەدارەك بێ ئەساس
بێ وڵاخ و بێ زەخیرە و زاد و پوول و پارە خۆم
قەت نەکەوتە فیکری من ڕۆژێ کە تۆ ئەمری و ئەڕۆی
وای کە بێ عەقڵ و شعوور و بێ نەواوو عارە خۆم
بێ ئەمەل ڕۆییم لە دونیا ڕەنج خەسارو دەس بەتاڵ
کردەوەی چاکم نەکرد ، وای لە خۆم هەژارە خۆم
کەوتە پێشم ڕێی بیابان تەهلوکەی بێ زاد و ئاو
وای غەریبی دەشتی مەحشەر بێکەس و بێ یارە خۆم
سواری ئەسپی جەهل بوومە ڕوو لە شاخ و دەشت ئەکا
بێ لغاو و زین و ڕشمە، بێ دەس و هەوسارە خۆم
پێی شەل و قۆناخی دوور سەر جسری سیراتم ئەمن

كۆتەرەی نیوە سووتی قەعری جەحیم و نارە خۆم
تای تەرازووی لای گوناهم زۆر گرانە ئەی ئەسەف
ڕوو ڕەش و ڕیسوا لەبەر دەس سەییدولئەبرارە خۆم
دەس بەزنجیرو عەزاب ، گیرۆدەی دەستی مەلەك
رامئەكێشن بۆ جەهەننەم ، ئەوجا زەهری مارە خۆم
دەستی یەئسم دانەناوە گەرچی ترسم زۆر هەیە
بۆ تەمای حۆری و بەهەشت و میوە و گوڵزارە خۆم
چونكە (نەصصی) داوە حەق دەرحەق بە ئەهلی تائیبان
تەو بەبێ یاڕەب تەمەننای تەوبەیی یەكجارە خۆم
قەترەیێ ڕەحمەت بڕێژە دەرحەقی بەندەی هەژار
بیكەیە باعیس ڕووناكی ئەم دڵەی ژەنگدارە خۆم
ڕۆژو شەو نالەی دەروونم خەڵكی بێزار كردووە
یا (ڕەسوولەڵلا) دەخیلە ڕوورەش‌و بێچارە خۆم
(لوتفی) غەرقی بەحری عوسیان تا بەكەی كردەی نەفام
دەسدە بەر كەشتی نەجات‌و هەر بڵێ هاوارە خۆم..



**مەلای گەورە**: (١٨٧٥ز-١٢٩٢ك) (١٢/١٠/١٩٤٣ز-١٣٦٢ك)

مەلا محەمەدی كوڕی حاجی مەلا عەبدوڵلای كوڕی حاجی مەلا ئەسعەدی كوڕی حاجی مەلا عەبدوڵلای كوڕی حاجی مەلا عەبدولڕەحمانی جەلییە.

کەسایەتی نیشتیمان پەروەرو ناودارو خزمەتگوزارو زانای ئایینیو ئەدیبو شاعیرە . شیعرەکانی ئایینیو نیشتیمانیو سیاسیو کۆمەڵایەتینو بە شیعرو بە کردەوەش ڕووپاماڵی شێخو مەلاو سۆفی مفتەخۆرو فێڵباز و ئایین فرۆشانی کردووە و هانی خەڵکی داوە بۆ خوێندنو فێربوونو خۆ ڕزگار کردن لە نەزانینو دواکەوتوویيو داوای چاکسازی لە کۆمەڵگاو سەربەستی ژنانو دانی مافی ڕەوایان پێیان. بەکردەوەش سەلماندووتیو یەکەم کەسە کە کچەکەی خۆی ناردۆتەوە قوتابخانەی کوڕان. بە هەوڵ و کۆششی ئەویش بۆ یەکەمین جار قوتابخانە لە کۆیە کراوەتەوە . پارچە زەوییەکیشی بۆ قوتابخانەکە پێشکەش کردووە.

لە تەمەنی پێنج ساڵیدا لە مزگەوتەکەی خۆیان دەستی بە خوێندن کردووە و، لەچواردەساڵییەوە لای باوکی خوێندوویەتی و، لە هەژدە ساڵیدا پرۆگرامی خوێندنی ئایینی تەواو کردووە.

مەلای گەورە لەساڵی (١٩٠٨)ی زایینی باوکی مردووەو، ئیتر ئەو جێگەکەی گرتۆتەوەو، پلەو پایەی (رئیس لعلمە ) ی پی بەخشراوە و، لەوە بەدواوە بە (مەلای گەورە) ناسراوە.

ماوەیەك موفتی کۆیە بووە ، ماوەیەکیش قازی کۆیە بووە و، بە ئەندامی (مەجلیسی ولایەتی موصل)و ئەندامی (مجلس تأسيس العراق) هەڵبژێردراوە.



لە کۆیە زۆرێك لە فەقێ نەدارەکان بەهۆی یارمەتی ئەوەوە خوێندنیان تەواو کردووەو بە کشتوکاڵ بژێوی خۆیو خێزانەکەی دەستەبەرکردووە.

ئەم زانایە چەندین کتێبی بە زمانی کوردیو عەرەبی داناوە ئەمانە هەندێکیانن:

بە کوردی:

١- دیاری مەلا محەممەدی کۆیی (دیوانە شیعرییەکەی)

٢- فڕی فڕی قەل فڕی.

٣- عەقیدەی ئیسلام.

٤- موجەددن(نوێ کردنەوە)

٥. تەفسیری قورئان.

بە عەرەبی:

١. المصقول فى علم الأصول.

٢. الكلام الجديد.

٣. القائد فى العقائد .

٤. كشف الاستار فى مساله الاختيار.

٥. الاله والطبيعة والعقل والنبوه.

٦. غايتى واملى فى علمي وعملي.

٧. خراب العالم.

٨. ابهى المآرب فى إثبات الواجب.

وه چەند کتێبی تریش.

له کۆیه له دایکبووه و هەر لەوێش مردووه و نێژراوه.

### نموونەیەك له شیعرەکانی

بەهۆی دینەوه و بۆ بەرژەوەندی خودی خۆیان ئایین فرۆشان کۆمەڵی کوردی نەخوێندەوار و دواکەوتوویان له خشته بردووەو سەرکوتیان کردووەو بەوتەی پڕو پووچ و بێ بنەما خەڵکیان گوشیوەو شەشدەریان به (تەلاقت دەکەوێ و، نەکەی و، گوناهەو، حەرامە) تەنیوه. ئەویش قسووری نەکردووه بەو له ئایین بە دوورانەو بەربەرەکانی کردوون و، ڕاستی ئایینی پاکی بۆ خەڵك ڕوون کردۆتەوەو داوای کردووه که هەڵیان نەخەڵەتێنن. ئەمەش نموونەیەکه لەو شیعرانەی:

هەتا شێخێك له کوردستان بمێنێ
ئومێدی زیندەگانیت پێ نەمێنێ
بەڕیشی گرژو پرچی پڕ له ئەسپێ
بناغەی کاری کوردان چۆن دەچەسپێ
به کەشکۆڵ و سواڵ و فەقرو زیللەت
مەحاله کاکی خۆم تەشکیلی دەوڵەت



هەموو بی هۆش و بێ گۆش و نەزانن
ئیدارەی مڵك و میللەت چۆن ئەزانن
هەموویان بوونه سۆفی و پیرو دەروێش
بەبەرماڵ و سەبیحەو ڕشتەوو ڕیش
هەموو بێ ئیش و بێ کارو تەوەزەل
ورگ پان و مل ئەستوورو سەلك زل
جەنابی شێخ ئەڵێ ئاخر زەمانه
قیامەت ڕادەبێ هەر بەو زوانه
بڵێ یا شێخ قیامەت لێوه ڕا بوو
بەجەهل و تەنبەڵی ماڵمان خرابوو
ئەگەر ڕاسته دەڵێی دونیا خەراوه
بۆچیته ئەو هەموو جووت و بەراوه
ئەگەر دونیا خەرا بوون وا نزیکه
جەنابت بۆ چ به دونیا وا خەریکه
عیسا له ئاسمان، مەهدی لەناو بیر
ئیشمان شلۆقه یاران چ تەدبیر
نه ئەو دێته خوار ، نه ئەم دێته دەر
دەجالیش زۆرن گشتیان سواری کەر
له دێ و له شاری سەر بەست دەگەڕێن
بەناوی دینی باش دەلەوەڕێن

ڕیش پان و درێژ مل قەوی و شان کۆم
دوور بن لە دینی وەك حایەو ناحۆم
دوویان دەکەون پیرێژن و منداڵ
بە ڕەقص و سەما ، بە جەزبە و بە حاڵ
پیرێژنە کۆنی قوون قاڵب بە تاڵ
دوای دەجاڵ دەچێ وەك ماینی بەفاڵ
(بەڵێ شێخ قوطبە، ئەمما قوطبی ئاشە)
(بە دان و ئاوو دۆی خەڵکە گەڕانی) (حاجی قادری کۆیی)
لەبەر قەولی پڕو پووچی ئەمانە
لە دەست کوردان نەما غەیری هەمانە
لەبەر تەزویری وان شێخانی بەد بەخت
گەلی کورد نابنە خاوەند ڕایەت و تەخت..





**مەحوی**: (١٨٣٦ز-١٢٥٢ك) (١٩٠٦ز-١٣٢٤ك)

مەلا محەمەدی کوڕی مەلا عوسمانی کوڕی مەلا عوسمانی باڵخیە.

زانای ئایینی و شاعیرەو بەناوبانگترین شاعیری دوای دەستەی دامەزرێنەری قوتابخانەی کلاسیکی کوردییە (سێکوچەی بابان). یەکێکە لە هەرە گەورە شاعیرانی (تصوف)، بە چەشنی (مەولەوی) قوتابی زانای بەناوبانگی کورد (موفتی زەهاوی) یەو ئیجازەی عیلمی لای ئەو وەرگرتووە.

لە سەرەتادا لای باوکی دەستی بە خوێندن کردووەو دواییش لە مزگەوتەکانی کوردستان خوێندنی تەواو کردووە. دوای وەرگرتنی ئیجازە بووە بە ئیمامی مزگەوتی (امام الاعظم) لە بەغداو، ماوەیەکیش ئەندامی دادگا بووە، لە دوای ئەوەی کە باوکی مردووە وازی لە فرمانی میری هێناوەو لەخانەقاکەی خۆی خەریکی دەرس وتنەوە بووە بە فەقێیان هەتا لە ژیاندا بووە.

شیعرەکانی غەزەلو تەصەوفو ئایینیو کۆمەڵایەتیو مێژوویيو فەلسەفيو سەرزەنشتو هیترن..

بە شیعر بە ڕەمزو تەنانەت بەڕووبەڕوو، بەبێ پەردە هێرشی بردۆتە سەر ئایین فرۆشان لە مەلاو شێخو سۆفیو واعیزی خۆپەرستو بە توندی هەجوی کردوونو سەرو گوێلاکی کوتاونەتەوە. شیعری بە کوردیو فارسی وتووە.

مەحوی چۆتە حەجو لە گەڕانەوەیدا بەڕێی ئەستەنبوولدا بەهۆی کەسایەتییە کوردەکانی ئەوێوە چاوی بە سوڵتان (عەبدولحەمید) کەوتووەو ئەویش ئەمری داوە کە خانەقایەکی بۆ دروست بکەن لە سلێمانی کە خانەقای (مەحوی) یەو مووچەیەکیشی بۆ بڕیوەتەوە بەناو خزمەتکردنی هەژارانو پێداویستییەکانی خانەقاکە.

طەریقەتیشی لای شێخ بەهائوددینی کوڕی شێخ عوسمانی تەوێڵە وەرگرتووەوە بووە بە خەلیفەی ، ئەم مامۆستایانە قوتابی مەحوی بوون:



١- مەلاحەسەنی کوڕی مەلا عەلی قزڵجی.
٢- مەلا مەحموودی مەزناوەیی.
٣- مەلا سەعید ئەفەندی نائیب ئۆغلووی کەرکووك.
٤- مەلا عەزیزی موفتی سلێمانی.

لە گوندی باڵخ لە ناوچەی ماوەت لە دایکبووەو لە سلێمانی مردووەو، لە خانەقاکەی خۆی (خانەقای مەحوی) نێژراوە..

### نموونەیەك لە شیعرەکانی

دیارم دەیری عیشقە، جێ بە سووتن بێ لەوێ دەگرم
کە من مشتێ چڵو چێوم بەچی بم، کەڵکی کێ دەگرم
نەگەییە دامەنی دەستی دوعا، جا دەبمە خاکی ڕێی
طەریقەی گۆشەگیری بەر دەدەم، ئەمجارە ڕێ دەگرم
کەدادی یەئسی خۆمم بردەلا، ئەم عارفە توند بوو
وتی ئاخر سبەینێ جەژنە، خوێنی تۆ لەپێ دەگرم
لە ڕوو سووریی عیبادەت لامو، ڕوو زەردی خەجاڵەت مام
بەناوی سێوی ناوم باغەوانو، من بەهێ دەگرم
لەسەر خۆچوونە، شەیدابوونە، قوڕ پێوانە، سووتانە
هەتا مردن مەحەببەت ئێشی زۆرە، ڕیزی لێ دەگرم
چ شۆخە ئاگرم تێ بەردەداتو پێم دەڵێ یا شێخ
بە خاشاکی دەوت شوعلە عەصامە ، دەستی پێ دەگرم

کەسینەی ڕیشمی بەوتیغی نازە ئەنجن ئەنجن کرد
وتی پەژموردەیە ئەم لالە زارە، ئاوی تێ دەگرم
لەپاداشی قسەی سەردا هەمە ئاهو هەناسەی گەرم
کەسێ شێتانە بەردم تێگرێ ، من بەرقی تێ دەگرم
شوکور هوشیارە (مەحوی) تێ دەگا دنیا خەراباتە
کە بەد مەستی بکا ئەهلی، خراپەی بۆچی لێ دەگرم.





**موفتی پێنجوێنی**: (١٨٨١ز-١٢٩٩ك) (١٩٥٢/٦/١٥ز-١٣٧٢ك)

مەلا عەبدوڵلای مەلا کەریم. زانای ئایینی و شاعیرە، شیعرەکانی نیشتیمان پەروەری و سەرزەنشت و کۆمەڵایەتی و هیترن. سەرەتا لای باوکی و دوایی لە قوتابخانە ئایینییەکانی کوردستان خوێندوویەتی. مەلایەکی کراوەو منەوەر بووە، و مەلایەتی نەکردووە، بەڵکو بە دووکانداری بژێوی خۆی و خێزانەکەی دەستەبەرکردووە، داوای سەربەستی چینی ئافرەت و یەکسانییانی کردووە لەگەڵ پیاوو، بۆ ئەوەی سنووری کچ دابەستن لە ماڵەوە بشکێنێ کچەکەی خۆی ئەنارده دووکانەکەی بۆ شت فرۆشتن،

یەکەم کەسیش بووە لە پێنجوێن کە کچەکەی خۆی ناوەتە بەر خوێندن، بەمەش کەوتۆتە بەرتانەو تەشەری کۆنەپەرستان بەڵام ئەو بەر بەرەکانییانی کردووەو، لەسەر بیروباوەڕە ڕزگاریخوازییەکەی بەردەوامبووەو، سڵی لێیان نەکردۆتەوە. بە شیعریش دوژمنایەتیو هەجوی کۆلکە مەلاو شێخی مفتەخۆرو هەموو ئەوانەش کە بەنانی خەڵکی ئەژین هەجوی کردوونو، بە مەهتووک ناوزەدی کردوون. لەسەر هەڵوێستی نیشتیمانی چەندین جار بەند کراوەو، دووریش خراوەتەوە بۆ خوارووی عێراق. بەڵام ئەو هەر سوور بووە لەسەر هەڵوێستی خۆیو، کۆڵی نەداوە.

موفتی هاوڕێو هاوبیری قانعی شاعیر بووەو ناوەڕۆکی شیعرەکانیان لەیەکەوە نزیکن. قانع چەند پارچە شیعرێکی کردووە بە (پێنج خشتەکی)و کەمردووشە بە پارچە هۆنراوەیەکی (٣٦) بەیتی بە شێوەی دەمەتەقێ بەناونیشانی (قانعو گۆڕی موفتی پێنجوێنی) لاواندوویەتیەوە.

لە ژیانیدا ناوە بەناوە شیعرەکانی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوئەکردەوەو بەدەم جگەرەو تووتن فرۆشتنەوە دووکانەکەی کردبووە یانەی بڵاو کردنەوەی ئەدەبو ڕۆشنبیریو گیانی کوردایەتیو نیشتیمان پەروەری.

لە گوندی (بیساتە)ی نزیک پێنجوێن لە دایکبووەو لە پێنجوێن مردووەو لە گۆڕستانی (حاجی شێخ) نێژراوە..



**نموونەیەك لە شیعرەکانی**

گەورەیەك بۆ کەس نەبێ سێبەری
خۆم بۆ بگێڕم لە دەوری سەری
بە وشکی بۆچی بم بە مەیتەری
وەختێ دەرکەوێ هەستم لەبەری
هەر خۆی بەدایم هەوڵی ژیان بێ
یاخوا ئەو گەورە بەشی نەمان بێ

* * *

گەورەیەك چاوی لەفەقیر نەبێ
دەربەست ژیانی جوانو پیر نەبێ
کەس لە پوولێکی دەسی گیر نەبێ
جەرگی بۆ میللەت وێنەی قیر نەبێ
میمڵ بە نانو، دوژمن بەگیان بێ
یاخوا ئەو گەورە بەشی نەمان بێ

* * *

گەورەیەك دایم خەمخوارت نەبێ
مەرهەمی ئێشو ئازارت نەبێ
جێگەی تەنگانەو هاوارت نەبێ
حەکیمی جەستەی بیمارت نەبێ

ئەگەر خاوەنی خاکی ئێران بێ
یاخوا ئەو گەورە بەشی نەمان بێ

* * *

گەورەیەک چاکتر لەباب نەبێ بۆت
رزگارت نەکا لەبەندو لەکۆت
جارێ نەپرسێ هاوارو ڕۆڕۆت
کەڵکێکی نەبێ بۆ منداڵو خۆت
هەوڵی هەر بۆخۆی بۆ بەرگو نان بێ
یاخوا ئەو گەورە بەشی نەمان بێ

* * *

گەورەیەک وەک خۆی نەڕوانێتە من
خۆی پلاو خۆر بێو من نانی هەرزن
سەر باقی ئەوەش تالانو کوشتن
ڕیشەی سەربەستیم دەربێنێ لەبن
هەر خۆی قەڵەو کاو شانو مل پان بێ
یاخوا ئەو گەورە بەشی نەمان بێ

* * *

گەورەیەک سەرم بەردەبازی بێ
جەرگم نێچیری چەنگی بازی بێ
بەسەرما تانجی دەرگای نازی بێ



نەشبینم جارێ دڵنەوازی بێ
ڕەفتاری باشی ئێشو سووتان بێ
یاخوا ئەو گەورە بەشی نەمان بێ

* * *

گەورەیەک ژینی بەخوێن مژین بێ
زیاد لەنانی خۆی بەنان بڕین بێ
هێندە بێ ڕەحمو ویژدانو دین بێ
عالەم لە جەوری دڵ پڕ لە قین بێ
ڕۆژ بە ڕۆژ باری دەردی گران بی
یاخوا ئەو گەورە بەشی نەمان بێ

* * *

گەورەیەک نیوێ لە ڕەنجی ساڵت
بستێنی لە دەس خۆتو مناڵت
هێشتا بەزەیی نەیێ بەحاڵت
بەدارو بەشەق بشکێنێ باڵت
چاویشی لە دەس شوانو سەپان بێ
یاخوا ئەو گەورە بەشی نەمان بێ

* * *

گەورەیەک ساتێ لەژێر دەستی ئەو
ئارامم نەبێ، بێ خۆراکو خەو

پاسەوانی بم بە ڕۆژ و بەشەو
جوێن‌و شەقیش بێ بەراتەکەی ئەو
ئەگەر شۆرەتی وەك سلێمان بێ
یاخوا ئەو گەورە بەشی نەمان بێ

* * *

گەورەیەك ئێش‌و نۆشێکی نەبێ
ڕوویەکی گەش‌و خۆشێکی نەبێ
بۆحاڵی بچووك هۆشێکی نەبێ
دڵێکی گەرم‌و جۆشێکی نەبێ
گەر ئەسکەندەری شاهی جیهان بێ
یاخوا ئەو گەورە بەشی نەمان بێ

* * *

گەورەیەك لەلەی منداڵەکەی بم
خۆڵڕێژی حەوش‌و ناوماڵەکەی بم
پێشمەرگەی خۆی‌و هی خاڵەکەی بم
بێ بەش لەنان‌و چاتاڵەکەی بم
ئەگەر ڕۆستەمی مازەندەران بێ
یاخوا ئەو گەورە بەشی نەمان بێ..

* * *






**محەمەد ساڵح دیلان**: (١٩٢٧ز-١٣٤٦ك) (٢٨/١٠/١٩٩٠ز- ١٤١١ك)

محەمەد صاڵح کوڕی مەلا ئەحمەدی دیلانی کوڕی مەلا صاڵحی کوڕی مەلا قادری (شەوخوێن)ە.

ڕۆشنبیرو شاعیرو نیشتیمان پەروەرە، لە تەمەنی بیست ساڵییەوە دەستی بە شیعر وتن کردووە، شیعرەکانی نیشتیمانی‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتییە.

سەرەتا لە حوجرەی مزگەوت دەستی بە خوێندن کردووە. دوایش قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووە. فەرمانبەر بووە لە دایرەی تووتن (انحصار)و چەند پلەی بینیوەو دوا پلەی بەڕێوەبەری ناوخۆیی پارێزگای سلێمانی بووە. لەسەر هەڵوێستی نیشتمان پەروەریی چەندین جار زیندانی کراوەو لە فرمانەکەی دەرکراوەو دوورخراوەتەوەو لەژێر چاودێریدا بووە لەلایەن حکومەتی پاشایەتی و کۆمارییەوە. ماوەی زیندانی و چاودێرییەکەی لە بەغداو نوگرە سەلمان و کووت و کەرکوک بەسەر بردووە جگە لە دیوانێکی شیعر، (شەڕو ئاشتی) کە چیرۆکێکی شیعرییە لەدانانی ئەوە.

لە سلێمانی لە دایکبووەو، هەر لەوێش مردووە.



## نموونەیەک لە شیعرەکانی

شێخ مەحموودی زیندوو (بەشی یەکەم و دووەمی) کە شێخ مەحموودی نەمر وەفاتی کردووە محەمەد صالح دیلان لاواندوویەتیەوە بە قەسیدەیەکی (٥٠) بەیتی کە بەچوار سەروا هۆنیویەتیەوە، ئەمە دوانیانە.

پایز خەزانی تەماوی و مەنگە
گەڵا، لق، پۆپ، خونچە بە ژەنگە
ئاسمان نە شینە نە پیرۆزەیی
نەشەو جریوەی ئەستێرەی شەنگە
نەسروەی شەماڵ نەسەدای مەلە
چاوە وشک و ڕەش بەبێ ئاهەنگە
ڕۆژ کە ڕووناکی دەری سروشتە
تەرازووی تیشکی نەوی و لاسەنگە
تەلی تار خاوە بێ سۆزو سازە
شمشاڵ لەگەڵ فوو بە شۆڕو جەنگە
ئەگەر پێکەنین ببێ بە خەنجەر
لای گوڵ خەندەران شەق بردن نەنگە
پۆلە چۆلەکەی مۆڵی ئێواران

کڕوکش و مات، وڕو بێ دەنگە
سەرچنار ڕەشە، ڕەشتر ئاسمانی
پرچی ژاکاوە، چڕە، زەبەنگە
بولبول بێ ئارام، بەبێ سروەتە
دونیای فراوان لای گۆڕی تەنگە
خاڵ خاڵی لوتکەی شیرین و هەڵگورد
لەگەڵ فرمێسکا تواوەی پەنگە
پشتکۆ تەمی نارد بۆ ئارارات
هەناوی ئەزمڕ بەکاژاو بەنگە
بەڵام کوردستان با لەشینا بێ
گوێ هەڵخراوی ئاوازی زەنگە
کورد با سەراپا ماتەم دابگرێ
جۆش و خرۆشی وەك پوورە هەنگە

* * *

سیا کەژ سیا، سیا کێوانە
سیا بەرگ دیارە هەر هەورامانە
لەکێ بپرسین سۆراخی ڕاستی
دیارە نزیکتر هەر بەرانانە
بەرانان دەخیل درواسێی دڵسۆز
ئێستە ئەو پەڕت کێی لا میوانە؟



هەواڵێ پرسە لە داری کەلی
شێخ لەوێ ماوە یا لە سەیوانە؟
ئێستە سێبەری سەر هەستەی کفنی
هەتاوی سوورە یا ئەرخەوانە؟
ئێستە پێخەفی نەمرو نۆڵی شەو
بەردە یا خاکی کانی ئاسکانە؟
بەردە قارەمان لەجێی خۆی ماوە
هەر لەدەر بەندە یا لە پیرانە؟

ئێستە ئاوباریك وەك بوومەلەرزە
هەر هەڵئەلەرزێ یا لەوەستانە؟
کوا شێخ! کوا نەوەی ئەحمەدی کاکی
کوا نەبەردەکەی ئەم نیشتیمانە؟
بەرانان دیارە قوڕگت گیراوە
چاوت لێخنی خوڕی گریانە
سەرت چەپۆکی کۆچی بێ وادەی
شێخ خولی داوە سستی فغانە
بەڵام بەرانان گوێم لێڕاگرە
من کوردم، کوردیش گەلە، ئینسانە
هەزار ئەوەندە بخرێتە بینی

دەستی گەردوونو چنگی زەمانە
کورد شۆڕە سواری وەك شێخی بووبێ
سەر نەوی ناکا لەبۆ بێگانە..





**مەولەوی**: (١٨٠٦ز–١٢٢١ك) (١٨٨٢ز–١٣٠٠ك)

مەلا عەبدولڕەحیمی کوڕی مەلا سەعیدی یوسف جانی تاوەگۆزی کوڕی شەریفی کوڕی مەحموودی کوڕی یوسف جانی کوڕی جەمالوددینی کوڕی کەمالوددینی کوڕی مەلا یوسف جانی کوڕی حەسەن ئەبوبەکری مەشهوور بە (مەلا ئەبوبەکری مصنف) زانای ئایینیو شاعیری لاهووتییە. بەسەر دەستەی شاعیرانی عیشق دۆستو تصوف دائەنرێت. سەرەتا لای باوکی دەستی بە خوێندن کردووەو، دواییش لەم شوێنانە خوێندوویەتی : نۆدشە، مەریوان،

چۆڕ، نەنە، سنە، بانە، سلێمانیو ئیجازەی عیلمی لای حاجی مەلا ئەحمەدی نۆتشی وەرگرتووە. پەیوەست بووە بە شێخەکانی تەوێڵەوەو، طەریقەتی لە شێخ (سیراجەددین) وەرگرتووە. ماوەیەك خەریکی دەرس وتنەوە بووە لە گوندی چوڕستان.

مەولەوی شیعرەکانی بە زاراوەی هەورامی هۆنیوەتەوەو، یەکەمین کەسە لە شاعیرەکان کە سەروای لەتی یەکەمی لەگەڵ سەروای لەتی سێهەمو سەروای لەتی دووهەمی لەگەڵ سەروای لەتی چوارەم ڕێکخستووە لە شیعری چوارینەدا. شیعری بە کوردیو فارسیو عەرەبی وتوە. دیوانێکی شیعری هەیە بە کوردیو فارسی بە ناونیشانی (العقیده المرضیه)(١) . لەگەڵ دیوانێکی عەقائیدی عەرەبی.

شیعرەکانی فەلسەفەو تصوفو غەرامیو وەسف کردنی دیمەنی سروشتو هیترن.

کە مەولەوی مردووە (مەحوی) شاعیر لاواندوویەتیەوە بە پارچە هۆنراوەیەکی حەوت بەیتی، لە بەیتی کۆتاییدا مێژووی مردنەکەی بە پیتی ئەبجەدی دیاری کردووە، ئەوەتە ئەڵێ:

( ((مەحوی)) ئەمشەو ئەوپەری شێوەی لە خەو دیبێ دەبێ

بۆیە ئەمڕۆ ((مەولەوی)) کەوتۆتە حاڵی حەلوەلا )



ڕستەی (امرو مولوی کوتوته حالی حلولا) کە ئەمە شێوە نووسینی ڕێنووسی ئەو دەورو زەمانە بوو ئەکاتە (١٣٠٠) ئەویش مێژووی مردنی مەولەوییە بە ساڵی کۆچی.

لە (سەرشاتە) لە ناوچەی (تاوەگۆز) لە دایکبووەو لە (سەرتانە) بە کوێری مردووەو لە گۆڕستانی (ئەسحابە) نێژراوە.

### نموونەیەك لە شیعرەکانی

ئیمشەو دیارەن بانگم بێ شەرمەن

زایەڵەی سەمتوور کەللەم وەگەرمەن

سەدای زیلو بەم مەینەت سەد تەرزەن

خەفەت شادیشەن خەم دەماخ بەرزەن

هۆشم بێ هۆشەن فامم قامەت قاخ

بۆی دووری ئازیز مەیۆم نە دەماخ

نەی چی درەنگەن، سامە کە درەنگ

فیدای پەنجەت بام نەی باوەر وە دەنگ

هەر تەرزێ پەیو وێش بکەرۆ ڕازی

گێرۆ نە دەروون هەر سازێ گازێ

بجۆشۆ هەر کەس وەقەد ناڵەی وێش

بنۆشۆ هەر کەس وە پیاڵەی وێش

جەلای هەر گەردێ وەسەداییۆەن

دەوای هەر دەردێ وەنەوا پیۆەن

هەر مەقامێوەت جگەر تاون بۆ
تفلی بێچارەی دڵان لاون بۆ
ئەوسەدای دەردەخەیلێ دڵکەش بۆ
دڵ تفلان ئاسا بەڵکم دڵ وەش بۆ
هەی پەشێوی هۆش، هەی شێویای فام
هەی عەقڵ عەبەس، هەی خەیاڵ خام
من و دڵ وەشی و سەفایی کەردەن
هوونی بەکتەرین تاوەرۆی مەردەن
سادەی ساحێب نەی و وێشە دڵ کەر پەی
تالیم دەر ئەی فەرد وەنەز مەکەی نەی
ئیمشەو وە هەر حاڵ شەو وەرۆ بەروون
ئەی خوا سا مەرگێ، سەحەر چێش کەروون..

---

(١) مامۆستا عەلائەددین سەجادی ئەڵێ مەولەوی ئەو عەقائیدە عەرەبییەی بۆ بەرپەرچدانەوەی مەلا فەتحوڵڵای قازی داناوە، چونکە لە مەجلیسێکدا لە سنە عالمەکانی ئەوێ لەبارەی عیلمی (کەلام و عەقائید)ەوە ئەدوێن، کە مەولەوی قسە ئەکا مەلا فەتحوڵڵا پێی ئەڵێ : (باوە مەولەوی تووچەت داگە بەسەر ئەمەوە ، بچوو ئامان لەرزانەی خۆت بێژە) .





(مەلا جەبار ١٨٠٦-١٨٧٦)ی شاعیر
لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەددین سەجادی
چاپی دووەم ١٩٧١

**مەلای جەباری**: (١٨٠٦ز-١٢٢١ک) (١٨٧٦ز-١٢٩٣ک)

مەلا فەتاحی کوڕی سەید مستەفای کوڕی سەید ئیسماعیلی کوڕی سەید جانییە. لە نەوەکانی سەید جەباری باپیرە گەورەی عەشیرەتی جەبارییە.

زانای ئایینی و شاعیرە، لە تەمەنی چواردەساڵیدا نراوەتە بەر خوێندن لە گوندەکەی خۆیان - بانگۆڵ - لای مەلا ڕۆستەم ناوێک. دوای خەتم کردنی قورئانی پیرۆزو خوێندنی چەند وردە کتێبی عەرەبی و فارسی کە خوێندنیان باو بووە لەو دەورو زەمانەدا، بە مەبەستی وەدەستهێنانی علوومی عەرەبی و ئایینی چووە بۆ فەقێیەتی و لەم شوێنانە خوێندوویەتی: کەرکووک، سلێمانی، هەولێر، ڕەواندز، شنۆ.

تەمەنی بیست و پێنج ساڵ بووە کە باوکی مردووە. ئیتر بەهۆی ئەوەی ئەرکی بەخێوکردن و سەر پەرشتی کردنی خێزانەکەیان کەوتۆتە سەری دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە، بەڵام لە ماوەی خوێندنەکەیدا قۆناغێکی باشی بڕیوە لە پرۆگرامی خوێندنی ئایینی و،بووە بە مەلاو، لە چەند گوندێکی دەوروبەرەکەیان مەلایەتی کردووەو، بەپاڵ مەلایەتییەکەیشییەوە خەریکی کشتوکاڵ بووەو، بە خوێندنەوەو موتالاکردن پەرەی بە زانیاری خۆی داوەو خۆی ڕۆشنبیر کردووە.

مەلا تا نەگەیشتۆتە تەمەنی کامڵی شیعری نەوتووە شیعری بە کوردی – دیالێکتی ماچۆ – و عەرەبی و فارسی و تورکی وتووە. شیعرەکانی ئایینی و غەزەل و وەصف و کۆمەڵایەتی و ستایشی دیمەنی جوانی سروشت و هیترن بە مەبەستی سەندنەوەی ئەو موڵکانەیان کە لەلایەن پاشای عوسمانییەوە کرابوون بە (وەقف) بۆ تەکیەی بنەماڵەی جەباری دوجار چووەتە ئەستەنبووڵ، بەڵام هەردوو جارەکە بە نائومێدی گەڕاوەتەوە. لە گوندی بانگۆڵ لە دایکبووەو لە گوندی تاوێر بەرز مردووەو لە بانگۆڵ نێژراوە.

**نموونەیەك لە شیعرەکانی**

میرزام ، بە وەعدی نەو وەهارانەن
سەرەتای تلمیت خاتر دارانەن
فەسڵ وەسڵ دۆست سەیر هەر دانەن



لەرەی لەرزانەی زەنەخ دارانەن
زەمزەمەی بولبوول دەبدەبەی گوڵەن
نزارەی هوزار دەروون پڕ چڵەن
نەقارەی مینقار تەیران سووب خیز
بیرە نان نەغمەی نەکیسای پەرویز
چریکەی چەکاویس چوون حەنجەرەی عوود
مەردەن چل چەنگ پەنجەی بارە بوود
هووهووی بایە قوش شەو وە هەردەوە
زام دەیرینان تازە کەردەوە
دەنگ قیرەی قاز سووب لە سەحرای سووس
مەر مۆزیقەی مەشق شەهەنشای عەرووس
تیپ تیپ قوڵنگان قەتارەی قازان
میرزام تاوە ڕۆژ ئاوات مەوازان
جەرەس وە ئاهەنگ خوش قانوونەوە
دەنگ و سەدای ساز ئەرغەنوونەوە
قومری وەقانوون قوو قووی وێشەوە
مل وە تەوق زەوق وەفاڕێژەوە
قوو قووشەن وەرق شاخ سەروەوە
مەر حاجی وەرای (سەفا)و (مەروە) وە
قەوا قووی قەتار قوڵەنگ تیژ پەڕ

کەردەن هووش و گووش (کەڕووبیان) کەڕ
فەرش فەرەح بەخش سەوزەی قەدەم خێر
فەرشەنەن وە موڵك سەحرای گەرمەسێر
دەی ساجەی دەمدا هەر کەس دڵش بوو
چوین بولبول هەوای سەودای گوڵش بوو
یاخود چوین (فەرهاد) دڵ ئاهرین بوو
مەزەی مەزاقش نام (شیرین) بوو
مەبوو ئەزم سەیر سەوزەو ساراوکۆ
دامانش نەهوون دەروون داران کۆ
نەوفەیض فتووح نەو وەهارەوە
نەو بەیضای ئەنوار کۆی دڵدارەوە

سەیر سەحراو دەشت سەیر دیارانەن
ناڵەی مورغ زار مێر غوزارانەن
دۆست لە بەهانەی دڵستانی بوو
لا قەید لەجەواب (لن ترانی) بوو
شەوسەرگەر دانان سەر ئازاد کەرۆ
شوانان وە (وادی ئەیمەن) شاد کەرۆ
مەر (مەلا) یش نیشوو شەو لە دەیجووردا
نەو تیرەی تاریك سیای بێ نووردا..






**میرزاخەلیل منەوەر**:(١٨٧٨ز-١٢٩٥ك)(١٩٢٣/٩/١٠ز-١٣٢٤ك)

مەلا خەلیلی کوڕی خزری کوڕی ئەحمەدی کوڕی خەلیفەیە. لە عەشیرەتی کاکەییە. زانای ئایینی و شاعیرە. بە منداڵی لە کەرکووك لە حوجرەی مزگەوت نراوەتە بەر خوێندنەوە. هەر چەند هەموو قۆناغەکانی خوێندنی نەبڕیوە، بەڵام کەمیشی نەخوێندووەو بە خوێندنەوەو موتاڵاکردن خۆی ڕۆشنبیر کردووە دوای مردنی باوك و دایکی کەرکووکی جێهێشتووەو گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکانی (عەرەب کۆیی)و (تۆبزاوە) چونکە خەڵکی ئەوێ بووە. بەڵام لەبەر ناکۆکی لەگەڵ ئاغای گوندەکەیان کۆچ ئەکا بۆ کفری و، وەکو سەرباری هەژاری و نەهامەتیەکەی لەکاتی

پەرانەوەیدا لە رووباری ڕۆخانە ئاو کتێبەکانی لوولداوەو بردوویەتی، ئیتر بەوە ئەوەندەی تر خەمو پەژارە باڵی کێشاوە بەسەریدا. لە کفریش نەهامەتی وەك ملۆزم هەر بە دوایەوە بووەو لە یەخەی نەبۆتەوە. ئەوەتە لەکاتی قاتوقڕییەکەی (سەفەربەلك) دا خێزانەکەیو منالەکانی لەو بارودۆخە نا هەموارەدا مردوون.

خەلیل منەوەر پیاوێکی ئەوەندە جوامێرو نەفس بەرز بووە، هیچ جۆرە فرمانێك و یارمەتییەکی لە هیچ کەس قبووڵ نەکردووەو، زۆر ڕقی لە ڕژێمی ستەمکاری عوسمانیو دەرەبەگو ئاغا بووەو، هەجوی زۆری کردوون لە شیعرەکانیدا.

شیعری بە کوردیو فارسیو تورکی وتووەو شیعرە کوردییەکانی بە دیالێکتی (ماچۆ) وتووە. شیعرەکانی لەبارەی باری ناهەمواری خۆیو کۆمەڵگەی کوردەواریو کۆمەڵایەتیو لاواندنەوەو موناجاتی ئایینیو وەسفو داشۆرینو هیترە.

لەدوا ساڵەکانی ژیانیدا چۆتە ناو کاکەییەکانی ئەو دیوی ڕۆخی ڕوباری سیروانو لەوێ بە گۆشەگیریو نەهامەتیو کولەمەرگی ژیانی دواساتەکانی تەمەنی بەسەر بردووە. لەگەڵ شێخ ڕەزا بە شیعر هەجوی یەکتریان کردووە. هەندێك سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە لە دوای مردنی هەندێك لە شیعرەکانیان گۆڕیوەو شێواندووە، لەبەر ئەوەی کە هەجوی ئاغاکان بووە، بەوەش لەدوای مردنیشی زوڵمێکی تریان لێی کردوەو، مافیان پێشێل



کردووە. زۆریش لە زانایانو مێژوونووسانو ئەدیبانو شاعیران لەسەریان نووسیوەو لێکۆڵینەوەیان لەسەری کردووەو، مافی ڕەوای خۆیان پێداوە.

جگە لە میرزا خەلیل منەوەر ئەم نازناوانەشی لەخۆ گرتووە: مەلا خەلیل، خەلیل منەوەر، میرزا خەلیل، میرزا. لەم پیشانە کاری کردووە: هەلاجی، چەرخەچی، گۆزەچی هتد. لە کەرکووك لە دایکبووەو لەڕۆخی ئەو دیوی ڕوباری سیروان بە گۆشەگیری مردووە.

**نموونەیەك لە شیعرەکانی**

**هەجوی ئاغاو شەحنە**

ڕەنج دوازدە ماه وەبێ ئابو نان
حەصادم مەکەرد بەردم وە خەرمان
وەبێ نانو ئاب، وەبێ نانو ئاب
ڕەنج دوازدە ماه وە بێ نانو ئاب
پاك درەو کەردم چە تەمووز و ئاب
چەتاو گەرما سوچیام وەك کەباب
قرچەم گێرەکەرد وە پاگێرەو چان
شەن کەردم پاخوا بێ سەبرو وچان
قرچەم گێرە کەرد وەصەد دەردەسەر
پاك پاك پاکم کەرد وەگیانو جگەر

کاتێکم زانا ئامان چەند نەفەر
ئاغاو شەحنە چەنی چەند نۆکەر
چارتەی صەغیرم کەرشان بەش بەش
بەردش پەریٚ ویٚش مەردان پڕ غەش
دیتر چۆن نەبۆم وە کۆچەر شاران
چۆن نەبۆم هەژار بەدەس بەدکاران
چۆن نەبۆم توورە چەدەس زاڵمان
چۆن نەکەم دەعوا ئارۆنە مەیدان
ماچان منەوەر بیٚ ماڵەن هەژار
ئانە هەژارەن، نەزانەن بەدکار
فرزەند ئەحمەد تایما نۆش گیان
نمە بۆ ملکەچ قەوم غەدداران
(خەلیل) نەی مەنزڵ ئانە بارش کەرد
پەریٚ تۆبزاوە ماڵو چنك بەرد(١) .

---

(١) شایەنی وتنە لێرە لە شاعیری نیشتیمان پەروەر ئەورەحمان بەگی بابان (بەبە ١٨٨٠- ١٩٦٧) پارچە هۆنراوەیەکی لە چەشنی ئەم هۆنراوەیەی خەلیل منەوەری هەیە بە ناونیشانی (خاوەن زەوییەکی زۆردار) لە دەسپێکەکەیدا دەڵێ:
( ئاغا موڵکی تۆ ئەکێڵم، بەندەو ومسکێنی تۆم )
( ڕۆژی سەغڵەت نۆکەری خەنجەر وەشێنی شوێنی تۆم ).



**موخلیس**: (١٨٣٥ز-١٢٥١ك) (١٩٢٧ز-١٣٤٦ك)

حاجی مەلا ڕەسوڵی دێلێژە کوڕی مولا محەمەدی شەریفە. زانای ئایینی و واعیز و شاعیرە. سەرەتا لەگوندی دێلێژە دەستی بەخوێندن کردووە دوای خەتم کردنی قورئانی پیرۆز و خوێندنی چەند وردە کتێبێکی فارسی و عەرەبی کە ئەوزەمانە خوێندنیان باوبووە، چۆتە سلێمانی و لە مزگەوتی گەورە،لەوێ قۆناغی سوختەیی بڕیوە. ئەمجا لەلای ئەم عالمانە قۆناغی مستەعیدی (دوا قۆناغی خوێندنی ئایینی )بڕیوە:لەقەرەداغ لای شێخ عەبدولڕەحمان (ابن الخیاط) و لە کۆیە لای مەلا عەبدوڵڵای

جـەلیزادە و لـەنازەنین لای مـەلا عەبـدوڵلا و ئیجـازەی عیلمـی لای شـێخ عەبـدولڕەحمان (ابـن الخیـاط) وەرگرتـووە.دوای وەرگرتنـی ئیجازە بووە بە (ئیمام و مودەڕس و واعیز) . طەریقەتیشی لای کاك ئەحمەدی شێخ وەرگرتووە.

موخلیس جگـە لـەزمانی زگمـاکی خـۆی (کـوردی) زمـانی عـەرەبی وفارسـی و تورکیـشی زانیـوە و تـورکی نـەبێ شیعری بەهەرسـێ زمانەکـەی تـر وتـووە. شـیعرەکانی ئایینی و پەنـد و ئامۆژگـاری و عیـبرەت و کۆمەڵایـەتی و هـیترن. لـەکاتی فەقێیەتییـەوە دەسـتی کـردووە بـە شـیعر دانـان . زۆر لەشـیعرەکانی بـەر تـالآن کـەوتوون لەگەڵ چەند بەرهەمێکی تری . ئەوانەی لەتالآن و فەوتان ڕزگاریـان بووە ئەمانە هەندێکیانن

١. ئەو شیعرانەی لە دووتوێی دیوانەکەی.

٢ـ (تنزيـه الـروح في بيـان خـوارق عـادات صـاحب النـصر والفتوح)عەرەبییە.

٣. کتێبێك لەبارەی (بیان خاتمیت و اشرفیت و ناسخیت دین مبین).

٤. کتێبێك لەسەر عەقاید فارسییە.

٥. فەسڵێك لەسەر مەولوودنامەکەی شێخ حوسێنی قازی .

ئـەم زانایانـە لای ئـەو ئیجازەیـان وەرگرتـووە: مـەلا حەسـەنی زەردەلیکـاو، مـەلا محەمـەدی بێتواتـەیی ، مـەلا خـدری هەرتـەل . ئەمانـەش لای خوێندوویانـە : مـەلا حوسـێنی پیسکەندی، بابـە



ڕەسـووڵی بێـدن ،شـێخ عەبدولکـەریمی ئەحمـەد بڕنـدە، شـێخ ڕەسووڵی گوومەتـە، شێخ ڕەسووڵی تەکیە، مەلا عـەزیزی پێرس، مـەلا محەمـەدی خـاکی شـاعیر و چـەندینی تـر. لەبەرئـەوەی زۆر حەدیسی لەبەربووە پێیان وتووە (قال رسول الله).

کاك ئەحمەدی شێخ ئەوکاتەی گیانی سپاردووە سەری لەبان ڕانی ئەو دابووە. کەمردووشە پیرەمێرد و مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لاواندوو- یانەتـەوە. شـێخ مـەحموودی نـەمر لەحکوومەتەکـەی بۆ وەزیری عەدل هەڵیبژارد، بەڵام ئەو داواکەی شێخی ڕەتکردەوە و بەم چوارینەیە وەڵامی دایەوە:

من کە بازبم چلۆن قازی ئەبم     شێت نەبم بەوحاڵە چۆن ڕازی ئەبم
من کە واعیزبم چلۆن تەرکی ئەکەم     حال و موستەقبەل وەکو مازی ئەبم

لەگونـدی دێلێـژە لـە دایکبـووە و لەسـلێمانی مـردووە و لەسـەیوان نێژراوە.

## نموونەیەك لەشیعرەکانی

بەتەخت و بەختی دنیایی ئەگەر چی شابی شانابی
ئەبەد ساحیب تەرەب نابی بە نەشئەو بادەیی نابی
تەماشای گەردووشی گەردوون بکەن چۆن ناسرەددین شا
موهەددەر بوو دەمی، کوشتی گەداییکی سەگی بابی
لەجامی جەم ئەپرسی سواڵەتێکە چەشنی کەللەی کەی

لەبەزم و ڕەزمی کەیخوسرەو نەما تەرتیب و ئادابی
چەلیبای زوڵفی شیرین بوو بەمووی تەخمیری پیرێژن
لە دیزە و گۆزەیی کێدایە ئاخۆ موویی مەهتابی
لەچەشمەی زیندەگی شاهەنشەهێکە چەشنی ئەسکەندەر
مەرامی جورعە ئاوێ بوو، نە خۆی نۆشی نە ئەربابی
کە بارام چی بە گووڕ کرد ، عاقیبەت چۆن گووڕ لە گۆڕی هات
لەبەندی جەرگی قەیسەر چۆن ئەجەل دای نووکی قوللابی
لەسەر مەردی گەدا نازش مەکە تۆش وەك ئەوی شاهم
لەڕوتبەی قەبر و کفنا، سەد کەڕەت داراو دارابی
دڵی پۆڵا تەقی کرد باعیسی پۆڵا تیقەو ڕەسمی
دیانەت بوو بەبێ دینی ، سەداقەت بوو بە کەززابی
لە خەودا شەرع و دینم دی ئەگریان و ئەیان فەرموو
درێغ بۆ عەدلی فارووقی ، ئەسەف بۆ شێری ئەسحابی
بە ویجدان وێنەو قازی ، لە تەرجیعا موساوی بن
ئەبێ(ابن الحجر) لەو حوکمەدا هەڵبەتتە مولەغابێ
لە ئیستینتاقی موستەنتیق عەجەب پڕ نەشئەیە ئیبلیس
دەڵێ ئەی نووری چاوم وا دەبێ کوڕ بێتە جێی بابی
کەدنیا وادەنی بێت و موئەننەس بێ لە بۆ ئەدنا
دڵی پێخۆش نەکەی (موخلیص) لە دنیادا هەتا مابی..



**موخلیص**: (١٩١٠ز-١٣٢٨ك) (٥/٦/١٩٨٥ز-١٤٠٦ك)

مەلا خەلیلی کوڕی ڕەسووڵی کوڕی مستەفایە بەڕەگەز (سنجاوی)یە، زانای ئایینی و شاعیرە.هەرمناڵ بووە کە باوکی مردووە. لەتەمەنی حەوت . هەشت ساڵیدا نراوەتەبەر خوێندن لەحوجرەی مزگەوتی گوندی دووسەرە.

سەرەتا لای مەلا ئەبوبەکری مامی دەستی بەخوێندن کردووە. دواییش بۆ وەدەستهێنانی علوومی عەرەبی و ئایینی ئەم شوێنانە گەڕاوە و لای ئەم مەلایانە خوێندوویەتی: لەکەندێناوە لای مەلا ڕەشیدی موکری ، لەسووریژە لای مەلا عەبدولقادر، لەپیرداود لای مەلا محەمەد ئەمینی سوێری، هەروەها لای مەلا ئیسماعیلی جدیدەیی مەلا ئەحمەدی ڕەش و..چەند مەلایەکی ترو مەلا صالحی کۆزەپانکەیی و ئیجازەی عیلمی لای ئەو وەرگرتووە و طەریقەتی نەقشبەندی کاریگەری زۆری هەبووە لەسەری و بەجۆرێ کاری لێکردووە کە بەهۆیەوە بەرەبەرە لایەنی سۆفیزمی بەهێز بووەو لە ئەنجاما وازی لە مەلایەتی هێناوە و بووە بە مریدی شێخ مستەفای نەقشبەندی و ماڵ و مناڵی جێهێشتووە و چۆتە خانەقاو ماوەیەک لەوێدا بەڕەبەنی ژیاوە.دوای ماوەیەک شێخ مستەفا کردوویەتیە ئیمامی مزگەوتی حاجی تەهای قەساب لە هەولێر ماوەیەکیش چۆتە فەلووجەو سووریاو دوایش گەڕاوەتەوە بۆ هەولێر و لە خانەقا نیشتەجێ بووە و، هەر خەریکی خواپەرستی و نووسینی حاشییەی سەر کتێبی (جمع الجوامع) بووە.پاشان چۆتە شەقلاوەو لەوێ دووچاری سەرما بووە و دیسان گەڕاوەتەوە خانەقاو،لە ئەنجامی نەشتەرگەری دەروونی لە نەخۆشخانە مردووە.



شیعرەکانی دابەش ئەبن بەسەر دووتەوەردا کاتی گەنجی کەبریتین لە غەزەل،جوانی یار،شەدە و کووفی لار،بسک و کەزی شۆخی لادێ، ستایشی دەشتی قەراج و هیتریش. شیعرەکانی کاتی پیریشی لە خولەکی خواپەرستی و تصوف و تەرکی نەفس و ڕەخنەگرتن وخوو و ڕەوشتی ناهەموار.

موخلیص زۆر بەلاغەتی بەکارهێناوە لە شیعرەکانیدا و، ئەم بەرهەمانەی هەیە: دیوانەکەی، دیوانی باغی گوڵان،شیعری تاک،چوارینە.حاشییەشی لەسەر ئەم کتێبانە نووسیوە: شەرحی تەصریفی مەلا عەلی، سیوطی، سعدالله،جمع الجوامع،عبداللهیزدی منهج،شەرحی کافیە.هەروەها ئەم بەرهەمانەش بەعەرەبی: ماثر الابرار،موائد الفوائد،مجمع العقائد.

لە گوندی زەرتکەی کەندیناوە لەدایکبووە و لە هەولێر مردووە و لە گۆڕستانی پیرداود نێژراوە.

**نموونەیەك لە شیعرەکانی**

**دەچتە بەر شەنگە بێری**

کە قارەقاڕی مەڕ هات هەروەك هەوری بەهاری
هێنایە خوار لەسەر سەر ئەو شۆخە کووفی لاری
بەهەوریی سۆری پۆشی بسك و کەزی ڕەشماری
پشتبەستی بەستەپشتی لەژێر مەمکی هەناری
ناوی خوای خستەزاری،دەچتە بەر شەنگە بێری

* * *

لەسەر قۆڵی کەلابرد کەنگوچکی کەتانی
پارچە زێوێ بەدەرکەوت لەژێر بەفری بەیانی
لەدنیادا حەرامە لەپاش ئەو نەوجەوانی
خودا حیفزی بکاتن لە چاوی دوژمنانی
دەڕوا بەخانو مانی، دەچتە بەر شەنگە بێری

* * *

بەینی خەزێمو گواران نەزێڕ نە کارەبایە
لە شەرمەزاری هەردوو ڕوویان زەرد هەڵگەڕایە
لە قەلبی هەر کەس بڵێ ڕۆژ یا چرایە
هەر کەس کە دەیبینێتن هۆشی لەسەر نەمایە
بۆ دینی هەر بەڵایە، دەچتە بەر شەنگە بێری

* * *

لۆ پاسەوانی باغی مەزبووتە چاوی مەستی
تیرو کەوانی هێنا ئازانە گرتیە دەستی
نەک دزێك بێت لە باغی باقە گوڵێك ببەستی
ئەمری دەکرد بە عەسکەر هەر کە لەجێ هەڵستی
بۆ سەلا ملغ بوەستی، دەچتە بەر شەنگە بێری

* * *



لە ڕەشماڕێ هاتە دەر، ڕۆژ بوو لە هەوری دەرهات
بە حوسنی خۆی دەنازی سەرخۆش‌و بێ موبالات
غەوغا دەکەوتە عەردی، کەوتە سەما سەماوات
عالەمی کوشت بەجارێ دووچاوی پڕ ئیشارات
ئەو فیتنەیە لە کوێ هات، دەچتە بەرشەنگە بێری

* * *

بەقەدی شۆخ‌و شەنگی سوڵتانی نێونەمامان
وا کەوتەڕێ بەلەنجە وەکو کەپکی خەرامان
لەطافەتی لێ دەچکا لەسەر هەتاکو دامان
کەس نەبوو کاس نەبێتن لەبەر بۆنی شەمامان
ئەبێ کەی بێتە لامان، دەچتە بەر شەنگە بێری

* * *

نەسرین‌و سەروو لاولاو، گیابەندو خاو و بەیبوون
شمشادو عەر عەروگوڵ، چنارو بیدی مەجنوون
چاو شۆری ئەو نیگارەن، هەموو وابوونە مەفتوون
یەك یەك وەکو غوڵامان بۆ پایە بۆسی هاتوون
لەپێشی خاکو پابوون، دەچتە بەر شەنگە بێری

* * *

دەشتی قەراج بەهەشتە ئەو حۆرییە بەتەنها
بۆ دڵگوشادی جار جار مەیلێ دەکاتە هەرلا

قازو قولینگ‌و سۆنە هاتوونە بۆ تەمەننا
بنوارە کار غەزالان چۆن بوونە شێت‌و شەیدا
کەوتوونە چۆڵ‌و سەحرا، دەچتە بەر شەنگە بێری

*　　　*　　　*

موخلیص ئەگەر چی پیرە قامەتی وا چەماوە
ئەمما بەدڵ جەوان‌و لاو چاك‌و تازە لاوە
بۆ گرتنی غەزالان کەیفی لەسەیرو ڕاوە
بەتیری بەچکە کوردێ جەرگ‌و دڵی بڕاوە
کاری یەقین کراوە، دەچتە بەر شەنگە بێری..





(مەجدی ١٨٤٩-١٩٢٥)ی شاعیر
لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەدین سەجادی
چاپی دووەم ١٩٧١

**مەجدی:** (١٨٤٩ز-١٢٦٦ك) (١٩٢٥ز-١٣٤٤ك)

عەبدولمەجیدی کوڕی میرزا عەبدولکەریمە. زانای خۆشنووسی‌و ڕۆشنبیرو ئەدیب‌و شاعیرە. هەر لە منالییەوە بەهرەو نیشانەی (خەتخۆشی) پێوە دیاربووە، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا نراوەتە بەر خوێندن. بەدەم خوێندنی قورئانی پیرۆزو هەندێك کتێبی عەرەبی‌و فارسییەوە کە خوێندنیان باوبووە لەو دەورو زەمانەدا، باوکیشی کە خەتخۆش بووە وانەی فارسی‌و تۆماری پێ وتووە

و سەر مەشقى داوە لەچۆنيەتى خۆشنووسيدا لە هونەرى خۆشنووسيدا ئەوەندە ليهاتوو بووە كە بەماوەى تەنها يەك ساڵ لەڕاهێنان و مەشق كردن دەسخەتى لەهى باوكى . كە ئەو وانەى پێ وتووە و فێرى كردووە . جيانەكراوەتەوە.

لەحوجرەى مزگەوتەكانى سەقز و بانە علوومى عەرەبى و ئاييني كەمێك خوێندووە، بەلاّم بۆى نەلواوە تەواوى بكات.

مەجدى زۆر حەزى لە خوێندن و زانست كردووە هەر بەو هۆيەوە بەنياز بووە مناڵەكانى بنێرێ بۆ ئەورووپا بۆ خوێندن، خۆشى بچێت بۆ شارى مەدينەو، تا لەژياندا بێت هەر لەوێ بمێنێتەوە بەو مەبەستە چووە بۆ تاران بەو ئومێدەى كە لەوێوە بڕوا،بەلاّم بەرپابوونى جەنگى يەكەمى جيهانى بۆتە تەگەرە لەڕێى هاتنەديى حەزو ئارەزووە كانى، ئيتر لەتاران ماوەتەوە و هەتا مردنى لەوێ نيشتەجێ بووە . ئەديب و زاناو هونەرمەندانى ئەوێ بوون بە دۆست و هامنشينى و پێكەوە وەختيان ڕابردووە و، بووە بەمامۆستاى (دار الفنون). هەروەها دەرسى خۆشنووسى بە شازادەكانى ئێران و زۆرێك لە مناڵە وەزيرەكان وتووە. بەهۆى بەهرەى خۆشنووسى و شاعيرييەكەيەوە نازناوى (ملك الكلام)ى لێنراوە لەلايەن (ناصرالدين) شاى قاجارەوە. جگە لەكوردى زمانى زگماگى



خۆى زمانى عەرەبى و فارسيشى بەباشى زانيوە و شيعرى بەكوردى و فارسى وتووە . زۆربەى شيعرە كوردييەكانى ون بوون .شيعرەكانى فەلسەفى و تصوف و غەزەل و نيشتمانى و خەياڵى و هيترن لە سەقز لە دايكبووە و لەتاران مردووە.

### نموونەيەك لە شيعرەكانى

لە دوولا زوڵفى لاولاوە،لەسەر ڕووى قامەت ئالاّوە
خەم و پێچى هەموو داوە،چ لەملاوە چ لەو لاوە
موژەى وەك نێشى پەيكانە،هەميشە كارى پێكانە
دڵى هەر خۆيش و بێگانەى بە ئەم پەيكانە پێكاوە
لەجەورى غەمزەكانى توو،كە بێچارە كوژە و جا دوو
چ خوێنێ بوو،چ جەرگێ بوو،كە نەڕژاوە و نەبرژاوە
سەبا بێنێ ئەگەر بێنێ لە زوڵفت دين و دڵ دێنێ
وەلاكين كێ دڵ و دينى لەبۆ عوششاقى تۆ ماوە
نە ياقووتە بەڕەنگينى،لە نێوى كان كەدەيبينى
لە ڕەشكى لێوى تۆ خوێنى دڵى كانەكە گيرساوە
لەداوى توڕەو و پەرچەم،دڵى ئاشوفتەمە هەردەم

نیە ئازاد لەقەیدی غەم،خوا لەم داوە بێ داوە
وەرە بەڵکە نەجاتم دەی لەمەوجی قوڵزومی بێ پەی
لەمەجدی غافڵی تاکەی ؟ کەبێ تۆ غەرقی گێژاوە..





**نالی**: (١٨٠٠ز-١٢١٥ك) (١٨٥٦ز-١٢٧٣ك)

مەلا خدری کوڕی ئەحمەدی کوڕی شاوەیسی میکایەلییە زانای ئایینی و شاعیرە،دامەزرێنەری قوتابخانەی کلاسیکی کوردییە لەگەڵ (سالم)و (کوردی) (سێکوچکەی بابان).شیعر وتن بەزاراوەی سۆرانی و بەکێشی (عەرووز)ی عەرەبی زادەی کاتی میرنشینی بابان و ئەفراندنی نالییە.ئەو شوێنانەی کە بەزۆری لێی خوێندووە سنە،سابلاخ، زەردیاوای قەرەداغ،

هەڵبجە،سلێمانی ،لای ئەم مامۆستایانەش بەزۆری خوێندوویەتی شێخ محەمەدی(ابن الخیاط)،شێخ عەلی مەلا ،مەلا عەبدوڵای ڕەش،شێخ ئەولای خەرپانی.دوای بڕینی دواقۆناغی پڕۆگرامی خوێندنی ئایینی بووەتە (ئیمام)ی مزگەوت لە سلێمانی.

نالی ژنی نەهێناوەو،تاماوە هەربەڕەبەنی ژیاوە،هەرچەند هەندێ سەرچاوە باس لەوە ئەکەن کە گوایە (حەبیبە)ی خواستووە،بەڵام پێناچێت ئەسڵی هەبێت،چونکە زۆربەی هەرەزۆری سەرچاوەکان پێچەوانەی ئەو ڕایەن و، هیچ ئەسەرێك نیە لەپێکەوە ژیانیان دەلالەت بکات،نەبوونی منالێش تەرازووی بەلای ژننەهێنانیدا قورس ئەکات.

شیعری بەکوردی وتووە کەمێکیش بە عەرەبی و فارسی.شیعرەکانی غەزەل و وەسف و قەسیدەو ئایینی و نزاو پاڕانەوە و نیشتمانی و لاواندنەوە و ستایش و هەجوون.پەیوەندی لەگەڵ پاشاکانی باباندا زۆر بەتین بووە و ستایشی میرنشینەکەیانی کردووە بەبێ هیوای خەڵات و پاداشت.دوای ڕوخانی میرنشییەکە نەیتوانیوە لەژێر دەسەلاتی داگیرکەرە عوسمانییەکان بژی،بۆیە سلێمانی و کوردستانیشی جێهێشتووە و بۆ هەتا هەتایی ڕوویکردۆتە غەریبی.چۆتە حەج



و شام و،پاش ماوەیەك شامیشی جێهێشتووە و چۆتە ئەستەنبوول و،تا دواهەناسەی لەوێ ماوەتەوە.

بەناوبانگترین شاعیری کلاسیکی کوردە(دەستەی یەکەم) .

لە گوندی (خاك و خۆڵ)ی ناوچەی شارەزوور لە دایکبووەو لە ئەستەنبوول مردووە و لە گۆڕستانی (ئەبو ئەییوبی ئەنساری) نێژراوە.

**نموونەیەك لەشیعرەکانی(١)**

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور
ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور
ئەی لوطفەکەت خەفیی و هەوا خواد و هەمدەمە
وەی سروەکەت بەشارەتی سەرگۆشەیی حوضوور
ئەی هەم میزاجی ئەشکی تەڕو گەرمی عاشقان
طۆفانی دیدە و وشەرەری قەلبی وەك تەنوور
گاهێ دەبی بەڕەوح و دەکەی باوەشێنی دڵ
گاهێ دەبی بەدەم دەدەمێنی دەمی غورور

مەحوی قەبووڵی خاطری عاطر شەمیمتە
گەردی شیمال و گێژی جەنووب و کزەی دەبوور
سووتا ڕەواقی خانەیی صەبرم،دڵ و دەروون
نەیماوە غەیری گۆشەیی زکرێکی یاصەبوور
هەم هەم عەنانی ئاهم و هەم هەم ڕیکابی ئەشك
ڕەحمێ بەم ئاه و ئەشکە بکە، هەستە بێ قوصوور
وەك ئاهەکەم دەوانبە هەتا خاکی کۆیی یار
وەك ئەشکەکەم ڕەوانبە هەتا ئاوی (شیوە سوور)
بەو ئاوە خۆت بشۆ لە کودووراتی سەر زەمین
شادبن بەوەصڵی یەکدی،کەتۆی طاهیر ئەو طەهوور
ئەمجا مەوەستە تادەگەییە عەینی (سەرچنار)
ئاوێکە پڕ لەنارو چنارو گوڵ و چنوور
چەشمێکە میثلی خۆر کە لەسەد جێ بەڕۆشنی
فەورانی نووری صافە لەسەر بەردی وەك بلوور
یاعەکسی ئاسمانە لە ئاوێنەدا کەوا
ئەستێرەکانی ڕابکشێن وەك شەهابی نوور
یا چەشمە ساری خاطری پڕ فەیضی عاریفە
یەنبووعی نوورە دابڕژێنێ لەکێوی طوور
دەموت دوو چاوی خۆمە ئەگەر (بەکرە جۆیی) ئەشك



نەبوایە تیژ و بێ ثە مە ر و گەرم و سوێر و سوور
داخڵ نەبی بە عەنبەری سارایی (خاك و خۆڵ)
هەتا نەکەی بەخاکی (سولەیمانی)یا عوبوور
یەعنی ڕیاضی ڕەوضە کە تێدا بە چەن دەمێ
موشکین دەبی بەکاکۆڵی غیلمان و زوڵفی حوور
خاکی میزاجی عەنبەر و داری ڕەواجی عوود
بەردی خەراجی گەوهەر و جۆباری عەینی نوور
شامی هەموو نەهار و فوصووڵی هەموو بەهار
تۆزی هەموو عەبیر و بوخاری هەموو بوخوور
شارێکە عەدل و گەرمە،لە جێگێکە خۆش و نەرم
بۆ دەفعی چاوە زارە دەڵێن شاری شارەزوور
ئەهلێکی وای هەیە کە هەموو ئەهلی دانشن
هەم ناظیمی عوقوودن و،هەم ناظیری ئوموور
سەیرێ بکە لەبەرد و لەداری مەحەللەکان
دەورێ بدە بەپرسش و تەفتیش و خوار ژوور
داخۆ دەروونی شەق نەبووە (پردی سەر شەقام)
پیرو فوتادەتەن نەبووە(داری پیر مەسوور)
ئێستەش بە بەرگ و بارە عەلەم داری (شێخ هەباس)
یابێ نەواو و بەرگە گەڕاوە بەشەخسی عوور؟

ئایا بەجەمع و دائیرەیە دەوری (کانی با)
یا خۆ بووە بەتەفریقەیی شۆڕش و نوشوور؟.
(سەیوان) نەظیری گونبەدی کەیوانە سەبر و صاف
یاخۆ بووە بەدائیرەیی ئەنجومی قوبوور؟.
ئێستەش مەکانی ئاسکەیە (کانیی ئاسکان)
یاخۆ بووە بە مەلعەبەیی گورگ و لوورە لوور؟.
ئێستەش سوروشکی عیشقی هەیە (شیوی ئاودار)
یاخۆ بووە بە صۆفییی وشکی لە حەق بەدوور؟.
داخۆ دەروونی صافە،گوڕەی ماوە(تانجەڕۆ)
یاخۆ ئەسیری خاکە بەلێڵی دەکا عوبوور؟.
سەیرێکی خۆش لە چیمەنی ناو(خانەقا)بکە
ئایا ڕەبیعی ئاهووە، یا چایری ستوور؟.
سەبزە لەدەوری گوڵ تەڕە وەك خەططی ڕوویی یار
یاپووشی وشك و زوورە وەکو ڕیشی (کاکە سوور)؟.
قەلبی مونەووەرە لە حەبیبانی نازەنین
یا وەك سەقەر پڕە لە ڕەقیبانی لەندەهوور؟
دەس بەندیانە دێن و دەچن سەروو نارەوەن
یا حەڵقەیانە صوفییی مل خوارو مەندە بوور؟
مەیلێ بکە لە سەبزە درەختانی مەدرەسە



ئەوراقیان موقەددیمەیی شینە یانە سوور؟.
حەوزی پڕی کە نائیبی دیدەی منە لەوێ
لێڵاوی دانەهاتووە وەك سەیلی (شیوە سوور)؟
ئێستەش کەناری حەوشەکە جێی بازو کەوشەکە
یاریی تیایە،یابووەتە مەعرەضی نوفوور؟
چاوێ بخە لەسەبزەو و سێرابی دائیرە
جێی جیلوە گاهی چاوەکەمە، نەرمەیانە زوور؟
توخوا فەضایی دەشتی فەقێکان ئەمێستەکەش
مەحشەر میثالە یابووەتە (چۆڵی سەلم و توور)؟
واصیل بکە عەبیری سەلامم بەحوجرەکەم
چیی ماوە،چیی نەماوە لە هەیوان و تاق و ژوور؟
ئەو غاری یارە ئێستە پڕ ئەغیارە یا نەخۆ
هەر غاری یارە،یابووەتە غاری مارو موور؟
زارم وەکو هیلال و نەحیفم وەکو خەیاڵ
ئایا دەکەومە زارو بەدڵداکەم خوطوور؟
لەم شەرحی دەردی غوربەتە،لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ ڕەنگەبێ بەئاوو بەچاوا بکا عوبوور
ئایا مەقامی ڕوخصەتە لەم بەینە بێمەوە
یا مەصڵەحەت تەوەققوفە تایەومی نەفخی صوور؟.

حاڵی بکە بەخوفیەکە ئەی یاری سەنگ دڵ

(نالی)لەشەوقی تۆیە دەنێرێ سەلامی دوور..

---

(١)ئەم قەسیدەیە(٤٣)بەیتە و نالی لە (شامەوە) بۆ سالمی هاوڕێی نـاردووە بـۆ سـلێمانی.بەمەبەسـتی ئاشـنا بـوون لـە هـۆی دانانی،تەماشای (نموونەیەك لە شیعرەكانی)سالم بكە لەم كتێبە .



**ناری**: (١٨٧٤ز-١٢٩١ك) (١٩٤٤ز-١٣٦٤ك)

مەلا كاكە حەمەی كوڕی مەلا ئەحمەدی كوڕی مەلا محەمەدی كوڕی مـەلا عەبـدولڕەحمانی.بەڕەگـەز شـلێرییە.زانـای ئـایینی و شـاعیر و بیركاری زان و نیشتمان پەروەرە.لە شەش ساڵی تەمەنیدا لای باوكی دەسـتی بەخوێنـدن كـردووە دوای خـەتم كردنـی قورئـانی پـیرۆزو خوێنـدنی چـەند كتێبـی وردیلـەی فارسـی و عـەرەبی بەمەبەسـتی وەدەستهێنانی علوومی عەرەبی و ئایینی چۆتە ناوچەی مـەریوان و سنەو بانەو سابلاخ و وان و باشقەلاً و ڕواندز،لەوێ ئیجازەی عیلمی لای مـەلا ئەسـعەد ئەفەنـدی خـەیلانی وەرگرتـووە لـە سـاڵی (١٨٩٧)و،گەڕاوەتـەوە بـۆ مـەریوان و چـووەتە گونـدی بێلـوو و،بەكـشتوكاڵ ژیـانی خـۆی و خێزانەكـەی بەسـەربردووە و،هـەتا مـردووە لـەوێ هەرخـەریكی دەرس وتنـەوە بـووە بـە فـەقێیان و

خواپەرستی و ئامۆژگاری موسڵمانان.ناری ئەوەندە نەفس بەرزو چاوتێر بووە کە هیچ جۆرە یارمەتییەکی ماددی لە کەس قوبووڵ نەکردووە تەنانەت لەشێخ مەحموودی نەمریش،کە زۆر پەیوەندی نێوانیان توند و تۆڵ بووە و، بەزیندانی کردنی و دوور خستنەوەکانی زۆر نیگەران و نارەحەت بووە و، زۆریش ستایشی کردووە . تاهیر بەگی جافی شاعیریش گوندی (بالیکەدەر)ی پێ بەخشیوە سەبارەت بەپەیوەندی و خۆشەویستیان،بەڵام ناری قوبوڵی نەکردووە و،رەتیکردووەتەوە بۆی و،وتوویەتی نەفیرعەونی خەڵقەکەیم پێ ئەکرێت و نەعەبدایەتی تاهیر بەگ (١) .

شیعرەکانی نالی و مەحوی کاریان لەشاعیرییەتیان کردووە.شیعرەکانی غەزەل و ستایش و لاواندنەوە و سکاڵاکردن لەزەمانە و کۆمەڵایەتی و ئامۆژگاری و ئایینی و نیشتمانی و هیترن.بەپێچەوانەی شاعیرە کلاسیکییەکانی ترەوە وشەی عەرەبی زۆر کەم بەکارهێناوە لەشیعردا.زۆر لەشاعیران پیاهەڵیانداوە وەک : شێخ محەمەد عوسمان سیراجەددینی نەقشبەندی، قانع، زێوەر، خادیم، کەمالی، کاکەی فەلاح، پیرەمێرد.

-----------------------------------

(١)شایەنی وتنە لێرە (قانع)یش پیاوێکی خاوەن زەوی و زاری دەسڕۆ پێی وتووە وەرە پارچە زەوییەکت ئەدەمێ بۆ خوت،بەڵام ئەم بەدوایا نەچووە.پاش ماوەیەک پیاوەکە لێی پرسیوە بۆ نەهاتی پارچە زەوییەکەت بدەمێ؟.قانعیش وەڵامی داوەتەوە چونکە نامەوێ بەو زەوییە ببمە موستەعمەرەی قسەکانت .



کە شێخ مەحموود لەلایەن ئینگلیزەوە ناچارکرا کە سلێمانی جێبهێڵێت، لەودیو سنوور لە گوندی(پیران)ی سەر بەمەریوان جێگیر بوو،مەترسی هێرش کردنەسەریان هاتە ئاراوە، ناری لەگەڵ چەند مەلایەکی تر هێزێکیان پێکەوەناو کەوتنە شاخ بەمەبەستی بەرگری کردن لەکاتی پێویستدا.تامەترسییەکە ڕەوییەوە هێزەکە لە شاخی (دۆڵەبە) هەرمایەوە.

لەگوندی (کیکن)ی مەریوان لەدایکبووە و لە گوندی بێڵوو مردووە و نێژراوە.

**نموونەیەک لەشیعرەکانی**

مەخمووری مەی و غەمزەیی دوو نێرگسی کاڵم
پاماڵی خوماری مەیە ئیدراک و کەماڵم
بێ شەمعی ڕوخی شەوقی نیە گۆشەیی ماڵم
بۆ میهری وەفا شاهیدی مەیخانە یە حاڵم
دیدەکاڵ و شەمعی ماڵ و ڕوو بەخاڵم بۆ نەهات

*　　*　　*

کارم هەموو گریانە بەدەم میحنەت و دەردۆ
مردم لە ئێش و ئۆفی قسەی دوژمن و بەدگۆ
بۆ شیوەنی من دەنگی نەبوو تورکی جەفاجۆ
لەم تاڵع و بەختی بەدو سەرگەشتە خوداڕۆ
تورکی چین و مەهجەبین و نازەنینم بۆ نەهات

* * *

بێ نەغمەیە یەك بارە چەمەن داخی گرانم

گوڵشەن بەدەمێ چۆڵە بەبێ سەروی ڕەوانم

بێ شاهید و بێ مەیل و شەکەر ڕێزی جیهانم

وێران و پەرێشانە عەجەب باخی گوڵانم

نەو غەزال و قەد نیهال و بێ میثالم بۆ نەهات

* * *

شیعرم وەکو مەی باعیسی ئەنواعی نیشاتە

سەرمایەیی شۆر و طەرەب و عەیش و حەیاتە

تووتی دڵەکەم مونتەزیری قەند و نەباتە

بۆ نوقڵی دەمی عاجز و بێ صەبر و سوباتە

با دەنۆش و قەند فرۆش و سورمە پۆشم بۆ نەهات

* * *

شەیدا صیفەت و عاجز و بێ صەبر و شەکیبم

ئاشوفتە و وسەر گەشتەو و بێ یارو حەبیبم

هەر من لەطەرەب عاشقی بێ سەهم و نەصیبم

گیرۆدەیی دەردی ستەم و دەستی ڕەقیبم

تورکی جەنگ و شۆخوشەنگ و لالەڕەنگم بۆ نەهات

* * *

بەه بەه لە گرۆهی سەفی مەستانە حیسابم



لای مورشیدی مەیخانە مولەققەب بە جەنابم

هەم ساقی و هەم جورعەکەشی جامی شەرابم

ئوستادی نەی وتارو مەی و چەنگ و ڕوبابم

بادەخواه و موو سیاه و کەچ کولاهم بۆ نەهات

* * *

بێ نەشئەیی دیدەم شەوی یەڵدایە مەقامم

خاڵی لەشەمیمی گوڵ و شەوبۆیە مەشامم

چونکو ئەسەری قەت نیە ئەنجامی مەرامم

بێ ڕەونەق و تەرتیبە گوڵی نەزم و کەلامم

نووری چاوو بۆ گوڵاو و طوڕە خاوم بۆ نەهات

* * *

بیمار و نەخۆشم بە غەم و میحنەت و هیجران

ئیشم بە هەموو دەم بووەتە شیوەن و گریان

ئارامی نەما مورغی دڵم، مات و پەرێشان

بۆ ڕوحی نەبوو ،لوطفی نەما کەس بەغەریبان

دیدە باز و عیشوە نازو دڵ نەوازم بۆ نەهات

* * *

گرتوویە مەگەر لەشکری غەم موڵکی حەواسم

من بۆیە بەهەر لەحظەیە غەمبارو کەساسم

بەوبۆ نەوە بێ مەعریفەت و نەظم و قیاسم

بۆ ڕەنگی نەبوو جیلوەیی مەی پەیکەری خاسم
زیبی نەظم و شۆخی بەزم و شاهی ڕەزمم بۆ نەهات

* * *

نەقشی غەزەلم صوورەتی وەك لات و مەناتە
مەستی شەکەن و هەم دەهەنی شاخی نە باتە
لایق بەبیساطی صەفی ئەربابی نەجاتە
وەك گوڵ بە صەفا جامیعی ئەقسامی صیفاتە
گوڵ بەدەست و دیدە مەست و بت پەرستم بۆ نەهات

* * *

بێ یارم و بێ هەم سوخەن و هەم نەفەسێکم
بێ هەمدەم و بێ یارو بەبێ دادڕەسێکم
بۆ نوکتەیی شیرین نەفەسی وەك مەگەسێکم
موحتاجی نیگاه و نەزەری میهری کەسێکم
هەم زمان و نیکتەزان و میهرەبانم بۆ نەهات

* * *

(ناری) چیە لوطفی نیە دەربانی نیگارم
سووچت چیە لاتاقمی دیوانی نیگارم
بتکەم بەفیدای طوڕەیی فەرمانی نیگارم
تۆ بێژە بە یاران و غولآمانی نیگارم
ئەمری شاه و حوکمی جاه و دەفعی ئاهم بۆ نەهات.






**نووری شێخ ساڵح**:(١٨٩٨ز-١٣١٦ك) (١٩٥٨/١/٢٠ز-١٣٧٨ك)
شێخ نووری کوڕی شێخ ساڵحی کوڕی شێخ غەنیی کوڕی شێخ عەبدولقادری کوڕی سەید حوسێنی کوڕی سەید محەمەدی کوڕی سەید عەلی بەرزنجییە.ئەدیب و شاعیرو ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسە.سەرەتا لەلای باوکی دەستی بەخوێندن کردووە دوایش لەحوجرەی مزگەوت زانستی عەرەبی و ئایینی و فارسی خوێندووە.بەخوێندنەوەو هەوڵ و کۆششی بێوچانی خۆی خۆی ڕۆشنبیر کردووە بەڕادەیەك لەو زەمانەدا کەم کەس توانیویەتی شان لەشانی بدا لە نووسینی کوردی. بە گەواهی ئەوەی لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانی کێبڕکێیەك سازدراوە بۆ ناسینی باشترین نووسەر لە زمانی کوردیدا ، ئەو بەیەکەم دەرچووە. هەر لە

مناڵییەوە ئارەزووی شیعردانانی هەبووە. شیعرەکانی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و ستایشی جوانی سروشت و غەزەل و هاندانی چینی ئافرەت بۆ سەربەستی و فڕێدانی پەچەو ڕووبەندو، هیتریش. زۆریش داکۆکی لەمافی ئافرەت کردووە.

لە بواری ڕۆژنامەگەریشدا شێخ نووری ماوەیەك نووسەر بووە لە ڕۆژنامەی ( بانگی کوردستان ) ماوەیەکیش خاوەن ئیمتییازو سەرنووسەری ڕۆژنامەی ( ڕۆژی کوردستان ) بووە و ، لە هەردوو ڕۆژنامەکەدا گیانی نیشتمان پەروەری و پێشکەوتووانەی بڵاوکردۆتەوەو،جەور وستەمی کاربەدەست و فەرمانبەرانی میری دەرخستووە.

شێخ نووری جگە لە کوردیی زگماکی خۆی زمانی عەرەبی وفارسی و تورکیشی زانیوەو، شیعری بەکوردی و فارسی وتووەو، یەکەم کەسە بەردی بناغەی شیعری تازەی داهێناوەو زۆر خۆی پەیوەست نەکردووە بە کێش و سەرواوە، بەڵام دەسبەرداریشیان نەبووە، بەڵکو شیعری بە کێش و سەرواو، ئازادو نوێش وتووە. لەگەڵ (گۆرانیش) هاوبیری یەکتری بوونو، هەردووکیان ڕۆڵی بەرچاوو کاریگەریان گێڕاوە لە شیعری نوێی کوردی لە شاعیرە نوێخوازەکان لە کوردەکان گۆرانو لە تورکەکانیش تۆفیق فیکرەتو جەلال ساهیرو عەبدولحەق حامیدی بەدڵ بووە. هەرگیز حەزی لەخۆ دەرخستنو خۆ هەڵنان نەبووە. لەکاتی بزووتنەوەکەی



شێخ مەحموودی نەمردا یەکێك بووە لەلایەن گرانیو خزمەتی بەرچاوی هەبووە لێی، لەبەر ئەو هۆیە لەلایەن ئینگلیزو میرییەوە بەچاوی گومانەوە لێیان ڕوانیوە، هەر بۆیەش زۆر لەم شوێن بۆ ئەو شوێن گوێزراوەتەوە ، لە سلێمانی لە دایکبووەو، هەر لەوێش مردووە.

**(نموونەیەك لە شیعرەکانی):**

گوێم لە ناڵینی کچێ بوو دوێنێ ئەیلاوانەوە
وا بە تەئسیرو بەسۆز ئەیوت دڵی ئەتوانەوە
دەنگو ڕەنگی وا نەبیسراوەو نەبینراوە لەکەس
کۆ نەقەتماغەی برینی ناو دڵی ئەکولانەوە
ئەیوت ئەم ڕوو پۆشە تەنها ڕووی نەپۆشیوینو بەس
ڕوو بەڕووی خۆمان حوقووقی نانە ناو نسیانەوە
ئەووەڵو ئاخر خەتای ئەم ڕووڕەشەی ڕووپۆشە بوو
بوو بە مانیعمان بچینە کۆمەڵی پیاوانەوە
قەت نەبوو ڕۆژێ بەسەربەستی حەقێ داوا بکەین
بۆ حوقوقو حەقی خۆمان بێینە ناو مەیدانەوە
دایگرن، توخوا فڕێیدەن، بیخەنە تەندوورەوە
حەیفە ڕۆژی ڕوون ئەنێنەناو شەوی دەیجوورەوە

* * *

زوڵمی ئەم مەلعوونە بوو حوکمی موساواتی نەهێشت
جینسی ئێمەی خستە حاڵەتێکی لەپیاو پاڕانەوە

بۆ بەشی ئێمە کفن بێ هەر، لەدنیاو ئاخیرەت
لێرە ڕەش، لەولا سپی بڕێ بەبالآمانەوە
حەز ئەکەی پرسە لە پیرانو لە پێشینانی خۆت
کێ پەچەی دیوە بەڕووی خاتوونی کوردستانەوە
کەی پەچە بۆتە سەبەب بۆ عیففەتی جینسی لەتیف
کافری دڵ تیرە دەخلی کوا بەسەر ئیمانەوە
دایگرن، بیگرنە ناوخۆتانو دەوری لێبدەن
بەڵکو بینیم بەچاوی خۆم بە ڕۆح کێشانەوە
دایگرن، توخوا فڕێیدەن بیخەنە تەندوورەوە
حەیفە ڕۆژی ڕوون ئەنێنە ناو شەوی دەیجوورەوە

* * *

کۆمەڵێ بگرن لە دەوری (ئەلوەداع)ی لێ بکەن
ناوی با بڕواتە ناو لافاوی ئەم نیسانەوە
بیخەنە تابووتەوەو بینێن بەشانی عەزمەوە
بیبەنە ئەو دەشتە بینێژن بەدەم سەیرانەوە
کۆمەڵێکی ماتەمی بۆ دابنێنو یەك بە یەك
وەرنە تازێکەی بەخۆشییو بەڕووی خەندانەوە
ئەم سکالآیە بە شعرو فیکری (نووری) تێمەگەن
ئەو کچە دەنگ خۆشە بوو ئەیلێ بەدەم گریانەوە
دایگرن توخوا فڕێیدەن، بیخەنە تەندوورەوە
حەیفە ڕۆژی ڕوون ئەنێنە ناو شەوی دەیجوورەوە..






**وەلی دیوانە**: (١٨٢٦ز-١٢٤٢ك) (١٨٨١ز-١٢٩٩ك)

وەلیدی کوڕی کوێخا محەمەدە لە تیرەی (کەماڵەیی یە) کۆچەر بوون،واتە خاوەن مەڕومالآت بوونو بە ئاژەڵداری گوزەرانیان کردووە. مەڵبەندی جێنشینو بەخێوکردنی ئاژەڵەکانیان لە دەشتەکانی (شاکەل)و (شێروانە)و (دیواندەرە)و چەند شوێنێکی تر بووە. زستانو هاوین خێڵ بەرەو خوارو بەرەو ژووریان کردووە. باوکی وەلی دێوانە کە بە حەمە سوور بەناوبانگبووە پیاوێکی دیارو دەستڕۆو خواپەرستبووە، شەرتی کردبوو کە ئەگەر خوا کوڕێکی پێ ببەخشێت ناوی بنێ (وەلید) چونکە

خالیدی کوڕی وەلید فەرماندەیەکی گەورەی ئیسلام بووەو، ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە پەرەسەندن و بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامدا.

کە خوا یەکەم کوڕی بەخشی بە کوێخا حەمەسوور ناوی وەلیدی لێنا، کە تەمەنی گەیشتە (٧-٨) ساڵان نایە بەر خوێندنەوە لای مەلا (یوسف) کە بە مەلا (یۆسۆ) مەشهوور بووە. مەلا یۆسۆ هیچ دریغی نەکردووە لە دەرس و فێرکردنی وەلید. کوێخا (قادر) یش هەر لە تیرەی کەماڵەیی بوو (شەمسە)ی کچی کە هاوتەمەنی وەلید بوو، ناردیە لای مەلا یوسف ئەویش بۆ خوێندن. ئیتر وەلیدو شەم پێکەوە خوێندیان و هۆگری یەکتری بوون و لەگەڵ گەورەبوونیاندا بەرە بەرە عەشقێکی پاکی خوایی دڵی هەردووکیانی بەیەکەوە گرێدا. خوازبێنی شەم کرا بۆ وەلیدو، دوای بەجێهێنانی ڕێوڕەسمی پێویست شەم لە وەلید مارەکراو، شەکراو خوراوە. بەڵام بەڕازی بوونی هەردوولا بڕیاردرا زەماوەند دوابخرێت بۆ ساڵی داهاتوو. قەدەرو چارەڕەشی ئەو دوو دەزگیرانە دڵدارە پاک و بێگەردە چاکی نەهێنا، چونکە کارێکی وایکرد کە ناکۆکی کەوتە نێوان بنەماڵەی هەردووکیانەوە لەسەر لەوەڕگەو پووشی دەشت و، بەرە بەرە پەرەی سەندو کار گەیشتە کوشتارو برایەکی وەلید کوژراو لەبەرەی کوێخا قادریش دوان کوژران. ئیتر ئەو دوو بنەماڵەیە لەیەکتر ترازان و بۆ هەتا هەتایە وەلیدو شەم لە یەک



دابڕان و چاویان بە یەکتری نەکەوتەوە. لە ئەنجاما وەلید لە تاو شەم بە چەشنی (قەیسی کوڕی مولەووەح) کە لە دووری لەیلای عامری بوو بە (مجنون لیلی) و کەوتە (سەحرای نجد) و (جبل التوباد) و (وادی دجیل)، ئەویش کەوتە کێوو بیابان و بوو بە (وەلی دێوانە).

وەلی دێوانە کە بە تەواوی ئومێد بڕ بوو لە شەم لە حەیاتا وەسێتی کرد کە ئەم دوو بەیتە لەسەر کێلی گۆڕەکەی هەڵکەنن:

بنیات نەڕووی تاق مەجمووع فەردم
بنویسان وە (شەست) دەست ئەو مردم
تا هەر کەس وینۆ مێڵ و مەزارم
بزانۆ کوشتەی ئەو (شەم) ڕوخسارم.

نەك هەر ئەوە، بەڵکو داواشی کرد لەسەرە مەرگدا بنێرن شەم بێت و بە دەنگە زوڵاڵەکەی یا سینی بخوێنێت. هەر لەوەسێتەکەیدا بە شەم ئەڵێ:

وەسیەتم ئیدە شای شەم ڕوخساران
بەی وە باڵینم چون بەینەت داران
بێ خەوف و ئەندێش جەکەس نەکەی شەرم
هورداره پەردەی حیجابت بە نەرم
نەپۆشی جەبین شەمس خاوەری
بەو وەزانوودا چون ئاسمان پەری

بنیشەوەبان باڵینم وەناز
بوانە سوورەی (یاسین) وە ئاواز.

وەلی دێوانە شیعری بە زاراوەی هەورامان وتووەو لەلایەن هەر یەکێك لەمانەوە گۆڕدراون بۆ سۆرانی: پیرەمێرد، مەحموود خاکی، عوسمان هەورامی، رازی.



## نموونەیەك لە شیعرەکانی

چراغم ئاوان چراغم ئاوان
سەر زەمین وەزەوق دین تۆ ئاوان
باڵات سەنگەر چەی نەو توول ساوان
ساوای گوڵستان (جنه الماوی)ن
گێسووت بە ڕەزای پەخش پای کاوان
زوڵفت ئەگریجەی باڵ (بەگ) ئاوان
یا چون چنووران نەسەر کڵاوان
چابوکی وازان نەدەور چاوان
دیدەت چون دیدەی ئاهووی بەر تاوان
گۆنات گوڵ غونچە جەنۆ شکاوان
لیمۆت گوڵ وە دەم هێمای نەیاوان
نمناکەن وە عەتر شەو بۆی شەتاوان
خاڵ نوختە سۆسەن پای خورە تاوان
من جەو خاڵە دەرد مەجنوون پێم یاوان
نەمام نەوخێز نازدار باوان
تۆ نی شای سۆسەن نەسەر سەراوان
هیچ کەس نزاکەت نازت نە تاوان

هەر یەك من نە بۆشای چەم سیاوان
من ویڵم پەی تۆ سوب تاخور ئاوان
کاوان کڵاوان گشت وە من ئاوان
جەوساوە وەنێش نیگای تۆ کاوان
شەوان حەرامەن جە دیدەم خاوان
شەو تا رۆچەنی بەخت ویم داوان
جام هانە سەر فەرق قوللەی کڵاوان
فدای دیدەت بام شای چەم سیاوان
ڕەحمێ کەر وەحاڵ بەندەی بێ تاوان..






**وەفایی**: (١٨٤٤ز-١٢٦٠ك) (١٨٩٩ز-١٣١٧ك)

میرزا عەبدولڕەحیمی کوڕی غەفووری کوڕی مەلا نەسروڵلایە.

زانای ئایینیو شاعیرە. لە سابڵاخ دەستی بە خوێندنی عولومی عەرەبیو ئایینی کردووەو، بە پێچەوانەی فەقێکانی تری ئەو دەورو زەمانە بۆ خوێندن ئەم شوێنو ئەو شوێنی نەکردووە، بەڵکو هەر لە سابڵاخ خوێندنی تەواو کردووەو، هەر لەوێش ئیجازەی عیلمی وەرگرتووەو، بووەتە ئیمامی مزگەوت. زۆر ڕقی لە سواڵ کردن بووەو، زەکاتو سەر فیترەی وەرنەگرتووە، چونکە بەچاوی سواڵ کردنەوە سەیری کردوونو، گوزەرانیشی بە دەرس وتنەوە بە قوتابیان بووە بە کرێ.

شیعرەکانی کە بە کوردیو فارسی وتووە غەزەلو عاتیفیو ئایینیو کۆمەڵایەتیو شینو لاواندنەوەو وەسفی گوڵو بەهارو سرووشتو پیاهەڵدانو گاڵتەبازین . زۆر گرینگی بە شیعرەکانی دراوەو لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە وە زۆر کەسیش بە دەستخەت نووسیویاننەوە. چەند جاریش چاپ کراونو، زۆریشیان لەناوچوونو، هەندێکیشیان شێوێندراون.

وەفایی موریدی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری بووە. ماوەی (١٤) ساڵیش هاونشینو نووسەری تایبەتی بووە.

لە سابلاخ – مەهاباد – لە دایکبووەو لەکاتی چوونە حەجیدا لە ئوحود مردووە، پیرەمێرد کە لەوێ لەگەڵیدا بووە وتوویە بە دەستی خۆم لەژێر لمی عەرەبستان ناشتم.



## نموونەیەک لە شیعرەکانی

لەبەر نازی چاوبازان خوردو خەوم خوێناوە
بەتیری تیراندازان چبکەم جەرگم بڕاوە
شێتو شەیدای صەحرایی، دەگریم هەر وەک وەفایی
چبکەم لە دڵەی سەودایی، پەرییان دەستیان لێداوە
لەسەر تاقی دوو ئەبرۆی مەیلی زوڵفان دەمکێشی
خۆ وەختە من کافر بم، چبکەم قیبلەم گۆڕاوە
عیشوەی ڕووی تۆ هەر خۆشبێ، موشکل گوشاو سەرخۆشبێ
بزووت بادی نەورۆزی، گرێی زوڵفت کراوە
ئەی ئاوێنەی دولبەری، زارت گوڵ زوڵفت زەڕی
با هەناسەم نەتگرێ، ڕووی خۆت بێنە بەملاوە
زوڵفت جێی بێ قەراران، ڕووت ڕۆژی شەو بێداران
ئەمان ئەی شای گوڵزاران، ڕوحمێک تا ڕووحم ماوە
بەس عومری من بەبادە، بەم شەوە ڕۆژ گیراوە
با شەو بڕوا سەحەر بێ، باغی گوڵان وەبەر بێ
گەر تۆ مەیلت لەسەر بێ، کافر ئیسلامی ناوە
دەستم لە تای زوڵفت دا بەم باڵایە نەمزانی
بۆچ دەمکوژی خۆ قوربان پردی قیامەت نەپساوە
لەبەر چاوت نەمزانی بێ باغەبان گوڵ چینم

مەست بووم هۆشم لێ نەبوو دەمم بۆ ڕووت هێناوە
هاتم بە بۆنەی خاڵت تووشی داوی زوڵفت بووم
طەیرێکی نابەڵەد بووم نەمزانی دانەو داوە
ئەمڕۆ صەبای موراداں کاسی کردم نەمزانی
نە عەطری نافەی چینە، نە بۆنی زولفی خاوە
لە سایەی چاوەکانی بوومە ڕەندی خەرابات
لەلای پیری مەیخانە خەرقەم لە گرۆی مەی ناوە
تو خودا دڵم مەشکێنە، با بزانم ڕووت وا بێنە
ڕووتە یا گوڵ هەنارە، لێوتە یا شەکری خاوە
وەقتێ ئارەق دەڕێژی بۆ کوشتنی (وەفایی)
بە گوڵی کوڵمی سوێند دەخۆم گەردەن شووشەی گوڵاوە
لە دەردی بێ دەرمانی کەوتوومە سەرگەردانی
بە جوابی (لن ترانی) چیکەم ڕووحم سووتاوە
قەیتانی دوو لێوانت بەندی جەرگی پساندم
کوفرت لەلام ظاهیرە، ڕوحمت لەلا نەماوە
سڵاوم کرد لە یارم بە دڵێکی غەمگینەوە
بە لەفظێکی زۆر شیرین جوابی سڵاوی داوە..





ماموستا هێمن

**هێمن**: (١٩٢١ز-١٤/شەعبان/ ١٣٤٠ك) (١٧/٤/١٩٨٦ز-١٤٠٧ك)

سەید محەمەد ئەمینی شێخ الاسلامی کوڕی سەید حەسەنی شێخ الاسلامە.

لە بنەماڵەی (مەلا جامی چۆڕی) یە. زاناو شاعیرو ڕۆشنبیرو نیشتیمان پەروەرو ئەدیبە.لە حوجرەی مزگەوتو قوتابخانەی میری خوێندوویەتی، بەڵام بەهۆی داب و نەریتی بنەماڵەو نالەباری زرووفەوە هیچیانی تەواو نەکردووە .مەلا ئەحمەدی (فەوزی) ی

زانا و شاعیرو نیشتیمان پەروەر ڕۆڵێکی باڵای گێڕاوە لە فێرکردنی و، هەر ئەویش خستوویەتیە سەر ئەوەی کە شیعرو ئەدەب و نیشتمانی خۆش بوێت و، چۆن بنووسێت و چۆن شیعر بڵێت لەوکاتەی کەلای خوێندوویەتی لە گوندی (کولیجە). لەسەر هەڵوێستی نیشتمان پەروەری زۆربەی تەمەنی بەئاوارەیی و نەهامەتی و دوورە وڵاتی و پێشمەرگەیی و بەکەژو کێوەوە بەسەر بردووە، منەتی بەسەر کەسدا نەکردووەو هەرگیز چاوەڕوانی پاداشیشی لە هیچ کەس نەکردووە، لەبەر ئەوەی بە ئەرکی سەرشانی زانیوەو خۆی ئەو ڕێبازەی هەڵبژاردووە وەکو خۆی ئەڵێ .

هێمن هاوڕێو هاوبیری پێشەوا (قازی محەمەد) بووەو، لەگەڵ هەژار موکریانیش وەکو ڕۆحێك بوون لە دووجەستەدا. لە کۆماری مەهاباددا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووەو، بە ڕوخانیشی زۆر نیگەران و دڵشکستەو تووشی نەهامەتی و ئاوارەیی زیاتر بووە. هەر چەند کرووزانەوە بە شیعرەکانیەوە ڕوونمایە، بەڵام ورەی بەرزبووەو، باوەڕی بەسەرکەوتن بەتین بووەو هەرگیز بێ ئومێد نەبووە.

شیعرەکانی وەصفی ئافرەتی کوردو بەهارو کوردستان و نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی و دژایەتی داگیرکەران و داوای یەکسانی بوونی پیاوو ژن و هاندانی ئافرەتە بۆ داواکردنی مافی ڕەوای خۆیان و فڕێدانی چار شێو ڕووبەندو، کارکردن و پێشخستنی



بەرهەمی ناوخۆیی و خوێندن. شیعرە سەرتاییەکانی زۆریان سووتاون.

لە گوندی (لاچین)ی نزیك مەهاباد لە دایکبووەو لە مەهاباد مردووەو لە گۆڕستانی بوداق سوڵتان نێژراوە..

## نموونەیەك لە شیعرەکانی

### یادگاری شیرن

چاوەکەم چاوی ڕەشی ئافەتی ژینی منە
گیانەکەم برژانگی تیژت نووکە ڕمبی دوژمنە
شیری دەستی شێری ئازایە برۆ ڕاکشاوەکەت
جەرگی لاوێکی هەژاری کوردی ورد پێ بنچنە
دیدەکەی بە خوماری تۆ تورکانە بەدەمەستی دەکا
بۆیە مەیلی هەر لە کێشەو فیتنەو خوێن ڕشتنە
بەژنەکەت سێدارەیە، کەزیەت تەنافە، زووبەدەی
بیخە ئەستۆی من کە کوردم، کورد بەشی خنکاندنە
زامی جەرگی من بە فەرموودەی گراوی سواری کورد
مەرهەمی هەم ژەنگی گوارەو ئارەقی بەرگەردنە
ئارەزوومە هەر نەبێ جارێکی ماچکەم زاری تۆ
ئارەزووی من چووکە ئەمما تا بفەرمووی شیرنە

دڵ بە دەنگی تۆپی گەورەی دوژمنیش ڕانەچڵەکی
دادە خورپێ ئەم دڵە ئەمما بە خرمەی بازنە
خەڵکی دنیا ڕازی دڵداری بە بێتەل پێك دەڵێن
ڕاسپاردەی لاو وکیژی کوردە ئێستاکەش شنە
ڕۆژی بەختی هەر لەژێر هەورێکی ڕەشدا لاوی کورد
تاکو ڕوخساری کچی شاری لەپێش چاوا ونە
نایەڵێ گۆشەی برۆکەت دەرکەوێ چار شێوەکەت
ئەی لە دەس ئەو چڵکە هەورەمانیعی مانگ دیتنە
چۆن دەبێ سەربەست گەلی ژێر دەست کە کچ دابەستەبێ
بەس نەبێ ئەو کۆیلەتی‌و ئەو کچ لەژوور دابەستنە
دەرکی داخستووە لەتۆ بابت کەچی دەرکی نیە
دەرکە داخستن لە تۆ دەرکی هومێد داخستنە
داڕزینە، مردنە، ئاخر هەتاکەی پێت بڵێن
نابێ بێتە دەر لەماڵ، مافی ژیانی کوا؟ ژنە
لادەچار شێوی ڕەشت، با دەرکەوێ کولمەی گەشت
چون لە قەڕنی بیستەما زۆر عەیبە ئەو ڕوو گرتنە
کیژی خەڵکی بۆمی ئاتۆمی دروست کردو ئەتۆش
هەر دەزانی ناوی ئەستێوڵك‌و دەرخۆنەو پنە
فێری زانست‌و هونەر بوو ئەو لە سایەی خوێندنی
تۆش تەشیمان بۆ دەرێسی، (یادگاری شیرنە)



ئەو بە ئاسمانا فڕی، دنیا گەڕا، چووە بن بەحر
دەك نەمێنم کاری ئێوەش هەر لە ژوور دانیشتنە
کوڕ بەزێنە ئەو لە عیلم‌و ئەو لەکارو صەنعەتی
گۆرەویشە صەنعەتی تۆ، پێت خەنی بووم بیچنە
ئەو پەچەو ڕوو بەندو چار شێوەی نەدیوە نەنکی تۆ
ئەو شڕو شاڵاتە دیاری دوژمنی دڵ چڵکنە
کیژی شێخ‌و کیژی حاجی‌و کیژی ئاغا ڕەنجەڕۆن
کیژی ئازادە ئەوی ژینی بە نووکی گاسنە
شەنگە بێری یارو دەسباری کوڕی کۆچەر نەبێ
چۆن دەگاتە جێ‌و هەوارگە ئەو هەموو بارگەو بنە
قەڵشی دەست‌و کوڵمی سووتاوی کچی لادێ نەبێ
چۆن دەگاتە دەستی دەسبڕ ئەو هەموو تا تووتنە
نیسك‌و نۆك‌و ماشی ناو عەمماری ئاغای مفتەخۆر
پاك لە سایەی دەسکە نەی (زین‌و مرۆت‌و سوێسنە)
شۆڕەژن بنکۆڵ نەکا بڕکەی بە قرچەی نیوەڕۆ
چۆن لە کاڵەك تێر دەبێ ئەو زگ زلە بێستان ڕنە
کوا مەتاعی کوردەواریمان دەچوو بۆ هەندەران
گەر بەسەربەستی نەژیبا ئەو کچە مازوو چنە
بێرو هاوێری لەگەڵ کاکی نەکردبا بنپشك
چۆن دەمانبوو ئەو هەموو گۆشت‌و پەنیرو بەرگنە

دەست و کەرکیتی کچی نازداری هەوشاری نەبا
چۆن دەڕازاوە بەقاڵی شارو بازاڕی سنە
با هەزار زێو گادەرو لاوینی ڕوونیشمان هەبێ
تاکو ژن ئازاد نەبێ سەرچاوەکەی ژین لێخنە
کۆیلەتی باوی نەماوە کیژی کوردی خۆشەویست
ڕاپەڕە، هەستە لەخەو، ئاخر چ وەختی خەوتنە
دەرکە بشکێنە، پەچە بدڕێنە، ڕاکە مەدرەسە
چاری دەردی کوردەواری خوێندنە، هەر خوێندنە
دایکی زانایە کوڕی ئازا دەنێرێتە خەبات
من گوتم تۆش تێبگە (ناگاتە دەریایە زنە)
گوارەکەی زێڕت بەکارنایە، لە گوێ بگرە قسەم
لایقی گوێی تۆ عەزیزم شیعری سادەی (هێمنە)..



**هەردی**: (١٩٢٢ز-١٣٤١ك) (٢٠٠٦ز-١٤٢٧ك)

ئەحمەدی کوڕی حەسەنی کوڕی عەزیزی کوڕی کەریمی کوڕی محەمەد بەگە.

مامۆستا و ڕۆشنبیرو ئەدیب و شاعیرە. قوتابخانەی سەرەتایی لە سلێمانی و (خانەی مامۆستایانی گوندایەتی) لە بەغدا تەواوکردووەو، لە ساڵی (١٩٤١) دامەزراوە بە مامۆستا، پێشا لە ناوچەی هەورامان، دوایش گوێزراوەتەوە بۆ سلێمانی لەبەر چالاکی لە ڕیزی کۆمۆنیستانی عێراق ساڵی (١٩٤٩) لە فەرمانەکەی لابراوەو، لە ساڵی (١٩٥٢) گەڕاوەتەوە سەر کارەکەی. لە ساڵی خوێندنی (١٩٧٣- ١٩٧٤) مامۆستای ڕەخنەی ئەدەبی

بووە لە کۆلیژی ئادابی سلێمانی، تاکو بەهاری (١٩٧٤) کە کۆلێژەکە داخرا، ئەو بە مامۆستایی سەرەتایی مایەوەو لە ساڵی (١٩٨١) خانەنشین کراوە. لە ژیانیدا دوای خانەنشینی زۆر ئەمشوێنو ئەو شوێنی کردووە. دەمێ لە ئێرانو ماوەیەک لە وڵاتانی ئەوروپا، لە دواییشدا لە لەندەن جێنشین بووەو لە ساڵی (٢٠٠٢) بۆ یەکجارەکی گەڕاوەتەوەو لە سلێمانی ژیاوەو تا کۆتایی تەمەنی بە خوێندنەوەو هامووشۆو پێشوازی کردنی ڕۆشنبیرانو نووسەرانو شاعیران ڕایبواردووە هەردی لە چاو زۆربەی شاعیرانەوە شیعری کەمە، بەڵام زۆر پاراوو ناسکو سۆزدارنو بە کوردی پەتی وتوونیو شارەزایی باشیشی هەبووە لە کێشی شیعری کوردیو لێکۆڵینەوەیەکی لەسەری نووسیوە ،ماوەیەک ئەندامی یەکێتی ئەدیبانی کوردو دەمێکیش سەرۆکی لقی سلێمانی بووە.

دوای دانانی چەند کۆپلەو پارچە هۆنراوەیەکی تەواو نەکراوی ،چەند ئەدیبێک لە توانای تەواوکردنیان، تەنانەت لە دانانی شیعری تریش دواونو هەندێکیانیش وایان لەقەڵەمداوە کە ئیتر توانای شیعر دانانی لە دەستداوە. بەڵام ئەو بۆ ڕەتکردنەوەی وتەکانیان پاش پتر لە (سی) ساڵ ئەو کۆپلەو پارچانەی تەواو کردووە . شیعری بە کوردی وتووە، یەک پارچەشی بە عەرەبی



وتووە . هەندێک لە شیعرەکانی لە گۆڤاری گەلاوێژو ڕۆژنامەی ژین بڵاوکردۆتەوە.

شیعرەکانی دڵداریو سەرزەنشتو بۆ کێلی گڵکۆی مردووانو هیترن.

بە زۆری شیعرەکانی هەردی جووت سەروا (مەسنەوی) ن. بڕێکی کەمیشی بە یەکێتی سەروا وتووە.

هەردی لێکۆڵینەوەیەکی درێژی کردووە دەربارەی کێشی شیعری کلاسیکی کوردی.

لە سلێمانی لە دایکبووەو لەوێش مردووە.

## نموونەیەک لە شیعرەکانی

### دڵێکی تێکشکاو

بە سەرسامی لەسەر لووتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم
شریتی عومری ڕابردووم وەکو خەو دێتە بەرچاوم
شریتی چی؟ سەراپا سەرگورشتەی نا ئومێدیمە
فلیمی پڕ لە ناسۆریو هەرەس هێنانی لاویمە
تروسکەی تیا بەدی ناکەم سەرنجم چەندە لێداوە
لە تاپۆی نامرادیمو تەمی ناسۆری بەولاوە
ئەوی ئەوسا کە ڕووناکیی ئەدا بەم ژینە شێواوە
دڵێکی پڕ لە ئاهەنگ بوو لە ئێستا پاکی ڕووخاوە

بەڵێ ئەوسا دڵێکم بوو کەسەرچاوەی ژیانم بوو
دڵێ مەڵبەندی ئاوات‌و تەوژم‌و تینی گیانم بوو
دڵێ گوڵزاری دڵداری‌و بەهەشتی خۆشەویستی بوو
وەکو بتخانە مەیدانی بتی جوانی پەرستی بوو
لەگەڵ هاوارو گریانی هەژارانا لەشینا بوو
لەگەڵ ناڵەی کەساسانا لە خورپەو راچەنینا بوو
لەژێر سایەی ئەوینێکا هەموو سیحرێکی پۆشیبوو
لە کونجێکی خەراباتا خەریکی بادە نۆشیبوو
دڵێبوو دارو دیواری هەموو مەستی نیگارێ بوو
هەموو سووچێکی دەسکردی بەڵێنی تاقە یارێ بوو
دڵێ خونچەی تەمای وابوو لە خۆشی ئەو دەمی واکا
کە تیشکی ئەو لە لێویدا گوڵا و پرژێنی دنیاکا
دڵی ئامادە بوو تاری هەزار ئاوازی لێ هەستێ
بە مەرجێ گوڵبەدەم جارێ بە مەبەستی لێیبدا دەستێ
تەلاری دڵ کە دیواری وەها مەستی ئەوینی بوو
لەباوەش گرتنی باڵای هەموو ئاواتی ژینی بوو
گوڵ‌و گوڵزاری دڵ وابوو خەیاڵی رۆژو هی شەویان
کەوا پرشنگی دوو چاوت بڕێژێ چاوی بێ خەویان
وەنەوشەو نێرگزو شەو بۆ هەموو سەرخۆشی تاسەی بوون
لەتەك سروەی بەیانیدا تەماداری هەناسەی بوون



هەناسەی ئەو کەبێ رایانژەنێت‌و ماچیکا ڕوویان
کەدایبێنێ لە جێی سروەی بەیانی زوڵف‌و گێسوویان
هەموو پێکێکی مەینۆشی بە یادی ئەو کە پڕمەی بوو
لە مەیخانەی دڵا کەیلی بزەی ئەو جووتە لێوەی بوو
هەموو پاڕانەوەی وا بوو بە شێوان‌و سبەینانێ
کە رۆژێ لێوی پڕ تاسەی لەسەر دوو لێوی ئەو دانێ
کەچی ئەو کۆشکی چەند ساڵەی دڵم بنچینەکەی دانا
بە تەنیا گەردەلولێکی نەهاتی چوو بە ئاسمانا
هەموو ئەو نیازو ئاواتەی لەناو ناخی دەروونا بوو
لە داخی بی بەڵێنی ئەو بەجارێ تەفرو توو نابوو
بەڵێ کاتێ بەخۆمزانی بەهاری پڕ ئەوین رۆیی
خەوو ئاواتی چەند ساڵەو بەڵێنی پێگەیین ڕۆیی
گەلێکم پشکنی دنیا لە دووی ئەو جووتە لێوەی ئەو
هەزار ئەفسووس، نە ئەو ڕۆژەم بەدی کردو نە شێوەی ئەو
نە پرشنگی لە خونچەیدا، نە پەنجەیدا لە تاری دڵ
نە بەژنی شۆخ‌و شەنگی بوو بە میوانی تەلاری دڵ
نە چاوانی گوڵی رشت‌و نە کلچێوکێکی پیا هێنا
نەپرچی نێرگزی مەست‌و وەنەوشەی شینی داهێنا
نەپێکی نایەسەر لێوو، نەبیستم ڕازی شیرینی
نە ماڵئاوایی لێکردم، نە ئیتر شێوەییم بینی

بەڵێ ئەو خونچەیەی چەند هەنگ پەشۆکا بوون لەبەر پێیدا
خەوی ڕۆژو شەوی وابوو گزنگی چاوی تۆ لێیدا
کە چاوی تۆی نەدی شێوا، لە داخا کوڵمی خوا کردی
گەڵاکانی وەکو عومری منی بێچارە بابردی
تەلی دڵ چەندە سەیری کرد کە پەنجەی تۆی نەدی چاوی
دەروونی بوو بە گۆڕیچەی هەموو ئاوازی تاساوی
تەلاری دڵ کە ڕۆشن بوو بەوەی تۆ بی بە میوانی
هەواری چۆڵو هۆڵی بوو بە گۆڕی گردی سەیوانی
گوڵی باخی دڵم چاوی بەدووی تۆدا ئەوەند گێڕا
هەتاکو چاوەکەی خۆشی لە دەوری چاوی تۆ گێڕا
وەنەوشەو دەستە خوشکانی لەبێ مەیلی هەناسەی تۆ
هەناسەی دەرنەچوو دەمیانو تاساشن لە تاسەی تۆ
وەیا ئەو پێکە ڕەنگینەی کە هەر نەیبیست لەتۆ دەنگێ
لەداخا بادەکەی ڕشتو سەری خۆی دایە بەر سەنگێ
لەپاشا گەردو تۆزقاڵی کە وەك کەرتی دڵی من بوو
یەکی ڕووی کردە سووچێكو لەتاریکی شەوا ونبوو
بەڵێ ئێستا ئەوی جێماوە بۆ من یادگارێکە
بەسەر هاتی دڵی وردو بەسەر چوونی بەهارێکە..





**هەژار** : ( ١٩٢٠ ز ، ١٣٣٩ ك ) ، ( ٢١ / ٢ / ١٩٩١ ، ١٤١٢ ك)

عەبدولڕەحمانی کوڕی مەلا محەمەدی شەرەفکەندییە کە پێشا حەمەبۆر ، دواییش حاجی مەلا حەمە بۆریان پێوتووە . شاعیر و ئەدیب و ڕۆشنبیر و نووسەر و نیشتیمان پەروەر و سیاسی بووە .لە ساڵی لە دایك بوونیدا لەشکری سمایل ئاغای شکاك ( سمکۆ ) ماڵەکەیانی تالان کردووە . تەنانەت لانك و دەسرازەکەی ئەویشیان بردووە . لە تەمەنی پێنج ساڵیدا لای باوکی دەستی بە خوێندن کردووە ،دوای باوکی لای مەلا ئەوڕەحمان ، ئینجا چووەتە حوجرەی مزگەوت بۆ خوێندنی ئایینی و عولوومی عەرەبی و بە مزگەوتی هەباساغا دەستی پێکردووە لای مەلا سەعیدە شێتە ، زەبیحیش هەر لەو مزگەوتە لەگەڵی خوێندوویەتی . لە دوای ئەوە چۆتە خانەقای شەرەفکەند و لەوێ لەگەڵ هێمنی شاعیر ئاشنایەتییان پەیدا کردووە و

ئیتر بوونەتە دوو هاوڵی گیانی بە گیانی و تامردن هەر دوست و خۆشەویستی یەکتربوون و زۆر یادگاری و سەرگوروشتەیان پێکەوە هەیە . لەوێوە چووەتە پەسوی و لای مەلا سەید محەمەد ناوێك خوێندوویەتی ، وەهەروەها لە شوێنی تریش درێژەی بە خوێندن داوە . هەژار لە ماوەی ژیانیدا زۆر دەربەدەری و نەهامەتی و دوورە ولاتی و ئازار و ئەشکەنجەی چێشتووە و لەگەڵ پێشەوا قازی محەمەد پەیوەندی توند و تۆڵیان هەبووە و لە حکومەتی کۆماری کوردستانیشدا حوزووری هەبووە و ڕۆڵیشی لێی گێڕاوە. هەژار خزمەتێکی زۆری سیاسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و مێژوویی بە نەتەوەی کورد گەیاندووە بە کوردی و فارسی و عەرەبی و ئاسارێکی زۆری پێشکەش کردووە ، ئەمانە هەندێکن لە بەرهەمە زۆر و زەبەندەکەی :

١ . چێشتی مجێور .
٢ . مەم و زین گۆڕینی بۆ زاراوەی موکوریانی .
٣ . هەژار بۆ کوردستان .
٤ . ئالەکۆك .
٥ . بەیتی سەرە مەڕ و لاسایی سەگ و مانگەشەو .
٦ . یەك لە پەنای خاڵ و سفری بێ بڕانەوە .
٧ . هۆزی لەبیرکراوی گاوان .
٨ . دیوانی مەلای جزیری بە شەرحەوە .
٩ . چوارینەکانی عومەر خەیام بە کوردی .



١٠ . تاریخی ئەردەڵان .
١١ .آثار البلاد و أخبار العباد بە عەرەبی .
١٢ . هەنبانە بۆرینە .
١٣ . گۆڕینی قورئانی پیرۆز بۆ کوردی ...... وە هیتر ....

ماوەیەك ئەندامی کۆڕی زانیاری کورد بووە ، کەس و کاری ویستوویانە ببێ بە مەلا و جێی باب و باپیرانی بگرێتەوە کە مەلا زادەن . بەڵام بە مردنی باوکی وازی لە خوێندن هێناوە و دەرفەتی مەلایەتی لە دەستداوە . لە سابلاغ لە دایك بووە و هەر لەوێش مردووە و لە گۆڕستانی بوداق سوڵتان نێژراوە بە تەنیشت هێمن و مەلا غەفووری حافزی مەهابادییەوە .

**نموونەیەك لە شیعرەکانی**

**چەند جوانە**

مانگ و ڕۆژ ، گەلاوێژی گەش
گڕی ئاگر بە شەوی ڕەش
بۆنی خۆش ، گوڵی ڕەنگاوڕەنگ
باریکی شیعر و خۆشی دەنگ
زەنگی سەر شەوێن ، فیکەی شوان
خشپەی وردە ماچ لە جێ ژوان
تیشکی مانگ لە ئاوی کانی
سروەی شنەبای بەیانی
لە دوور قاسپەی خاسە کەوێ

نازی بووکی هەوەڵ شەوێ
سپیایی سینە شینی خاڵ
سوورایی کوڵم و لێوی ئاڵ
زەردی گەردن و ڕەشی موو
تەنگی دەم و گوشادی ڕوو
سافی هەنیە ، ڕاستی کەپۆ
چاڵی چەن ، کەوانەی ئەبرۆ
مەستی چاوو قولاپەی برژانگ
سایەی پەرچەم لەسەر لا جانگ
خڕی مەم ، بڵندی بالاّ
گاڵەی تاقانە لە ماڵاّ
زەردی زەردەپەڕ لەسەر ئاو
پرووشەی باران لەبەر تاو
خورە و چاو ئەندازەی هەڵدێر
بازی ئاسك ، ئاوازی بلوێر
کەروێشکەی گەنم بەهاران
بەفری هاوین لە پەساران
دیمەنی کێو و نەخشی دەشت
هەر لێرەوە هەتا بەهەشت
هەرچی خۆشن هەرچی جوانن
کۆیلەی جوانی کوردستانن





**هیجری دەدە** : ( ١٨٧٧ ز ، ١٢٩٤ ك ) ، ( ١٩٥٢ ز ، ١٣٧٢ ك )

مەلا مەحموودی کوڕی مەلا عەلی کوڕی مام نەزەری کوڕی مام قەیسەری کوڕی مام محەمەدی کوڕی مام هەیاسی کوڕی مام هۆشیارە . لە عەشیرەتی کاکەییە . پلە و پایەی ئایینییان هەبووە لە ڕێبازی کاکەییدا . زانای ئایینی و شاعیر و نیشتیمان پەروەر و کەسایەتییەکی دیاری عەشیرەتی کاکەیی و ناوچەکە بووە . لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی مامۆستای قوتابخانەی ( سلتانییە ) بووە . ماوەیەکیش لە ڕۆژنامەی ( کەرکووك ) نووسەر بووە ، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم لەسەر کارەکەی لابراوە . هەندێك لە شیعرەکانی لە ڕۆژنامەکانی ئەو زەمانەدا بڵاو کردۆتەوە وەك ڕۆژنامەی ( ژیان ) و ڕۆژنامەی ( زاری کرمانجی ) .

جگە لە زمانی کوردیی زگماکی خۆی زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی بە باشی زانییوە و شیعری پێیان وتووە . بەداخەوە شیعرە کوردییەکانی چاپ نەکراون .شیعرەکانی بە زۆری ئایینی و نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی و دەربڕینی هزر و هەست و ئەوینە خاوێن و بێگەردەکەیەتی لە یەزدان پەرستی و خۆشەویستی ڕێبازەکەی سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجیدا . یادی خوا و خۆشەویستی هەمیشە لە ناو دڵ و دەروونیدا بە جۆش و خرۆش بووە و لە ناو دەریای هەقیقەتی سۆفیزمدا تواوەتەوە .

هیجری دەدە بۆ دەربڕینی داخی دڵی و چەرمەسەری و نەهامەتییەکانی هانای بردۆتە بەر بابا گوڕگوڕ و بە شان و باڵایا هەڵئەدات و تکای چارەسەر کردنی کێشەکانی لێئەکات کە لەم پارچە توورکییە ئەڵێ :

{ای اسکی امام اسکی اوجاق خان باباگورگور }
{ ای شهرمزه شعشعه افشان باباگورگور }
{ای قوطلو زیارتگهمز جان باباگورگور }
{وار مشکلمز ایله سن اسان بابا گورگور }
{ کرکوکده بزم بر بابامز بردەدەمز وار }
غیری می ایچر بز قوری سکران باباگورگور }

هیجری دەدە هیچ جیاوازی نەکردووە لە نێوان نەتەوە و ئایینەکان و هەمووی خۆشویستوون و خۆی بە هاوڕێی هەموویان



زانیوە و ڕێزی لە گشت عیبادەتخانەکان وەك یەك گرتووە ، ئەوەتە ئەڵی :

{ دیر مسجد سبحه و زناری تفریق ایلەمم }
{ بنجه هیچ بیگانه یوق هر مللتین یولداشیم }

لەگەڵ پیرەمێردی شاعیردا دۆست و خۆشەویستی یەکتر بوون و هاموشۆی یەکترییان کردووە ، کە پیرەمێرد مردووە هیجری دەدە لە چلەی ماتەمینی لە سەر گۆڕەکەی شیعری بە کوردی خوێندووە .

ئەم کتێبانە لە دانانی ئەون :« یادگاری هیجری » ، « تەرکیب بەند » ، « گوڵدەستەی خزعلیە » ، « رباعیات » ، « تحفە سلیمان » ، کە بە زمانی تورکی و فارسین .

لە کرکوك لە دایك بووە و هەر لەوێش مردووە ، لە گۆڕستانی ئیمام ئەحمەد نێژراوە .

## نموونەیەك لە شیعرەكانی

هیجری دەدە پارچەیەك شیعری بۆ ڕۆژنامەی ( ژیان ) و هەموو خەڵكی سلێمانی و بۆ ڕۆژنامەی ( زاری كرمانجی ) و خاوەنەكەی كە حوسێن حوزنی موكریانی بوو ناردووە و لە ڕۆژنامەی كەركووك لە ساڵی

(١٩٣٠ ) بڵاوكراوەیەوە ئەمە دەقەكەیەتی :

موهەییا جامی جەم مەی دانە ئەمشەو
لە مەیدانا چ سەرمەستانە ئەمشەو
قەدەح پڕ ، خۆشەویستی خۆم لە باوەش
لەگەڵ ساقی چ خۆش دەورانە ئەمشەو
تەواوە عوود و نەی ، بۆچ نای نایێ
پەیا پەی تێكە مەی دیوانە ئەمشەو
لە ژێری پێتە هەردوو چاوەكانم
لە پێشت ڕووحەكەم قوربانە ئەمشەو
خەتی تازە لە دەوری خەددی سادە
صەفایی لالەو و ڕەیحانە ئەمشەو
هوزاری گوڵ هەزار ئاواز ئەخوێنێ
دڵی ( زاری ) جیهان خەندانە ئەمشەو



لە ڕو بێخود لە دڵ هۆشیارە یاران
زەمانی مەجلیسی ( عیرفانە ) ئەمشەو
( قەتار ) و ( نیوەشەو ) ڕێی ناهیدی گرت
مەقامی موشتەری حەیرانە ئەمشەو
بخوێنە تاكە ( خورشیدی ) بەدەربێ
لە خۆشی لاوی ( لاوك ) خوانە ئەمشەو
ئەمە شین ، شاییە ، ئای ئای بەزمە
لە ڕەقصی ئەهلی سەما شادانە ئەمشەو
جوانە ، صافە ، ڕەونەقدارە شیعرم
بەڵێ ئەم مانگە زۆر تابانە ئەمشەو
بەدەنگی یار ڕاكە كاكە ( هیجری )
موغەننی دلبەری خۆمانە ئەمشەو

**سەرچاوەکان:**


١- دیوانی ئەخۆل، نوسینی خۆی، چاپخانەی (الادیب البغدادیە)، چاپی یەکەم ١٩٨٤.

٢- دیوانی ئەسیری، مستەفا عەسکەری، بەغدا، ١٩٨٧

٣- ئەسیری شاعیری نەتەوەخوازی کورد، د. ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، چاپخانەی ئارابخا، چاپی دووەم، کەرکووک، ٢٠٠٦

٤- ژ هەلبەستێن ئەحمەدی خانی، کۆمکردن‌و تویژاندن ئیسماعیل بادی، چاپخانا هاوار، دهۆك ١٩٩٦

٥- دیوانی ئەحمەد موختار جاف، د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چاپخانەی (الادیب البغدادیە)، بەغدا ١٩٨٦

٦- دیوانی ئەدەب، کۆکردنەوەی محەمەد حەمە باقی، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٥

٧- گۆڤاری ئۆتۆنۆمی، ژمارە (٥٧) ١٩٨٧

٨- دیوانی بێخود، کۆکردنەوەو ڕێکخستن‌و لەسەر نووسینی محەمەد مەلا عەبدولکەریم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، چاپی یەکەم، سنە ١٣٨٦.

٩- دیوانی بێکەس، ڕێکخستنی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی ئۆڤسێتی (حسام)، چاپی سێیەم، بەغدا ١٩٨٦

١٠- دیوانی بەبە (ئەوڕەحمان بەگی بابان) ئامادەکردنی مەحموود ئەحمەد محەمەد، بەغدا ١٩٨٩

١١- دیوانی بابا تاهیری هەمەدانی، ئامادەکردنی وەحید دەستگردی، چاپ‌و استشارات جاویدان.

١٢- بەرهەمی خەبات، بەشێك لە بەرهەمەکانی (ا- ب هەوری) بڵاوکراوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٢

١٣- دیوانی پیرەمێردی نەمر، ئامادەکردنی محەمەد ڕەسووڵ هاوار، چاپخانەی العانی، بەغدا ١٩٧٠





١٤- (التقویمان الهجری والمیلادی من سنه (٦٢٢) میلادیه الی سنه (٢٠٠٠) میلادیه (١) هجریه الی (١٤٢٠) هجریه تالیف فریمان جرنفیل، ترجمه حسام محیی الدین الالوسی، مطبعه الجمهوریه، بغداد ١٣٨٩هـ - ١٩٧٠ م.

١٥- دیوانی تاهیر بەگی جاف، محمد امین عصری، چاپخانەی تەرەقی، کەرکووك ١٩٥٧.

١٦- تێگەیشتنی ڕاستی، کەمال مەزهەر ئەحمەد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٧

١٧- دیوانی جزیری، تویژاندنا سادق بەهائەدین، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٧.

١٨- دیوانی حەمدی، لێکۆڵینەوەی جەمال محەمەد ئەمین، چاپخانەی ئۆڤسێتی سەرکەوتن، سلێمانی ١٩٨٤

١٩- دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی سەردار حەمید میران‌و کەریم مستەفا شارەزا، شارە کتێبی میدیا، سنە ٢٠٠٧

٢٠- دیوانی حەریق، ئامادەکردنی سەید نەجمەدین ئەنیس، مەهاباد، ١٣٦٨ هەتاوی

٢١- فەرهەنگی خەم، حەسیب قەرەداغی، بەرگی یەکەم و دووەم، دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوەی ئاراس ٢٠٠٢

٢٢- دیوانی خادیم، ئامادەکردنی جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، چاپخانەی (دار الحریە للطباعە) بەغدا بەرگی یەکەم، ١٩٨٠، بەرگی دووەم ١٩٨١.

٢٣- دیاری مەلا محەمەدی کۆیە، چاپخانەی هەولێر، چاپخانەی چوارەم ١٩٦٩.

٢٤- دەفتەری کوردەواری، بەرگی دووەم، مارت - نیسان، بەغدا ١٩٧٠.

٢٥- رشتەی مرواری، عەلائەدین سەجادی، بەرگی سێهەم، ٢٠١٠.

٢٦- دیوانی زێوەر، ئامادەکردنی مەحموود زێوەر،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٣.

٢٧- ديوانی سالم، كوردی - مەریوانی، چاپخانەی ئەیتام، چاپی یەكەم، بەغدا ١٩٣٣.
٢٨- ديوانی سافی، گیو موكریانی، چاپخانەی كوردستان، چاپی سێیەم، هەولێر ١٩٧٣.
٢٩- ديوانی سەید (سەی یاقۆ) كۆكردنەوەی محەمەد ئەمین كاردۆخی، چاپخانەی كامەران، سلێمانی ١٩٧١.
٣٠- ديوانی سەلام، ئامادەكردن و پێداچوونەوەی ئومێد كاكە ڕەش، پڕۆژەی هاوسەر، ژمارە ٤٢، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا ١٩٩٠، چاپی دووەم.
٣١- ديوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ئامادەكردنی شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا، بڵاوكراوەی ئاراس، چاپی یەكەم، هەولێر، ٢٠٠٣.
٣٢-شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ئامادەكردنی د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، چاپخانەی سەفوەت، سلێمانی ١٩٩٨.
٣٣- ديوانی شاهۆ، كۆكردنەوەو ڕێكخستنی محەمەد ئەمین كاردۆخی، چاپخانەی كامەرانی، بەرگی دووەم، چاپی یەكەم، سلێمانی ١٩٨٠.
٣٤- ديوانی صابری، كۆكردنەوەی شێخ عەبدولڕەحمان شێخ نەجمەدین صابری، چاپخانەی ئاسیا، چاپی دووەم، كەركووك ٢٠٠٨.
٣٥- ديوانی قانع، ئامادەكردنی بورهان قانع، سلێمانی ١٩٧٩.
٣٦- ديوانی قانع، كۆكردنەوەی بورهان قانع، چاپخانەی دالاهۆ، چاپی سوم، سنە ١٣٨٦.
٣٧- ديوانی كوردی، ئامادەكردنی گیو موكریانی، چاپخانەی كوردستان، هەولێر ٢٥٧٣ كوردی، ١٩٦١ زایینی.
٣٨- ديوانی كەمالی، ئامادەكردن و ساغكردنەوەی كەمال عەلی باپیر ئاغا، چاپخانەی (مطبعه دار الشؤون الثقافیه العامه)، بەغدا ١٩٨٦.
٣٩- ديوانی كانی، كۆكردنەوەی مووەففەق ئەكرەم كانی، چاپخانەی (الحوادث) بەغدا ١٩٨٠.



٤٠- كەشكۆڵی ئەدەبی كوردی، ئامادەكردنی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٢.
٤١- كامەران موكری، ئامادەكردنی عەبدوڵلا عەزیز خالید، هەولێر ١٩٨٨.
٤٢- گۆڤاری (بەیان)، ژمارە (١٣٠)ی تایبەت بە چلەی ماتەمینی شاعیر كامەران موكری، نیسان ١٩٨٧.
٤٣- ديوانی گۆران (سەرجەمی بەرهەمی گۆران)، كۆكردنەوەی محەمەدی مەلا كەریم، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق، بەرگی یەكەم، بەغدا ١٩٨٠
٤٤- ديوانی لوتفی، ئامادەكردنی عوبێد شێخ لەتیف بەرزنجی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چاپی یەكەم، هەولێر ٢٠٠٨.
٤٥- ديوانی مەحوی، لێكدانەوەو لێكۆڵینەوەی مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا كەریم، چاپخانەی ئۆفسێتی حسام، چاپی دووەم، بەغدا ١٩٨٤.
٤٦- ديوانی موفتی پێنجوێنی، ئامادەكردنی ئومێد ئاشنا و عەبدولكەریم موفتی، چاپخانەی (الشركه العراقیه للطباعه والنشر المحدوده) چاپی یەكەم، بەغدا ١٩٩٠.
٤٧- ديوانی شیعر، محەمەد صاڵح دیلان، ئامادەو لێكۆڵینەوەو پێشەكی و پەراوێز نووسینی عەبدوڵلا عەزیز خالید، چاپخانەی سۆمەر، بەغدا ١٩٨٧.
٤٨- مێژووی ئەدەبی كوردی، نووسینی عەلائەدین سەجادی، بەغدا ١٩٥٢.
٤٩- مێژووی ئەدەبی كوردی، نووسینی د. مارف خەزنەدار، هەولێر ٢٠٠٦.
٥٠- مێژووی زانایانی كورد، مەلا طاهیری مەلا عەبدوڵلای بەحركەیی، چاپخانەی ئاراس بەرگی یەكەم، چاپی یەكەم، هەولێر ٢٠١٠.
٥١- ديوانی مەولەوی، كۆكردنەوەی حەسەن گۆران محەمەد حیجازی، ٢٠٧٤ كوردی.
٥٢- ديوانی مەلای جەباری، ئامادەكردنی عەبدولجەبار محەمەد جەباری، چاپخانەی شارەوانی كەركووك، چاپی یەكەم ١٩٦٨.
٥٣- میرزا خەلیل منەوەر، سەرپەرشتیاری لەتیف فاتیح فەرەج، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، كەركووك ٢٠٠٨.

٥٤- دیوانی موخلیص (مەلا ڕەسووڵی دێلێژە) پرۆفیسۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، چاپخانەی سەفوەت، سلێمانی ١٩٩٨.
٥٥- نالەی دەروون، ئامادەکردنی شێخ محەمەدی خاڵ، چاپی یەکەم، بەغدا ١٩٨٤.
٥٦-دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، چاپی دووەم، بەغدا ١٩٧٦.
٥٧- دیوانی ناری، کۆکردنەوەی کاکەی فەلاح، سلێمانی ١٩٨٤.
٥٨- دیوانی ناری، کۆکردنەوەو لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی عوسمان عارف ناری زادە، چاپخانەی بابان، سلێمانی ٢٠١٠.
٥٩- دیوانی نوری شێخ ساڵح، ئامادەکردنی موصلیح جەلالی، بەغدا ١٩٧٩.
٦٠- دیوانی وەفایی، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٨.
٦١- دیوانی وەلی دێوانە، سۆرانی و هەورامی، وەرگێڕاوی ڕازی، انتشارات کوردستان، چاپی سێیەم، سنندج ١٣٨٥ هەتاوی.
٦٢- دیوانی هێمن (تاریک و ڕوون) گوڵبژێرێك لە شیعرەکانی هێمن بنکەی پێشەوا، ١٩٧٤.
٦٣- دیوانی هەردی، ڕازی تەنیایی، نوسینی (هەردی خۆی)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، چاپی دووەم، سلێمانی ١٩٨٤.
٦٤ - هەژار بۆ کوردستان - انتشارات هەژار نۆبەت چاپ شەشەم - سنە - ١٣٨٥ هەتاوی .
٦٥ - هیجری دەدەی کاکەیی - نووسینی هاشم عاصی کاکەیی - گۆڤاری بەیان ژمارە ( ١٧٨ ) - ١٩٩٦ بەغدا



سوپاس و پێزانین

بۆ هەموو ئەوانەی سەرچاوەیەکیان پێشکەشم کردووە و ئەوانەی دەستی یارمەتییان بۆ درێژکردووم، خوا وێنەیان زیاد بکات.

# پێڕست

| ناوی شاعیرەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| ١. ئەخۆڵ | ٦ |
| ٢. ا ب هەوری | ١٠ |
| ٣. ئەحمەدی خانی | ١٤ |
| ٤. ئەحمەد موختار جاف | ١٨ |
| ٥. ئەدەب (مصباح الديوان) | ٢٢ |
| ٦. ئەسیری | ٢٦ |
| ٧. بێکەس | ٣٠ |
| ٨. بەبە | ٣٦ |
| ٩. بێخود | ٤٠ |
| ١٠. باباتاهیری هەمەدانی | ٤٤ |
| ١١. بێسارانی | ٤٨ |
| ١٢. پیرەمێرد | ٥٢ |
| ١٣. تاهیربەگی جاف | ٥٦ |
| ١٤. جزیری | ٦٠ |



| | |
|---|---|
| ١٥. حەمدی | ٦٤ |
| ١٦. حاجی قادری کۆیی | ٦٨ |
| ١٧. حەریق | ٧٢ |
| ١٨. حەسیب قەرەداغی | ٧٦ |
| ١٩. حەمدوون | ٨٢ |
| ٢٠. خاکی | ٨٨ |
| ٢١. خادیم | ٩٢ |
| ٢٢. دڵدار | ٩٦ |
| ٢٣. دەبباغی | ١٠٢ |
| ٢٤. رەمزی مەلا مارف | ١٠٦ |
| ٢٥. زێوەر | ١١٠ |
| ٢٦. سافی | ١١٦ |
| ٢٧. سالم | ١٢٠ |
| ٢٨. سەی یاقۆ | ١٢٨ |
| ٢٩. سەلام | ١٣٢ |
| ٣٠. شوکری فەزلی | ١٣٨ |
| ٣١. شێخ رەزای تاڵەبانی | ١٤٢ |
| ٣٢. شاهۆ | ١٤٦ |

٣٣. صابری ........................ ١٥٠
٣٤. قانع ........................ ١٥٤
٣٥. کامەران موکری ........................ ١٦٠
٣٦. کانی ........................ ١٦٤
٣٧. کەیفی جوانرۆیی ........................ ١٦٨
٣٨. کوردی ........................ ١٧٤
٣٩. کەمالی ........................ ١٧٨
٤٠. گۆران ........................ ١٨٢
٤١. لوتفی ........................ ١٨٦
٤٢. مەلای گەورە ........................ ١٩٠
٤٣. مەحوی ........................ ١٩٦
٤٤. موفتی پێنجوێنی ........................ ٢٠٠
٤٥. محەمەد سالّح دیلان ........................ ٢٠٦
٤٦. مەولەوی ........................ ٢١٢
٤٧. مەلای جەباری ........................ ٢١٦
٤٨. میرزا خەلیل منەوەر ........................ ٢٢٠
٤٩. موخلیص ( مەلا رەسووڵ ) ........................ ٢٢٤



٥٠. موخلیص ( مەلا خەلیل ) ........................ ٢٢٨
٥١. مەجدی ........................ ٢٣٤
٥٢. نالی ........................ ٢٣٨
٥٣. ناری ........................ ٢٤٦
٥٤. نووری شێخ سالّح ........................ ٢٥٢
٥٥. وەلی دێوانە ........................ ٢٥٦
٥٦. وەفایی ........................ ٢٦٢
٥٧. هێمن ........................ ٢٦٦
٥٨. هەردی ........................ ٢٧٢
٥٩. هەژار ........................ ٢٧٨
٦٠. هیجری دەدە ........................ ٢٨٢